# سەرکردایەتی

# لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا

(2514)

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

محمد فاتح

٢٠١٠

## - ناسنامەی کتێب -

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: سەرکردایەتی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا

نووسینی: محمد فاتح

پیت چنین و نەخشەسازی : زانا ئەحمەد

چاپ : چاپخانەی ( پاک )

تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە

# ناواخن

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


پێشەکی .......................................................... ٥

**بەشی یەکەم/ توێژینەوە دەربارەی سەرکردایەتی** ........................ ٩

پێناسەیەك بۆ سەرکردە .................................................. ١١

سەرکردەو جەماوەر ....................................................... ١٦

خەسلەت و لێهاتووییەکانی سەرکردە ..................................... ٢٢

تیۆر دەربارەی سەرکردایەتی .............................................. ٢٦

ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەرکردە ........................................ ٣٧

شێوازەکانی کارکردنی سەرکردە .......................................... ٤٣

کێشەو کۆسپەکانی سەرکردایەتی .......................................... ٤٩

پەیوەندی سەرکردە بە : دەسەڵات – دیموکراسیەت ......................... ٥٤

پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی سیاسی و سەرکردایەتی سەربازی ............ ٥٩

پەیوەندی نێوان کارگێری و سەرکردایەتی .................................. ٦٣

**بەشی دووەم / دەستەیەك سەرکردە** .................................. ٦٩

- جەنگیز خان .......................................................... ٧١
- ناپلیون بونابرت ..................................................... ٧٥
- لینین ................................................................ ٨٢
- غاندی ................................................................ ٨٦
- هتلر ................................................................. ٩٠
- ماوتسی تونگ ......................................................... ٩٧
- قازی محمد ........................................................... ١٠٣
- جمال عبدالناصر ...................................................... ١٠٩
- یاسر عرفات .......................................................... ١١٦
- نیلسون ماندیلا ....................................................... ١٢١
- سەرچاوەکان .......................................................... ١٢٧

# پێشەکی

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لەهەموو سەردەمە جیاوازەکان لەگشت بوارەکانی ژیانی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سەربازی لەماوەی هەموو دۆخەکان ئاشتی بێت یان جەنگ سەرکردەو سەرکردایەتی رۆڵ و پێگەی بایەخداریان هەبووە لەناو کۆمەڵگە.

زانای فەرەنساوی بەناوبانگ (جان جاك رۆسۆ) لە کتێبەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەڵێت: (بوونی سەرکردەکان دیاردەیەکی جیانە بووەوەی هەموو شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کەوابێ زانست هیچ کات بەدووای ئەوە نەبووە کەبزانێ ئەم دیاردەیە باشە یان خراپ، بەڵام بەپێچەوانەوە هۆگرییەکی توند لەبواری زانستیەوە بۆ جێگرتنی ئەو بابەتە هەیە) (١)

چەمکی سەرکردەو سەرکردایەتی وەك هەربابەتێکی تری زانستی کۆمەڵایەتی لەگۆڕاندایە، فاکتەرەکانی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی ژیان لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەروەها جێگیر بوونی سیستمە سیاسیە دیموکراسیەکان و راپەرین و شۆرشەکانی گەلان و گەشە پێدانی ململانێی فرەیی سیاسی، بۆیە هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەزۆربەی وولاتان لێکدانەوەو پێناسەکردنی زاراوەی سەرکردە گۆرانی تەواوی بەسەردا هاتووە.

سەرکردایەتی لەسەر کۆمەڵە بنەمایەك دروست دەبێت کەهەردوو فاکتەری (خودی و بابەتی) رۆڵیان لەپێکهێنانی دەبێت، هەر چەندە جیاوازی بەدی دەکرێت لەئاست بنەماکانی رازی بوون بەسەرکردە، سەرکردایەتی لەناوەرۆکدا بوونی توانایە لەخولقاندنی: رامان ئیلهام، تەوژم لای کۆمەڵەکەسانێك، پلان و شیکردنەوە دەربارەی سەرکردایەتی لەراستیدا نابێتە هۆی رابەرایەتی کردن، بەلکو ئەم سێ لایەنە سەرکردایەتی دەخولقێنێ و سەرکردەی کارا لەهەموو کارەکانی جەخت لەسەر بوونیان دەکات.

چەمکی سەرکردایەتی بەزۆری دیاری دەکرێت لەناو ئەو بوارانەی تیادا بەکار دەهێنرێت و ئەو چوار چێوە تیۆرییەی پشتی پێ دەبەستێت، بۆیە پسپۆران لەکاتی هەوڵدانیان بۆ دیاریکردنی چەمکی سەرکردایەتی جیاوازیان تیادا بەدەردەکەوێت.

سەرکردایەتی جۆرێکە لەرەفتار، ئامانجی رێکخستنی کۆمەڵ دەبێت جیاوازیش لەشێوەی ئەو رەفتارانە بەدی دەکرێت، هەندێ لەسەرکردەکان شێوازی فایل کردن و هەندێکی تر تێگەیشتن و هەندێکیان ئامانجەکان بەکاردەهێنن وەك ئامراز. (۲)

ئەگەر سەرکردە بەناو بانگەکانی جیهانی وەربگرین وەك (رۆزفلت – شرشل – غاندی – ماوتسی تۆنگ – ستالین) کە هەریەکە لەسیستمێکی جیاواز کاریان کردووە بۆمان دەردەکەوێت تاچەند جیاوازی لەدەسەڵات و رەفتاریان بەدی دەکرێت، ئەم لایەنە ئەو راستیە ئاشکرا دەکات، کەسیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتی نیشانەکانی کەسێتی دەخولقێنێت و گەشەی پێدەدات بەپێی تایبەتمەندی خۆیان. (۳)

سێ هەزار ساڵ بەر لەئێستا فەیلەسوفی یونانی (هیرودۆت) لەکتێبەکەی دەربارەی مێژووی (جەنگەکانی یونان و فارس) وتویەتی : ("کاری پیاوە ئازاکان تەپ و تۆزی رۆژگار دای ناپۆشی" هەر لەو سەردەمەوە تا ئەمرۆ هەموو کەس لەنهێنیەکانی ئەو کەسانە دەگەڕێن، شێوەکانی ژیان، چەکەکانی سوپا. هەمووی گۆڕا، بەڵام سەرکردایەتی هەرماوە ) (٤)

هەولێر

نیسانی ٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## توێژینەوە دەربارەی سەرکردایەتی

هەواڵنامەی کتێب

- 1 -

# پێناسەیەک بۆ سەرکردە

پێناسەکردنی سەرکردە بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە پێنج بوار: (٥)

١- بواری کۆمەڵایەتی .

٢- بواری کارگێڕی

٣- بواری پەروەردەیی.

٤- بواری دەروونی.

٥- زیاتر لەبوارێك (تێکەڵ)

بۆیە پێناسەکان بۆ زاراوەی سەرکردەو سەرکردایەتی لەو بابەتانەن کە جیاوازیان تیادا ئاشکرایە، لێرەدا وەك نموونەو لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

١- لەرووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە بەم شێوەیە سەرکردایەتی پێناسەکراوە (چەمکی سەرکردایەتی کاریگەرییەتی نێوان مرۆڤەکانە) (٦).

٢- سەرکردە، سەری ئۆرگانەکەیە سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵدابە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکان. (٧)

٣- ئەو کەسەی رابەرایەتی کۆمەڵێك بکات و کار لەرەفتاریان دەکات هەروەها کارەکانیان ئاراستە دەکات. (٨)

٤- توانای زاڵ بوونی هەبێت بەسەر ئەو رووداوانەی بەرەو رووی دەبنەوە. (٩)

٥- سەرکردایەتی رۆڵێکی کۆمەڵایەتی سەرەکیە، تاکێك پێی هەڵەستێت لەکاتی کار لەیەککردنی لەگەڵ کەسانی ناو کۆمەڵگەکەی. (١٠)

٦- سەرکردایەتی هونەرو زانستە. (١١)

٧- پێناسەیەکی گشتی بۆ سەرکردایەتی. (١٢)

سەرکردایەتی بریتیە لەبزواندنی کۆمەڵە کەسانێك بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراوو نەخشەکێشراو، بەمەبەستی هاندانیان بۆ کارکردن بە رەزامەندنی خۆیان، سەرکردایەتی سەرکەوتوو خەڵکی دەجولێنێت بەو ئاراستەیەی کەبەرژەوەندییەکان لەماوەی دوردا جێ بەجێ بکات.

سەرکردایەتی رۆڵ و کردارە ئامانجی کارکردنە لەوانی تر، کەسی سەرکردە پێگەیەکی دیاریکراوی هەیە لەناو کۆمەڵ و چاوەڕوانی ئەنجامدانی کارەکەی لێدەکرێت بەشێوازێکی گونجاو لەگەڵ ئەو چین و توێژە.

**تێگەیشتن لەدیاردەی سەرکردایەتی دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایانە بێت:**

١- سەرکردایەتی هێزە، هەڵدەقوڵێت لەنێوان سەرکردەو تاکەکان بەڕێگایەکی شاراوە و دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی وزەی تاکەکان بەشێوازێکی رێك و پێك و گونجاو.

٢- سەرکردایەتی وزەیەکی کار لە یەککردووە لەگەڵ دەوروبەرو ئەو ژینگەیەی کاری تیادا دەکات، سەرکردایەتی لەبۆشایی ناجولێتەوە بەڵکو بەپێی ئەو دەرهاوێشتانەی کەهەیە.

٣- سەرکردایەتی بەردەوام هێزێکی کارایەو ناوەستێت رەنگە ئاستی چالاکی و چری و بواری بەرزو نزمی بەخۆیەوە دەبینێت، بەلام دانامرکێتەوە.

٤- سەرکردایەتی بەکار هێنانی بنەماو ئامرازو شێوازەکانە لەپێناو ئامانجە ئاشکراکان بەشێوەیەکی دیاریکراو رێك و پێك.

لەم بوارەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ چەند دیاردەیەکی سەرکردایەتی بکەین، کەلەرۆژگاری مێژوود وێنەیان بەرچاو دەکەوێت، وەك:

### أ) کەسایەتی کاریزمی :

چەمکی کاریزما، بریتیە لەچۆنایەتی کەسێك چەکدار بێت بەهێزێکی بەدەر لەسروشت یان مرۆڤایەتی، رەنگە لەناو هەندێك رێکخراوی سیاسی کەسایەتی کاریزما پەیدا بێت کە ئاراستەکردن و مافی لێکدانەوە پاوان بکات و نەریتێك وەربگرێت، هەروەها وا لەسیاسەتمەدارانی ئەو رێکخراوە بکات کە لەدەوری کۆببنەوە پەرۆش بن بۆ ملکەچی و خۆنزیك کردنەوەلێی.

### ئەو بنەمایانەی دەسەلاتی کاریزما پشتی پێ دەبەستێ (١٣)

١- خەلکی ملکەچی دەسەلاتی کاریزمای دەبن بە هۆی باوەڕی رەهایان بەسەرکردەو خۆشەویستیان بە کەسایەتیەکەی.

٢- ئەو دەسەلاتە، دەسەلاتی پالەوان و پێغەمبەرو داهێنەرو مەزنەکانە، بۆیە ملکەچی بۆیان بەئەرکێکی پیرۆز دادەنرێ.

٣- خسلەتەکانی سەرکردەی کاریزما لەلایەن خەلکەوە (خەلاتێکی خواوەندییە) بۆیە ئەم دەسەلاتە بەقانەعەتەوە وەردەگرن بێ هیچ یاساو رێسایەك.

٤- لەبەر ئەوەی خەلاتەکە خواوەندیە بۆیە دەسەلاتەکانی سەرکردە زالە بەسەر لایەنگران، کاتێ ئەو دەسەلاتە لەقۆناغێکدا بەرەو رووی

نــشوستی دەبێتــەوە، ئــەوە هــیچ کاریگــەری نــابێ چــونکە بەتاقیکردنەوەی خوداوەند دادەنرێت.

٥- لایەنگرانی سەرکردەی کاریزما، بەو جۆرە تەماشای خۆیان ناکەن کەتــەنها لایــەنگرانن، بــەلکو وەك شــاگردێك جێگــای شــانازییە کەوتونەتە دوای سەرکردیەکی لێهاتوو.

٦- لەبەر ئەوەی دەسەلاتی کاریزما کارتێکردنی بەسەر دەستەی بژاردەی ناو کۆمەلگە دەبێ هەروەها بەسەر خەلکەساکارەکە، لەبەر ئەوەش دەستەی بژاردە ملکەچی دەسەلاتە، ئەوا ئەوانی تر لەخەلکی ساکار پابەندیان بۆ ئەم دەسەلاتە زیاتر لادەچەسپێت.

٧- دەســەلاتی کاریزما، رەنگــە دەســەلاتی شــکۆی پاشــایەتی بێــت، یــان پێغەمبەرو ئایین، یاخود دەسەلاتی پالەوانێکی سەربازی لێهاتوو.

٨- هیچ سستمێکی کارگێری سنوردار نیە، هەر بابەتێك لەکاتی خۆیدا چارەسەری بۆ دادەنرێت.

٩- سیــستمی دیــاریکراوی بــۆ دەســەلات نیــە، بنــەمای دەســەلاتەکە کەسایەتی سەرکردەیە.

١٠- دەســەلاتی کاریزمــا بەتــەواوی پێــچەوانەی دەســەلاتی بیروکراســی و دەسەلاتی ئەقلانیەتە.

## ب- دەسەلاتی کەمایەتی هەلبژێردراو:

کەمایــەتی پوخــت کــە لەبنــچینەدا چــینی سیاســی دەســەلاتدارن، ئەمانــە پێکهاتوون لەو کەسانەی توانای کارتێکردنیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر برشیارەکان هەبێ، ئەم کەمایەتیــە لەرووی تیۆرییــەوە بــەناوی جــەماوەر کار

دەكەن، بەڵام بەكردەوە دەسەڵاتی خۆیان بەكار دەهێنن لەچالاكی و كاروباری ڕێكخراوە جەماوەریەكان بەتایبەتی حزبەكان.

**ج- دیاردەی تاك پەرستی :**

ئەم دیاردەیە تووشی هەندێ حزب و حكومەتەكان دەبێت، بەكورتی بریتیە لە مەزن كردنی ڕۆڵی مرۆڤێك و ناسینی هەڵس و كەوتەكانی بەوەی لەئاستی سروشت بەدەرە، وەك كەسایەتیەكی كاریگەر بەسەر ڕووداوەكانی مێژوو تەماشا دەكرێت.

**د- مرۆڤی باڵا (كامل) :**

ئەم زاراوەیە لەلێكدانەوەی ئەم دوو وشەیە وەرگیراوە:

وشەی (Competent) كەبەواتای لێهاتوو دێت، هەروەها وشەی (Capacity) كەبەواتای ژیری دێت، مرۆڤ بەو ئاكارانە توانای سەركردایەتیكردنی ڕێكخراوێك یان دامەزراوەیەكی هەیە كە پێی دەسپێردرێت، بەڵام هەمیشە مەترسی ئەوەش هەیە لەو كەسەی توانایەكی زۆری هەیە ئەگەر كارێك لەئاستی تواناكانی كەمتر بگرێتە دەستی ئەوا سەركەوتوو نابێت.

- 2 -

# سەرکردەو جەماوەر

لەخەسڵەتە هەرە گرینگەکانی سەرکردە، بوونی تواناکانیەتی لەپەیوەندیکردن بەلایەنگران و پێرەوکارانی بەمەبەستی وروژاندن و هاندانیان..

سەرکردەکاراکان تارادەیەکی گەورە پشت بەئەزموون دەبەستن لەم بوارەدا، سەرەڕای تێڕامان بەڵام زۆر کەم دەگەنە توانا سەرکردایەتیەکان لەماوەی تیۆرەوە.

سەرکردەی باش پەیوەندییەکانی بەڕێوە دەبات لەماوەی زانینی کە کەی نزیك دەبێتەوە بۆ خوڵقاندنی سۆزو دروستکردنی پەیوەندییەکانی ملکەچی و پشتگیری، هەروەها کەی دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵان بەئامانج ببەستێتەوەو چارەسەری لایەنە لاوازەکان بکات و گەشە بەپەیوەندییەکان بدات.

**پەیوەندی سەرکردە بەکۆمەڵ:**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەکۆمەڵە پەیوەستیەکی ئاڵ و گۆڕ لەنێوان تاك و گروپەکانی کۆمەڵ، سەرهەڵدەدات لەبەیەك گەیشتنی

هەنـــدێکیان و کـــارلێکردنی نێوانیـــان، لـــەو پەیوەســـتیانە خزمایـــەتی و پەیوەستیەکانی نێوان کۆمەڵەو دامەزراوەو پارتەکان.(١٤)

**ئەم پەیوەستیە کۆمەڵایەتیانە سێ مەرجی بنەڕەتی پێویستە:**

١- بوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەو تاکانەی پەیوەندییەکان پێکدێنن پێی هەڵدەستن.

٢- بـــوونی کۆمەڵـــە هێمایـــەکی ڕەفتـــاری و زمانـــەوانی کـــە ئەنـــدامانی ئـــەو پەیوەندییانە بەکاری دەهێنن.

٣- بوونی ئامانج لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە.

لـــەو ســـێ مەرجـــەی ســـەرەوە ســـێ لایـــەنی هاوکێـــشەی ســـەرکردایەتی بەدەردەکەوێت ئەوانیش بریتین لە: سەرکردە، جەماوەر، هەڵوێست و ڕەفتار.

جـــەماوەر بـــەپێی بـــیروڕای تێکـــڕای توێژینـــەوەو نووســـینەکان، بریتیـــە لەکۆمـــەڵێك کەمامەڵـــە کردنەکـــەی (پەیوەندییـــەکانی) لەگـــەڵ دیـــاردەو ڕووداوەکـان زیـاتر شـێوازێکی ڕووکەشـی پێـوە دیـار دەبێـت دوور لـەئاڵۆزی و ژیری و هۆشیاری.

جەماوەر هەست و خوورەوشتەکانی بەستراوی نەتـەوەن بـەجۆرێ لـە لاسایی کردنەوەی ئـەو دورشمـەو تونـدو تیـژە هەڵچوانە کەساکارو ڕوونـنین و هـەتا ئامـادەی خۆبـەخت کـردنن بـۆ ئـەو بـیرو بـاوەڕەی کەلـەناوەرۆکی بـاش تێـی نەگەیشتوون، بەڵکو تەنها بەهاندانی ئەو دروشمـە دیارانـەی پـڕن لەهەسـت و سۆز بۆ ناساندنی بیرو باوەڕێك کە لەژێر هەر ناوێکەوە بێت.

## هاندەرە دەروونیەکانی جەماوەر لەدیاریکردنی سەرکردە:

١- بێ دەسەڵاتی لەرووبەروو بوونەوەی ئەو مەترسیانەی دەوری داون. (١٥)

٢- بێ دەسەڵاتی لەجێ بەجێکردنی ئامانجەکان و پارێزگاری کردنی خود.

٣- هەست بەکەمی لەئاست کەسی سەرکردە.

٤- هەوڵی رێکخستنی ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵ. (١٦)

٥- بەرجەستەکردنی یەکگرتوویی ئەندامانی کۆمەڵ.

لێرەدا دوو لایەنی سەرەکی کەسەرکردەو جەماوەرە بەدی دەکرێت، وەك دوو رەگەزی سەرەکی ئەم پەیوەندییە، بێ گومان پێویستە هاوسەنگیەك لەرۆڵ و پەیوەندییان بەدی بێت.

ئەگەر یەك لە رەگەزەکان پێگەو رۆڵی خۆی بەتەواوی نەبینێت و هەڵوێستی نێگەتیڤانە بێت ئەوا کارتێکردنی بەسەر تێکڕای چالاکی و پەیوەندییەکان دەبێت.

جەماوەر بەلای خۆیەوە پێویستی بەسەرکردە هەیە کە یارمەتی بدات لەکاتی کێشەو قەیرانەکانی و هەوڵی رێکوپێك کردنی ئارەزووەکانی بدات، ئاراستەو چاودێری و رابەرایەتی رێکخراوو ئۆرگانەکانی بکات بەتایبەتی ئەوی مۆرکی کاری بەکۆمەڵی پێوەدیارە بەرەو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەگەڵ ویست و پاڵنەری تاکەکان.

جەماوەر پێویستی بەسەرکردەیەکە ببێتە جێگای باوەڕومتمانەی و دڵنیا بێت لەچارەنووس و دوواڕۆژی، نموونەی بەرزی رەوشت و بەهاکانی بێت لەکاتی مەترسی و روو بەروو بوونەوەکان، ئیلهامی سەرکەوتنی بێت ورەبەرزی و هاندانی پێ ببەخشێت.

دیاره سەرکردەش پێویستی بەجەماوەرە هاوکاری بکات و بەشداری بیرکردنەوەو هەنگاوەکانی بێت، ئاگاداری بکاتەوە لەکەم و کورتی و رەخنەکانیان، یارمەتی بدات لەجێ بەجێکردنی پلان و بڕیارەکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت بیرو بۆ چوونەکانی بگەیێنێتە کۆمەڵ و لێی تێبگەن، هانی بدەن لەدەست پێشکەری و پابەندی ڕێنماییەکانی بن.

سەرکردە پێویستە بەردەوام بێت لەپەیوەندی کردنی بەجەماوەرو لە بیروبۆچوونەکانی وریا بێت، وەفاداری خۆی بسەلمێنێ و لایەنی کەم ئەگەر بەڕوواڵەتیش بێت وانیشانبدات کە هەرچی جەماوەر پێی خۆشە بەڕێوەی دەبات، چونکە مانەوەی لەو پلەو پایەدا بەستراوە بەویستی جەماوەر، چونکە جەماوەر چاودێرە بەسەریەوە.

ئەگەر سەرکردەکان بەرامبەر ویستی جەماوەردا لەپاشەکشەدابن ئەوا پێویستە رازی بن، بەئاڵ و گۆڕدنی دەسەڵات لەگەڵ سەرکردە نوێیەکان.

پەیوەندی نێوان سەرکردەو جەماوەر لەدۆخێکی زالبوون و (١٧) ملکەچیدا دەبێت، سەر هەڵدانی ئەم شێوە پەیوەندییەو ئەو فاکتەرانەی بەشداری دەکەن لەزەق بوونەوەو زیاتر ئاشکرا کردنیان، بەتایبەتی و بەزۆر لەکۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم بۆ باری ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە کە لەبارێکی دوواکەو تووانە دەژێت لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، سەرکردە چی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەئاست تاک و کۆمەڵ؟ (١٨)

## سەرکردە پێویستە بیرکردنەوەی لەسەر سێ ئاستی شیکردنەوە بێت:

١- دەربارەی ئەو کەسانەی کارتێکردنی گەورەیان لەسەر شێوەی کارەکانی سەرکردە هەیە.

٢- ئەو گروپ و تیمە گرینگانەی کە پێویست بەتێکەڵبوونیان دەکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاروبارەکان.

٣- شێوازی کاری دامەزراوەیی و ئەو چوارچێوانەی پێویستە لەناو یاندا کاربکات.

تێگەیشتن لەکەسەگرینگەگانی ناو دامەزراوەکان مەرجێکی پێشەکیە بۆ سەرکەوتن، هاندەرو بەهاو کارامەیی و سۆزی ئەو کەسانە بنەمای گرنیگن لەو شێوازەکارکردنە، سەرکردایەتی بەردەوام تێکەڵاوییەکە لەنێوان سەرکردەو لایەنگرانی، رەفتاری کۆمەڵان پەیوەستیەکی توندی هەیە بەو کەسانەی پێگەی سەرکردایەتی دەخوازن.

## کەسایەتی سەرکردەو بوارەکانی کارتێکردنی لەلایەنگرانی : (١٩)

یەك لە تەوەرە سەرەکیەکان لەتێگەیشتن و زانینی دەیارەدەی سەرکردایەتی، هەروەها دەرکەوتنی سەرکردەی سەرکەوتوو لەلایەنی کارتێکردن و دەسەڵاتداریەتیە، سەرکردە بەسەرکەوتوو دەژمێردرێت کاتێ زانیاری بەدەست کەوت لەبارەی بەکارهێنانی دەسەڵات و کارتێکردن بەسەر جەماوەر.

ئەم شێوازانەی خوارەوە بەشێکن لەو بوارە : :

١- کارپێکردن بەشێوازەکانی پاداشت و سزا.

٢- دیاریکردنی ئامانجەکان، بەشێوەیەکی بابەتیانە کە توانای جێ بەجێکردنی هەبێت و هەموو لایەك رەزامەندییان لەسەری هەبێت.

٣- بەشداری پێکردنی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان بەکێشە.

٤- ئامادە کردنی بارودۆخی لەبار بۆ کارکردن. (٢٠)

٥- وتارو ئاخاوتنەکان : ناوەرۆکەکەی، شێوازەکەی، دورشم و ئامانجەکان، سوود وەرگرتن لەرووداوەکان.

٦- روخسارو جل و بەرگ و ناوبانگ.

٧- لایەنە لە بارو پۆزەتیڤەکانی لەپەیوەندی و رەفتار.

٨- ئاستی هزری و بیرورا و ئەقلانیەتی لەرازی کردن.

هەواڵنامەی کتێب

- 3 -

# خەسڵەت و لێهاتووییەکانی سەرکردە

خەسڵەت و ئاکارەکانی تاك لەهەر کۆمەلگەیەك، کۆمەڵە فاکتەرێك کاریگەریان دەبێت بەسەر دیاریکردن و پەیدابوونیان وەك: رەچەڵەك، ژینگە، خواردن، فێربوون.

سەرچاوەی بنچینەیی بۆ هزرە بزوێنەرو هاندەرەکانی جەماوەر بەگشتی، کردارێکە لەسەر دووبارە بوونەوەو بنیاتنانەوەی شتەکان کە هەڵدەسێت لە قوڵایی مێشك و دەروونی مرۆڤدا چەسپاوە و لەدۆخەکانی ململانێ و مەترسیدا مرۆڤ پەنای بۆ دەبات و زیندوویان دەکاتەوە.

فاکتەری هاوبەش نێوان چالاکیە جۆراوجۆرەکان لەهەر کۆمەلگەیەك، سەرکردایەتیە، هەروەها لەیەکەمایەتیەکانی ئەرکی سەرکرە توانای بزواندن و هاندنی کۆمەلانی خەلکی هەبێت بەرەو هێنانەدی ئامانجەکان.

ئەو تاکەی کەلە جۆری سەرکردایەتی و هەلگری خەسڵەتەکانی بێت، پێویستە خاوەن کۆمەڵێك رەوشت و بەهای کۆمەلایەتی بێت کەرەنگدانەوەی هزرو بیروباوەڕەکانیەتی هەروەها هەلگری ئاواتەکانی کۆمەلگەکەی بێت، وەك: چالاکی، بەرزی ئاواتەکان، باوەڕبوون بەخود، دەست پێشکەری، بەرپرسیاریەتی، لەهەلوێستە دژوارەکان تووشی دلەڕاوکێ نەبێت، بەرچاو روونی هەبێت، دەس پاك و راستگۆبێت، رێز لەرای گشتی بگرێت.

لێرەدا ڕاستیەك هەیە كە (دوو سەركردەی لەیەك چوو لە هەموو خەسڵەت و ئاكارەكانیان نابینیەوە) بۆ نموونە (گاندی و شرشل) هەریەكە بەملیۆنەها خەڵكیان لەپشتەوە بوو بەلام نەك بەهەمان ڕێگاو شێوازو بەهەمان هۆكار.(٢١)

## ئەو خەسڵەتانەی پێویستە لەسەركردە هەبێ : (٢٢)

دەكرێت ئەو هۆكارانەی دیاردەو ئاكارەكانی كەسایەتی سەركردە دیاریدەكات، بەم جۆرە پۆلین بكرێت:

**یەكەم//** ئەو هۆكارانەی توێژینەوەی زانستی سەلماندویەتی وەك:

١- توانا ئەقلیەكان.

٢- ڕۆشنبیری فراوان و هەمەچەشن.

٣- شارەزایی لەبواری پەیوەندیكردن.

٤- هێزی كەسایەتی و دەس پێشكەری و ئازایەتی.

٥- كارامەیی كۆمەلایەتی و ڕەچاوكردنی هەست و بیرو بۆ چوونی كەسانی تر.

٦- توانا كارگێڕییەكان، وەك : ڕامان، داهێنان، پلاندانان، ڕێكخستن، ئاراستەكردن.

**دووەم//** ئەو هۆكارانەی تاقیكردوەكان سەلماندویەتی :

١- زانایی لەبواری تێڕوانین و لێكدانەوە.

٢- ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی چاك.

٣- دادوەری لەنێوان كۆمەڵ.

٤- تواناى ئاراستەكردن.

٥- هەستكردن بەبەرپرسياريەتى.

٦- يەكلاكردنەوەى برِيارەكان.

٧- ئازايەتى و چالاكى.

**سێيەم//** ئەو هۆكارانەى پيرەوكارو لايەنگران جەختى لەسەر دەكەن.

١- رەچاوكردنى هەست و بيرو بۆ چوونى كەسانى تر.

٢- شارەزايى بەكۆمەلانى خەلك.

٣- خۆ دابين كردن.

٤- ئازايەتى و يەكلاكردنەوە.

٥- ئاشكرايى و راستگۆيى

**تويژينەوەيەك دەربارەى ئاكارەكانى سەركردە: ( ٢٣ )**

سەركردايەتى سىَ كۆلەكەى سەرەكى هەيە لەسەرى بنيات نراوە بريتين لە: (سەركردە، كۆمەل، هەلويستى كۆمەلايەتى) بەهۆى ئەم سىَ كۆلەكە گرينگەوە ديارەدى سەر كردايەتى بەرز خۆى دەنوينىَ، شارەزاى ئەم بوارە (مايرز) زياتر لە (٢٠٠) تويژينەوەى ئەنجام داوە، ليرەدا پوختەى پەيوەندييەكانى نيوان خەسلەت و ئاكارەكانى كەسايەتى و سەركردايەتى دەخەينەروو:

١- هيچ پەيوندييەك لەنيوان ئاكارە جەستەييەكان و سەركردايەتى نيە.

٢- چەندى سەركردە زياتر لاى كەسانى ناو ئۆرگانەكەى زيرەكى پيوە دياربىَ، بەلام روون بۆتەوە كەپەيوەندى نيوان زيرەكى بەرزو سەركردايەتى، لاواز ديارە.

٢- سەرکردایەتی پەیوەستەبە هەر یەکێ لە :
(تێڕوانین – دەس پێشکەری – هاوکاری – ویست – بڕیاردان - جێگیری ویژدان)
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامانەی (مایرز) بەدەستی هێناوە، کەپەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان زیرەکی بەرزو سەرکردایەتی، ئاماژە بۆ جەختکردنی (هولتك ووس) دەکرێت کە ڕادەی جیاوازی نێوان زیرەکی سەرکردەو زیرەکی کۆمەڵ بەهیچ جۆرێك نابێت (٣٠) پلە زیاتر بێت.
بەهۆی ئەوەی زیرەکی زۆر بەرزی سەرکردە لەهەر کۆمەڵێك کەئەندامانی بەزیرەکی ناوەندی یان لاواز ناسرابن، کاریگەری نێوانیان لاواز دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

## - 4 -

# تیۆر دەربارەی سەرکردایەتی

ئەو دامەزراوانەی سەرکردەکان ئامادە دەکەن پێویستە ستراتیژییەتی تایبەت پیادە بکەن و لەسەر بنچینەی فەلسەفەیەکی دیاریکراودا بێت.

بوون بەسەرکردە (ئەستێرە) شێوازو بنەمای تایبەتی دەبێ، دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك بەرنامەیەك بێت کە لەلایەن سەرکردەوە پیادە بکرێت: (٢٤)

١- دەست پێشکەری لەئەنجامی بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی قول و باش.

٢- گەڕان بەدوای زانین .

٣- هونەری بەڕێوەبردنی خود لەڕێگای زاڵبوون بەسەر هەست و گەشەپێدانی تواناکان.

٤- پێکهێنانی دیدو بۆچوون دەربارەی ئاینلە.

٥- هونەری پاشکۆیەتی، کەس ناتوانێت سەرکردە بێت ئەگەر پاشکۆیەتی لا دژوار بێت.

دەربارەی رەفتارو چالاکیەکانی سەرکردەو سیماو ئاکارەکانی کەسایەتی سەرکردەو پەیوەندییە جەماوەریەکانی، هەڵوێست و رەفتار لەئاست کێشەو کۆسپەکان، قەبارەیەکی گەورەی توێژنەوە لەلایەن پسپۆرو نووسەرانی ئەم بوارەدا دارێژراوەو وەك تیۆر بەرچاوخراوان،

تیۆرەکان دەربارەی سەرکردایەتی زۆرن، ناوەرۆکەکانیان جیاوازن، بەپێی جیاوازی دیدو بۆ چوونی هەر توێژەرێك کەئەرکی ئەم بابەتەی هەڵگرتووە.

لێرەدا لەچەند سەرچاوەیەکی جۆراو جۆرەوە گرینگترین ئەم تیۆرانە بەکورتی باس دەکەین.

لەکتێبی (وجوە القائد) نووسەرەکەی تیۆرەکانی سەرکردایەتی بەسەر (٥) تیۆر دابەش کردووە کە ئەمانەن : (٢٥)

**١- تیۆری ئاکارەکان :**

بایەخ بەچارەسەرکردن و لێکۆلینەوە دەدات لەسەر کەسایەتی سەرکردە، سیماو ئاکارەکانی جەستەیی و ئەقلی و دەروونی و کۆمەلایەتی باس دەکات، لەو زانایانەی بایەخیان بەم تیۆرە داوە (کار ل – جیزیل).

هەواڵنامەی کتێب

**٢- تیۆری پیشەیی :**

دەروانێتە سەرکردایەتی وەک پیشەیەک لەناو ئۆرگانێک .

**٣- تیۆری هەڵوێستی :**

سەرکردە بەرهەمی هەڵوێستی کۆمەلایەتی دیاریکراوە، بە دەرناکەوێت تەنها ئەگەر دۆخێکی گونجاوی بۆ پەیدا نەبێت.

**٤- تیۆری کارلێکردن :**

سەرکردە پێویستە ئەندامێك بێت لە گروپێك (دامەزراوەیەك) بەشداری لەپێوەرو بەهاو ئاوات و کێشەکانی بکات.

**٥- تیۆری پیاوە مەزنەکە :**

ئەو کەسانەی خاوەن سیماو تواناو لێهاتوویی مەزنن، سەرکردەییان لێ پەیدا دەبێت، هەر چۆنێك بێت هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکەیان یان ئەو دۆخەی تیایدا دەژین.

لەکتێبی (سەرکردەو لێکۆلینەوەی زانستی) نووسەر ئەم تیۆرانە دەخاتە رو. (٢٦)

١- تیۆری ئارکارەکان .

٢- تیۆری رەفتارەکان.

٣- تیۆری بارودۆخەکان.

لەگۆڤاری – دراسات الاجیال) نووسەر بەدوورو درێژی باسی تیۆرەکان دەکات، بەکورتی دەیخەینەروو: (٢٧)

هەواڵنامەی کتێب

**یەکەم** // تیۆری خۆیی :

ئەم تیۆرە باس لەو ئاکارانە دەکات کە پێویستە لەسەر کردایەتی بێتەدی، ئەم تیۆرە دەبێتە سێ بەش :

**١- تیۆری سیماکان** Traits theory

ئەمەش دەبێتە دووبەش :

أ) تیۆری یەك سیما.

ب) جۆری سیماکان

أ) توێژینەوە سەرەتاییەکان دەربارەی سەرکردایەتی بایەخ دەدات بەلێکۆلینەوە لەکەسایەتی سەرکردەو سیماو ئاکارە جەستەیی و ئەقلی و ویژدانی و کۆمەڵایەتیەکانی، لەسەرەتاوە ئەم تیۆرە ئەوەی روونکردەوە کە سەرکردایەتی یەك سیمایە، سەرکردەکان پێی دەناسرێن، هەر چۆنێك بێت

سەرکردەکە یان هەڵوێستەکە یاخود کەلتورەکە، بەڵام ئەم تیۆرە لەئاست راستیەکان خۆی نەگرت.

ب) پسپۆری ئەم بوارە (جیب سیسیل) وێنەیەکی هەموار کراوی تیۆری یەم سیمای بەرچاوخست. ناوی لێنا (چڕی سیماکان) کەبوونی جۆرێ لەسیماکان دەگەیێنێت لای هەر سەرکردەیەك و سەرکردە پشتی دەبەستێ.

دەکرێت بوترێت نووسەرانی ئەم بوارە زیادە ڕۆییان کردووە لەکۆکردنەوەی سیما پێویستیەکانی سەرکردایەتی، چونکە ناکرێت هەموو ئەم سیمایانە لەیەك کەسدا کۆبکرێنەوە.

## ٢- تیۆری پیاوە مەزنەکە : the Great Man theory

جیاوازی نێوام ئەم تیۆرەو تیۆری سیماکان بەشێوەیەکی بنچینەیی لەوە دیاری دەکرێت کەتیۆری سیماکان بایەخ بەسیماو ئاکارە جۆراو جۆرەکان دەدات کەپێویستە لەسەرکردە کۆبێتەوە، بەڵام تیۆری پیاوە مەزنەکە دیاری دەکرێت بەچەند سیمایەکی بەر چاو لەسەرکردە وەك هێزی کارتێکردن لەکۆمەڵدا.

ئەم تیۆرە بۆ چوونی بەو جۆرەیەکە سەرکردایەتی کەسەکانی دەبێت خاوەن بەهرە نایابەکان بن و لەهەمووی گرینگتریش هێزی کارتێکردنە.

## ٣- تیۆری لایەنگران ( پێرەوکاران ) : The Followers theory

ئەم تیۆرە تارادەیەکی گەورە متمانە دەکاتە سەرتوانای سەرکردە لەجێ بەجێکردن و تێرکردنی پێداویستیە بنچینەییەکانی کۆمەڵەکەی هێنانەدی

ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ توانای سەرکردە لە زانینی پێداویستی و داواکانی کۆمەڵ و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ جێ بەجێکردنی.

**دووەم// تیۆری هەڵوێستی :** Situational Theory.

ئەم تیۆرە وا دەروانێتە سەرکردایەتی کە هەر یەکێك لەناو کۆمەڵ دەکرێت ببێتە سەرکردە بەپێی هەڵوێستێك، کەتوانای راپەڕاندنی هەبێت، ئەوی زانراوە ئەو تاکەی کە دەبێتە سەرکردە بەهۆی هەڵوێستێك رەنگە بەکەڵکی سەرکردایەتی نەیێت لەهەڵوێستێکی تر، بۆ نموونە رەنگە ئەو کەسەی بەکەڵکی سەرکردایەتی بێت لەکاتی جەنگ توانای سەرکردایەتی نەبێت لەکاتی ئاشتیدا.

**سێیەم// تیۆری کار لەیەککردن:** Interactional theory

ئەم تیۆرە لەسەر بنچینەی تەواو کاری و کار لەیەککردنی نێوان هەموو گۆڕانکارییە سەرەکیەکان لەسەر کردایەتی پێکدێت، کە بریتیە لە:

١- سەرکردە کەسایەتی و چالاکی لەناو کۆمەڵدا.

٢- لایەنگران، بیرو بۆچوون و پێداویستی و کێشەکانیان.

٣- هەڵوێستەکان، کەبارودۆخەکە سنورداری دەکات.

کەسانی ئەم تیۆرە لەسەر ئەو باوەڕەن کەسەرکردایەتی بەپلەی یەکەم کردارێکی کار لەیەککردنی کۆمەڵایەتیە، سەرکردەی سەرکەوتو ئەو کەسەیە پشت بەکۆمەڵ دەبەستێت و ئامانجەکانی جێ بەجێدەکات و کێشەکانی چارەسەر دەکات و پەیوەندی پتەو دەکات.

هەواڵنامەی کێڕ

لەکتێبی (السلوك التنظيمي) نووسەر پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لەم بارەوە داکۆکی لەسەر ئەم دوو تیۆرە دەکات:

١- تیۆری هەڵوێست وەرگرتنی – سەرکردایەتی : (٢٨) Contingency theory of leader ship

خاوەنی ئەم تیۆرە (فیدلر)ە، بۆ چوونی وایە کە شێوازی چالاکیەکانی سەرکردایەتی پەیوەست دەبێت بەو دۆخەی کە دەوری سەرکردایەتیەکەی داوە.

بۆیە هەر دوو رەگەزی تیۆرەکە پشت دەبەستن بەشێوازی سەرکردایەتی و هەڵویستی سەرکردایەتی.

د) تیۆری رێرەو ئامانج : Path-Goal theory of leader ship

ئەم تیۆرە لەلایەن (هاوسەر) ئامادە کراوە، بەپێی بۆ چوونی ئەم تیۆرە شێوازەکانی – سەرکردایەتی چالاك ئەو شێوازەیە کە هێنانەدی ئامانجەکانی کارمەندان ئاسان دەکات، هەروەها رێبازو شێوازەکانی جێ بەجێکردنی ئەم ئامانجانە روون دەکاتەوە.

بەواتایەکی تر شێوازی سەرکردایەتی کارا ئەو شێوازەیە کە ئامانجەکانی جێ بەجێ دەکات و کار دەکاتە سەر ئاست و هاندان و رازی بوونی کارمەندان، بەڵام ئەم شێوازە سەرکردایەتیە چالاکە جۆرەکەی دەگۆرێت بەپێی هەڵوێستی سەرکردایەتیەکە.

لەکتێبی (القائد: بين السياسة والسلطة والنفوذ) (٢٩)

سەرەرای ئەو تیۆرانە پێشتر باس کران چەند تیۆرێکی تری خستۆتە روو وەك:

ا) تیۆری رۆڵەکان : Role Thery

بۆ چوونەکانی ئەم تیۆرە بریتیە لە :

١- خەڵکی رۆڵەکانی خۆیان دەزانن بەپێی فێربوون و خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی.

٢- خەڵکی پێش بینیەکانیان پێك دەهێنن بۆ ئەو رۆڵانەی کە بەئەنجامی دەگەیەنن.

٣- خەڵکی هەندێکیان هانی هەندێکی تریان دەدەن بە شێوەیەکی ئاقلانە دەربارەی هەڵس و کەتەکان بەپێی پێش بینیەکان بۆ ئەو رۆڵانەی کەبۆیان دیاریکراوە.

٤- خەڵکی لەچوارچێوەی ئەو رۆڵانەی بۆیان دیاریکراوە رەفتار دەکەن، ئەم تیۆرە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ کەهەموو کەسێك بۆ چوونی ناوخۆییان هەیە بۆ رۆڵی سەرکردە، ئەم بۆ چوونانە سەرچاوەکەی لەو زانیاری و خوێندنەوانەو گفتوگۆیانەوەیە کە لەنێوان خەڵکی باس دەکرێت دەربارەی رۆڵی سەرکردەو سەرکردایەتی.

ب) تیۆری رایەڵەی سەرکردایەتی:

ئەم تیۆرە پشت بەتیۆری رەفتاری سەرکردایەتی دەبەستێ، هەوڵدەدات جەخت لەسەر رەفتاری سەرکردە بکات بەرامبەر بەلایەنگرو پشتیوانانی، هەروەها هەڵوێستی لەئاست ئامانج و ئەو کاروبارانەی هەوڵی بۆ دەدات.

سەرکردەکان بایەخ بەلایەنگرانیان دەدەن لەهەمان کاتدا بایەخ بەو ئامانجانە دەدەن کەهەوڵی جێ بەجێکردنی دەدەن، هیچ ئامانجێکیان جێبەجێ ناکرێت بێ ئەوەی کارو ئامرازی پێویستی بۆ ئامادە نەکرێ.

کەوا کتابەی پێشتر

ئەم تیۆرە پەیوەندی نێوان سەرکردەو لایەنگرانی و نێوان سەرکردەو ئامانجەکانی شی دەکاتەوە، هەروەها چۆن سەرکردە هاوسەنگیەك لە دروست دەکات لەنێوان لایەنگران و ئامانجەکانی.

هەندێ لەسەرکردەکان زۆر بەتوندی و بەهێزەوە هەوڵی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانیان دەدەن بێ سەرنجدان و بایەخدان بەفشارو پالەپەستۆی لایەنگران بەرەو رووی دەبنەوە، ئەو سەرکردەیە هەندێ جار بەزیادە رۆییەوە تەماشای ئامادەیی و لێهاتوویی لایەنگرانی دەکات، بە بۆ چوونی خۆی واتێدەگات کە خۆی و لایەنگرانی توانای بەدیهێنانی کاری ستەم و لەتوانا بەدەریان هەیە، بەم رەفتارە ئەو هاوسەنگیەی سەرکردە هەوڵی بۆ دەدات لەنێوان لایەنگران و ئامانجەکانی تێکدەچێت و بە توندی بەلای بەرژەوەندی ئامانجەکانی دەشکێتەوە دژ بە لایەنگران، بەپێچەوانەی ئەم رەفتارە، رەفتارێکی تر هەی سەرکردەکان جەختی لەسەر دەکەن ئەویش بایەخدانی تەواویان بەلای بەرژەوەندی لایەنگراندا دەشکێتەوە لەرووی ئامانجەکان، بۆیە هاوسەنگیەکە دیسان تێکدەچێت.

لەکتێبی – القیادة. أساسیات ونظریات ومفاهیم. نووسەرەکە ئاماژە بۆ چەند تیۆرێکی تر دەکات وەك : (٣٠)

أ) تیۆری دوو لایی

کەوەرترین رابەرانی ئەم تیۆرە (فلیشان، کارل شارتل)ن، توێژینەوەیەکیان خستە روو دەربارەی فاکتەرەکانی سەرکردایەتی، ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بۆ دوو رەفتاری سەرکردایەتی دەکات:

١- پێکهاتەی سەرەتایی :

لەم بوارەدا بایەخ پێدانی سەرکردە جەخت لەسەرکارو دیاریکردنی رۆڵ و ئەرکەکان دەکات بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئامانجەکان، لەم رووەوە رەفتاری سەرکردە دەکەوێتە چوارچێوەیەك تیایدا ئەرکی لایەنگران و پەیوەندیان بەسەرکردە دیاری دەکات، سەرەڕای دیاریکردنی ئەو رۆڵەی کە چاوەڕوان دەکرێت هە رئەندامێك پێی هەستێ.

٢- بایەخ پێدان:

بەواتای بایەخ پێدان بەکەسانی ترو پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان لەگەڵ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردەو لایەنگرانی، هەروەها رێگاپێدان بۆ بەشداریکردنیان بۆ وەرگرتنی بریارەکان و هاندانی پەیوەندیکردن لەسەر هەردووئاست.

ب) تیۆری سێ بوار (لا):

شارەزای ئەم بوارە (ولیام ردن) دەسکاری تیۆری دوولا (بواری) گردو بوارێکی تری بۆ زیاد کرد، ناوی لەو بوارەش نا(کاریگەرێتی)، بەم جۆرە سەرکردایەتی سێ بواری بۆ دروست بوو، بەم جۆرەی خوارەوە :

١) بواری کاری (ئەرك) : بریتیە لەو ماوەیەی سەرکردە بەکاری دەهێنێ بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکانی و هەوڵی لایەنگرانی بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی.

٢) بواری پەیوەندییەکان: بواری پەیوەندییە کەسایەتیەکانی سەرکردە کە بەمتمانەی ئاڵ و گۆر دەناسرێ لەنێوان خۆی و پێرەوکارانی، هەروەها رێزگرتن لەبیروراو بۆ چوونەکانیان.

٣) بواری کاریگەرێتی، ئەو بوارەی کە دەکرێ سەرکردە لەماوەیدا ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێبکات.

لێرەدا چەند فاکتەرێك هەیە بەپێی بارودۆخەکە کارتێکردنی لە شێوازی سەرکردە دەبێت، کە بەم خاڵانە دیاریکراوە:

أ) هەل و مەرجی دەروونی باو لەناو ئۆرگان.

ب) ئەو پێداویستیانەی بەهۆیەوە کارەکان بەئەنجام دەگەن.

ج) پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرکردەکان.

د) پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوڕێیان.

ﻫ) پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنگران و پێڕەوکاران.




(( هێلکاریەك دەربارەی ئەم تیۆرە ))

## ڕەگەزەکانی هەڵوێستی سەرکردایەتی لەماوەی تیۆرەکان:

د. أحمـد مـاهر لەکتێبەکـەی (الـسلوك التنظيمـي) دەربـارەی تیۆرەکـانی سـەرکردایەتی، پـاش لێکۆڵینەوەیـەکی بـاش ئـەو توێژینەوانـەی دەربـارەی سـەرکردایەتی کـراوە لـەماوەی چـەندین سـاڵ لـەوڵاتانی پێـشکەوتووی وەك

ئەمریکا، بیروڕای وایە کە ئەو تیۆرانە تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو پێکدێنن لەوڕەگەزانەی هەڵوێستی سەرکردایەتی.

بۆیە رەنگەوا سوود بەخش تر بێت کە لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بن دەربارەی کارتێکردنی رەگەزو ئەو گۆڕانکاریانەی هەیە لەژینگەو هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی بەسەر چالاکی شێوازەکانی سەرکردایەتی، هەر لەم بوارەدا رەگەزەکانی هەڵوێستی سەرکردایەتی بەم جۆرە پۆلین کردووە.

١- رەگەزەکانی کەسایەتی و پێرەوکاران و گروپی کار:

(فێربوون – تەمەن – قەبارەی گروپ – هاوکاری – ئاکارەکەسایەتیەکان – ئاکارەکانی گروپ)

٢- رەگەزی ئاکارەکانی کار:

(روونی ئەرکەکان، رۆتینی کارکردن، ئاستی کارامەیی، کۆکردنەوەی زانیارییەکان)

٣- رەگەزی ئاکارەکانی رێکخستن:

(جۆری ئامانجی رێکخستن – جۆری دەرئەنجامەکان، جۆری سەرکردایەتی لە کارگێری باڵا).

## - 5 -

# ڕاهێنان و ئامادە کردنی سەرکردە

تیۆرە نوێیەکان گرینگیەکی زۆریان بەکرداری ڕاهێنان و ئامادە کردنی سەرکردە داوە بەرەچاوکردنی ئەو لایەنەی کەسەر کردایەتی شێوازێکە دەکرێت لەڕێگای ڕاهێنان و مەشق پێکردنەوەی تاکەکان ئامادە بکرێن و شیاوی ئەرکەکانیان بن بەرەو پلەو پایە سەرکردایەتیەکان.

ڕاهێنان لەسەر شارەزایی و بەدەسهێنانی ئاکارە سەرکردایەتیەکان بۆتە بەشێك لەپێویستیەکانی سەردەم، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە جیهان ڕادەماڵێت و بەخێراییەکی سەر سوڕهێنەر متمانە پێکردن بەو ڕۆتینەی کە ئەزموونەکانی ڕابردوو دروستی کردبوو لەناو برد.

لەم سەردەمە دەکرێت بپرسین، چۆن دەبێتە سەرکردەیەکی کاراو پێشکەوتوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی لەزانینی سێ لایەنی بەڵگەنەویست دەشارێتەوە. (٣١)

١- سەرکردایەتی بەپێی هەل و مەرجە، سەرکردەکارتێکردووی بارودۆخەکە دەبێت، مێژوو پڕە لەنموونەی ئەو سەرکردانەی سوودیان لەکات و ساتی خۆیان وەرگرتووە و بوونەتە ئەستێرە، بەڵام سیماو ئاکارەکانیان خۆی لەدەسدا لەماوەی ڕۆژگاردا.

(ونستون شرشل) سەرکردەیەکی گەورەی بریتانیا بوو لەسەردەمی جەنگ، بەڵام شێوازی کارەکانی گونجاو نەبوو بۆ دروستکردنەوەی وڵات لەپاش جەنگ.

توانای چاودێری و تێگەیشتنی هەڵوێست و بارو دۆخەکەپێی دەوترێت (هەست کردن بەهەڵوێست) کە دیاردەیەکی بنچینەییە بۆ سەرکردایەتی.

٢- بەزۆری ئەو نووسینانەی دەربارەی سەرکردایەتی نوسراون بایەخ بەو کەسانە دەدەن کە دەگەنە لوتکەی دامەزراوەکان، ئەوانەی ئەو پێگانەیان بەدەستهێناوە لەراستیدا زیانیان بەتێگەیشتنەکانمان هێناوە دەربارەی سەرکردایەتی زیاتر لە هەرشتێکی تر.

٣- سەرکردایەتی پەیوەندییەکانە، کەس بەبێ لایەنگروپێرەوکار ناتوانێت ببێتە سەرکردە، لە راستیدا سەرکردایەتی بونیاتێکی کۆمەڵایەتیە، دروست دەبێتەوە لەماوەی ئەو پەیوەندییانەی نێوان سەرکردەو ئەوانی بەپەرڕۆشن بۆی.

لەنێوان سەرکردایەتی دوێنێ و ئەمڕۆ جیاوازییەکی زۆر هەیە دەکرێت بەم خاڵانەی خوارەوە ئاشکرای بکەین: (٣٢) .

١- ئەو سەرکردەیەی باوەڕی وابێت کەهەموو شتێ دەزانێت و دەتوانێت هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵی کاردەکەن ئاگادارو ئاراستە بکات، ئەوا چارەنووسی سەرنەکەوتن دەبێت لەئایندەدا.

٢- ئەو سەرکردەیەی باوەڕی بەبوونی یەك ڕێگای کارکردن هەیەو سوورە لەسەر بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە، ئەوا لەئاییندەدا هەوڵی پیادەکردنی بۆ ئارەخسێ.

٣- لافاوی زانیارییەکان پێویست بەدیاریکردنی یەکەمایەتیەکان دەکات لەماف و دەسەڵات بەخشین.

٤- پێویست بە (دامەزراوەیەکی هەرەمی بیروکراسیەت) نەما لەکارگێری، بەڵکو دەبێ خۆمانی لێ زرگار بکەین.

٥- جێگای سەرکردایەتیەکاریزمیەکان نەما، پێویستە لەشوێنیان سەرکردەی کارلێکردن و پیشەیی جێگایان بگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان سەرکردەو کەسانی تر لەهەر پلەو پایەیەکی تردابن لەناو ئەنجومەنە سەرکردایەتیەکان کە رەنگە سەرۆکی دەزگایەك یان ئەندامی ئەو دەزگایەبن، بوونی ئەو کەسە لەو جێگایە ئەوە ناگەیەنێت کە سەرکردە بێت.

جیاوازی نێوان سەرکردەو کەسانی تر لەناو بارەگاکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سێ هۆکار دیاری دەکات: (٢٣)

**ا ) هۆکاری یەکەم :**

بارو دۆخەگشتیەکەی ناو کۆمەڵگە (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، کەلتوری).

**ب ) هۆکاری دووەم :**

رێژەی پشتگیری هەر لایەك کەبەدەستی هێناوە

**ج ) هۆکاری سێیەم :**

شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

## شێوازی ڕاهێنانی سەرکردەکان:

أ) بوارەکانی ڕاهێنان : پێویست دەکات ڕاهێنان ئەم بوارانە بگرێتەوە (٣٤)

١- ڕاهێنان لەبواری ڕێکخستن و کارگێڕی.

٢- ڕاهێنان لەبواری سایکۆلۆژی .

٣- ڕاهێنان بۆ زاڵبوون بەسەر بیروبۆچوونە تایبەتیەکان.

٤- ڕاهێنان لەبواری چالاکیە کۆمەلایەتیەکان.

٥- ڕاهێنان بۆ دروستکردنی کەسایەتی.

**ب ) ڕەگەزەکانی ڕاهێنان:**

بۆ ئەوەی ڕاهێنانی سەرکردایەتی ئامانجەکانی جێ بەجێ بکات پێویستە پێنج ڕەگەزی سەرەکی بگرێتە خۆی:

١. زانینی ئاکارە گشتیەکانی سروشتی مرۆڤایەتی، بەو جۆرەی کەلە دەروونناسی گشتی ڕوونکراوەتەوە .

٢. ناسینی خود ، لەپێکهاتەی تاک، وەك ئاکارە جۆراو جۆرەکانی ڕووی هێزو لاوازی تاك.

٣. تێگەیشتنی بیرو بۆ چوون و بیروڕا ڕاستیەکان کەپێویستە لەمامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی تر بەدی بێت.

٤. توانای پراکتیزە کردنی هەموو زانیاریەکان دەربارەی ئامادەکردنی چالاکی و ووروژاندنی چالاکیەکانی ڕێکخراوییە تایبەتیەکان.

٥. بۆ فراوان بوونی ئاسۆی ڕۆشنبیری کەسایەتی سەرکردە، پێویستە سەرکردە بەهەوڵێکی زۆر هەستێت.

پەرتووکخانەی کتێب

ج ) شێوازەکانی ڕاهێنان ( ٣٥ )

١. کارکردن لەگەڵ سەرکردەکانی تر لەماوەی لاسایی کردنەوەو فێربوون و لەژێر چاودێری و سەپەرشتی کردندابێت.
٢. پێشکەوتن پلەبەپلە لەپێگەیەکی سەرکردایەتی بچووکەوە بۆ گەورەتر.
٣. بەشداریکردن لەکۆڕو سیمینارو بازنەی لێکۆڵینەوە لە شێوازو بەرنامەکانی ڕاهێنان و فێربوون و بەشداری کردنی خولەکانی فێروونی تایبەت.
٤. فێر بوون و ڕاهاتن لە سەر پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و ڕازی نەبوون تەنها بەلاسایی کردنەوە، بەڵکو ببێتە خاوەن ڕامان و کارکردن بەبەرنامە.

**ڕێنمایی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی سەرکردە:**

١) بەکار هێنانی گەورەترین تواناکانی کارتێکردن وەك: پاداشت، سزا، ئامۆژگاری، شارەزایی، هاوکاری،... هتد. (٣٦)
٢) ئامانج و ئاواتەکانی خۆی و لایەنگرانی بزانێ و لەیەکیان نزیك بکاتەوە.
٣) ئەرك و کارەکانی پێرەوکارانی دیاری بکات، ڕێگای جێ بەجێکردن روون بکاتەوە.
٤) پشت بەستن بەخود، لەهەڵوێستی لاوازەوە داوای یارمەتی نەکات، لەباوەڕپێکردنی لایەنگرانی کەم نەکاتەوە.
٥) دەست ڕۆیی خۆی بەکاربهێنێت، کەم تەرخەمی نەکات لە دەرخستنی هێزە دەروونیەکانی.
٦) گوێگرێکی باش بێت بۆ کارمەندان و جەماوەر، بەپێی توانا هەوڵی جێ بەجێ کردنی داواکانیان بدات.

٧) نهێنیەکانی هێزو توانای خۆی بزانێت، بە ئەوپەڕی توانا بەکاریان بهێنێت.

٨) پێویستە سەرکردە لەگۆرانکاریەکان ئاگادارو وشیار بێت، دەبێ بزانێ (٣٧) کەسروشت و رەفتاری خەڵکی جۆراوجۆرە، مامەڵەکردنی لەگەڵ رەگەزی گۆرانکاریەکان دروست بێت کە ئەم سێ لایەنە دەگرێتە خۆی:

**أ- بارودۆخ بەهەموو خەسڵەت و هۆکارەکانی.**

**ب ) جەماوەر بەبیرو بۆ چوونەکانی.**

**ج ) سەرکردەو تێروانینەکانی.**

٩) پێش بینی کردنی رووداو هەڵوێستەکان.

١٠) پێویستە سەرکردە ژیانێکی رێك و پێك و بەبەرنامەی هەبێت، کاتی پشوودان و بیرکردنەوەی هەبێت (٣٨).

١١) بەگورجی و بێ دڵەراوکێ ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، بە تایبەتی پاش بریاردان.

١٢) ناوێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە ناوبانگ دەربکات. (٣٩)

١٣) هەوڵبدات وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژیت.

هەواڵنامەی کتێب

## - 6 -

# شێوازەکانی کارکردنی سەرکردە

هەروەك چۆن بیروڕا دەربارەی پێناسەو چەمکی سەرکردەو سەرکردایەتی جیاوازن، دەربارەی جۆرەکانی سەرکردایەتی و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی فەرمانەکانیان زۆر جیاوازن لە یەکتر.

أ) لەتوێژینەوەیەك لەگۆڤاری (دراسات الاجيال) لە ژێر ناوی (القيادة بعض جوانبها النفسية والاجتماعية) بەم جۆرەی خوارەوە جۆرەکانی سەرکردایەتی پۆلین کردووە: (٤٠)

١- سەرکردایەتی نیشتمانی و سەرکردایەتی سیاسی و سەرکردایەتی ئابوری.

٢- سەرکردایەتی چەوسێنەرو سەرکردایەتی دیموکراسی.

٣- سەرکردایەتی دوو شێوازی هەیە (پۆزەتیڤ – نەگەتیڤ)

٤- سەرکردایەتی دیکتاتۆری، سوسیالستی، ئازاد.

٥- سەرکردایەتی دیموکراسی و سەرکردایەتی ئوتوکراسی.

ب) لەکتێبی – السلوك التنظيمي – سەرکردایەتیەکانی بەم شێوە پۆلین کردووە: (٤١)

١) سەرکردایەتی مرۆیی.

٢) سەرکردایەتی هاوبەش.

٣) سەرکردایەتی ئاراستەکراو.

٤) سەرکردایەتی بایەخ دەدات بەجێ بەجێکردنی ئەرکەکان.

هەوالنامەی کتێب

ج) لەکتێبی - المدير الناجح والتخطيط الاداری الفعال - سێ جۆر سەرکردایەتی دەس نیشان کردووە.

١- سەرکردایەتی ئوتوکراسی.

١) سەرکردایەتی دیموکراسی.

٢) سەرکردایەتی ئازاد.

د) لەکتێبی - سەرکردەو لێکۆلینەوەی زانستی - سەرکردایەتی بەسێ جۆر دابەشکراوە: (٤٢)

١- سەرکردایەتی رەها.

٢- سەرکردایەتی دیموکرات خواز.

٣- سەرکردایەتی بەرەڵلا.

## بەراوردێك لەنێوان سێ جۆر سەرکردایەتی (٤٣)

| ئۆتۆکراسی | دیموکراسی | ئازاد |
|---|---|---|
| ١- هەموو سیاسەتەکان سەرکردە بڕیاری لەسەر دەدات. | ١- بڕیارەکانی بەرەزامەندی هەموو لایەك (سەرکردەو لایەنگران) دەبن. | ١- ئازادی تەواو بۆ تاك و کۆمەڵ لەوەرگرتنی بڕیارەکان، لەگەڵ بەشدارییەکی لاواز لەلایەن سەرکردە. |
| ٢- قۆناغەکانی چالاکی و شێوازەکانی هەموو جارێ لەلایەن سەرکردەوە دیاری دەکرێت، قۆناغە ئایندەییەکان روون نیە. | ٢- لەرێگای گفتوگۆوە، قۆناغەسەرەکیەکان و ئامانجەکان و کۆمەڵ و شێوازەکانی دیاری دەکرێت، سەرکردە زیاتر لەئەلتەرناتیڤێك پێش نیاز دەکات. | ٢- سەرکردە ئامرازو زانیارییە جۆراو جۆرەکان ئامادە دەکات، هیچ رۆڵێکی تری نابێ لەگتفوگۆکانی کارکردن. |
| ٣- بەردەوام سەرکردە کارو ئەرکی تاك و تیمەکانی کار دیاری دەکات. | ٣- ئەندامان ئازادن لەهەڵبژاردنی ئەوەی کاریان لەگەڵ دەکات و دابەشکردنی کار بۆ کۆمەڵ دەمێنێتەوە. | ٣- سەرکردە دەست ناخاتە ناو بڕیارەکانی لایەنگرانی دەربارەی ئەرك و کاروبارەکان. |
| ٤- سەرکردە ئارەزووی خۆیپیا هەڵدانی هەیە، یان رەخنەگرتن لەکارو چالاکی تاکەکان. کاتێ لایەنگرانی ئامادەییەك دەردەبڕن بۆ بەشداری لە کاروچالاکیەك، لەپارێزو گۆماندا دەبێ | ٤- سەرکردە لەبایەخ پێدان و رەخنەگرتن. شێوازێکی بابەتیانە یان ئاقلانە پێرەو دەکات، هەوڵدەدات ئەندامێکی رێك و پێك بێت. | ٤- بەشدارییەکی زۆر کەم لە چالاکیەکان، تەنها ئەگەر پرسیاری لێ بکرێت، هەوڵی پیاهەڵدان یان خۆرێکخستنی نادات لەماوەی رووداوەکان. |

## چەند شێوازێك لەجێ بەجێكردنی ئەرك و فەرمانەكانی سەركردە.

**ا ) لەفەرمانەكانی سەركردە لەهەر رێكخراوێك : ( ٤٤ )**

١- پلان دانان و بریاردان لەسەر سیاسەتە گشتیەكان.

٢- رێكخستن و ئاراستەكردنی چالاكیەكانی كارمەندانی رێكخراوەكە.

٣- دابەشكردنی ئەرك و دەسەلاتەكان.

٤- سەرپەرشتی كردن و بەرێوەبردنی كاروبارەكان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكان.

٥- دەركردنی بریارو رێنماییەگشتیەكان.

٦- روونكردنەوەی بریارو سیاسەتەگشتی و كاراییەكان بۆ بەرپرسانی بەشەكان و كارمەندان و تاكەكان.

٧- ئامادەكردن و داهێنانی كارمەندان و كادیران كەلەبەشەسەرەكیەكان كاردەكەن.

٨- كۆكردنەوەی هەوڵە جۆراو جۆرەكان و ئاراستەكردن و پەیوەندی كردنی دۆستانە.

**ب/كرداری وەرگرتنی بریار : ( ٤٥ )**

دروستكردنی هەربریارێك لەخودی خۆیدا هونەرو زانستە لەیەكاتدا، پێش ئەوەی هەر بریارێك وەربگیرێت، پێویست بەم پرسیارە دەكات:

ئایا وەرگرتنی ئەو بریارە لەراستیدا زۆر پێویستە؟ چونكە یەك لە ئەلتەرناتیڤەكان وەرنەگرتنی بریارەكەیە.

بڕیاردان کارێکی پێویستە لەکاتی دەرکەوتنی هەر دیاردەیەك کە ئەگەر بارودۆخەکە بەرەوتێکچوون بڕوات یان دەرفەتێکی گرینگ لەدەس بچێت، ئەگەر بەپەلە بڕیارێك وەرنەگیرێت.

**١ ) هەنگاوەکانی وەرگرتنی بڕیار لەلایەن سەرکردەوە:**

أ- دانانی لستێك بەو هەنگاوانەی بۆ چارە سەرکردنی کێشەیەك یان دۆخەکی دیرایکراو.

ب- کۆکردنەوەی زنیارییە پەیوەنداره‌کان، کە هاوکار دەبن لە دیاریکردنی ئەو ئەنجامانەی بەدوای هەلس و کەوتێکی دیاریکراو دێن.

ج- هەلسەنگاندنی سوودی هەر ئەنجامێك لەو ئەنجامانەی لە ئاکامی چارەسەرییەکی جیاوازەوە دێن.

د- وەرگرتنی بڕیارەکە دەربارەی یەك لە چارەسەرییە (ئەلتەرناتیڤە) گونجاوەکان بۆ بەدی هێنانی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان.

**٢ ) شیکردنەوەی بڕیار:**

ڕەنگە بەهۆی چەند فاکتەرێك جۆری بڕیارەکە گۆڕانی بەسەردا بێت:

أ- کارتێکردنی بڕیارەکە لەئایندەدا، ئایا بڕیارەکە کورت خایەنە یان درێژخایەن.

ب- کارتێکردنی بڕیارەکە لەسەر بوارەکانی کاری ڕێکخراوەکە.

ج- لەبەر چاو گرتنی چەند لایەنێکی رەوشتی و هەل و مەرجی کۆمەلایەتی .

د- ڕادەی پێویست بەدووبارە کردنەوەی بڕیارەکە.

ھەولێرنامەی کتێب

### ٣ ) خەسلەتەكانى دەركردنى بڕيار: ( ٤٦ )

أ- بڕيارەكان روون و ئاشكرابن.

ب- رستەكانى راست و رەوان بن.

ج- دەرنەكردنى بڕيارى زۆر لەيەك كاتدا.

د- بڕيارە نالەبارو سەلبيەكان كەم بكرێنەوە.

هـ- بڕيارەكان پێچەوانەى يەكترنەبن.

### ٤ ) چەند هۆكارێك بۆ وەرگرتنى بڕيارى بەهەڵە :

ا- تورە بوون و هەڵچوون.

ب- ماندووبوونى ئەقلى و جەستەيى.

ج- بەدوواكەوتنى سۆزو ئارەزوو.

د- سێبەرى ترس .

هـ- كاريگەرييە دەرەكيەكان.

و- رێبازى نموونەيى زيادە رۆ.

ز- كاتى بەهەڵە بۆ وەرگرتنى بڕيار، بڕيارى راست كاتى گونجاوى دەوێ.

هەوڵنامەی کتێب

## - 7 -

# کێشەو کۆسپەکانی سەرکردایەتی

کێشەکان کەرۆژانـە زەق دەبنـەوە لەبـەردەم سـەرکردەکان بەشـێکن لـە ژیـانی ڕۆژانەی هەر کەسێك، لێرەدا مەبەست لەکێشە ئەو لادانەیە لـە ئاسـت ڕاسـتی و بۆ چوونەکان، یان ئەو جیاوازیانەیە لەرەفتارو بەکار هێنانی دەسەڵاتەکان.
کێـشەکان زۆر و جـۆراو جـۆرن بـەڵام هەریەکـە رەگ و ریـشەی تایبـەت و هۆکـاری خـۆی هەیـە، کێـشەکان لەگۆرانـدان، کـەم و زۆرو هەمـە چەشـنەن، سەرکردە چۆن بەرەو رووی ئەم کێشەو کۆسپانە دەبێتەوە، چارەسەریان چۆن بۆ دەدۆزێتەوە.
هونـەرو لێهـاتوویی سـەرکردە هـەر لـەوە دانیـە کەکێـشە بدۆزێتـەوە، بـەڵکو لەوەدایـە کەچـۆن تێیـان دەگـات و چارەسـەریان بـۆ دەدۆزێتـەوە بـەجۆرێکی لەبارو ئاستێکی بەرز، دوو دیـاردەی زۆر ترسـناك کەبەشـێك لەسـەر کردەکـان تووشی دەبن بریتیە لە : (٤٧)
أ) تـووش بـوونی سـەرکردە بەنەخۆشـی خۆبەمـەنزن زانـین، دیاردەکـانی ئـەم نەخۆشـیە. بریتیـە لـەباوەڕ هێنـانی سـەکردە بـەوەی کـە لـە هـەموو کەسـێك بەتواناترەو هیـچ بـواری ملمڵانـێ نیـە تـەنها لەگـەڵ خـودی خـۆی نـەبێ، ئـەم دیاردەیە سەرکردە دەخاتە بارێکی پەرتە وازەیی و سـەر لێ شێواوی فیکری و دەروونی.

ب) کاتێ سەکردە بایەخ پێدانی بەلایەنگرانی و بەئامانجەکانی لەدەس دەدات، بایەخ پێدانی بنچینەیی تەنها پاریزگاریکردنی باری راهاتووە واتە سەرکردایەتی لەپێناو سەرکردایەتی.

بۆ تێگەیشتن لەراستی هەرکێشەیەك و دیاریکردنی دیاردەکانی، پێویستە سەرکردە بگەرێتەوە بۆ ئەم بوارو سەرچاوانە (٤٨)

١) زانیارییە مێژووییەکان، کە زۆر لەچالاکی و کێشەو چارەسەرییەکانی پێشو دەگرێتە خۆی.

٢) زانیارییەکان دەربارەی پلاندانان کە بەهۆیەوە بەراوردێك لەنێوان رووداوەکان و ئامانجە دریاریکراوەکان دەکرێت.

٣) رەخنەی دەرەکی کەلەهەموو بوارێکی پەیوەندارەوە ئاراستە دەکرێت.

٤) بەراورد لەنێوان بارو دۆخە هاوشێوەکان.

## سەرکردەی لێهاتو بەچەند قۆناغێك ئەم ئەرکە هەڵدەسوورێنێت:

أ) دۆزینەوەو زانینی کێشەکەیان وریا بوونەوە لەپێش روودانیان .

ب) خۆ ئامادەکردن و لەخۆگرتنی مەترسیەکان. (٤٩)

## تواناو ئامادەیی سەرکردە بۆ چالاکی نواندن بەلێهاتووی و شارەزایی:

بۆ سەرکەوتن بەسەرکێشەو کۆسپەکان پێویستە سەرکردە بەیەخ بەم لایەنانە بدات: (٥٠)

١- لەگەڵ سەرکردە تیمێکی کار هەبێت.

٢- دانانی پلان و بەرنامەی کار.

٣- پەیوەندییەکان کاریگەر بێت

٤- خۆ راهێنان لەسەر رووبەروو بوونەوە .

٥- هەلسەنگاندن و پێداچوونەوەی هەنگاوەکان.

## پسپۆری ئەم بوارە (ئارنی) کێشەکان دابەش دەکاتە سەر:

١) کێشەی تاکەکەسی :

وەك بارێکی دەروونی لەنێوان دوو هەڵوێستدا نەزانی کەکامیان هەلبژێرێت.

٢) کێشەی ئاستی گروپ:

کێشەی پەیوەندییەکان، نەبوونی یەکگرتوویی، کێشەو پلەو پایەو رۆڵ، کێشەی ئامانج و پەیوەندییەکان، کێشەی ستراتیژ.

٣) کێشەی ئاستی رێکخراو:

دابەش دەکرێن بەسەر : کێشەی سیستەم، کێشەی بونیاتی رێکخراوەیی، کێشەی دلسۆزی.

هەولێرنامەی کتێب

## رەفتاری هەندێ لەسەرکردەکان لەکاتی رووبەروونەوە:

١- حەز لەدەسەلات و ئارەزووی خۆبە گەورە زانین.

٢- نەبوونی هاوسەنگی دەروونی.

(هەلچونی بەردەوام، توورەبوو، دەم و چاو گرژی، دابران و دلە راوکێ، کێشەی خێزانی، کێشەی ئابوری، پەیوەندییەکان)

٣- ترس کەمێشك و دەروون بگرێتەوە:

ترس لەشتی نادیار کەزاڵ دەبێت بەسەر هەست و دەروونی سەرکردەو دەبێتە هێزێکی روخێنەرو کاریگەری گەورەی دەبێت بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان،

ئەم جۆرە هەڵچوون و جۆش و خرۆشانەی کاردانەوەیان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی باوەڕ بەخۆو دامرکاندنەوەی ورە بەرزی و خوێن گەرمی.

٤- هەست بەکەمی : (٥١)

بارێکی دەروونیە راستەوخۆ کەسەکە درکی پێدەکات، روودەدات بەهۆی کەم و کورتیەکی: ئەقلانی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، رەنگە راست بێت یان بەگومانکردن بێت، لەدیار دەکانی ئەم هەستە : شلەژان، شەرم و ترس لەهەندێ هەڵوێستی کۆمەڵایەتی.

٥- ئارەزووی پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارانەی کەپێی هەڵدەسێت، بەتایبەتی لەو رووداوو هەڵوێستانەی کەسەرکەوتنی تیادا بەدەست ناهێنێت بۆ تێگەیاندنی کەسانی تر، ئەمەش جۆرە فێلێکە لەخودی خۆی دەکات.

٦- پەیوەندییە نالەبارەکان و سەرنەکەوتن لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، وەك پەیوەندی نێوان سەرکردەو هاوکارانی .

٧- رەفتاری سەرکردە لەناو دامەزراوەکەی و پیادە کردنی بۆ سیستمی دامەزراوەکە، رەنگە ببێتە هۆی ململانێ و پەیوەندی ئالۆز.

## سەرکردە چۆن دەبێتە هۆی بێ ئومێدکردنی لایەنگرانی : ( ٥٢ )

١- بێ سەروبەری لەسیاسەتی سەرکردە، لەئاست ئەو کێشانەی رووبەڕووی رێکخراوەکە دەبنەوە .

٢- جێ بەجێ نەکردنی بەڵێنەکان.

٣- رێز لێنەگرتن و پشت گوێ خستن و مامەڵە کردنێکی خراپ لەگەڵ هاوکارو لایەنگرانی.

٤- پیرەوکردنی رێبازی دیکتاتۆرییەت.

٥- بلاوبوونەوەی رۆتین لەکاروباری رێکخراوەکە.

٦- بڕیارە دژ بە یەکەکان.

٧- نایەکسانی لەمامەڵەکردنەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

## - 8 -

## پەیوەندی سەرکردە بە :

- **یەکەم// دەسەڵات :**

دەسەڵات چیە؟ دەسەڵات بابەتێکە لەنێوان زانستی رەفتارو کۆمەڵناسیدا دەوەستێت و پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەرەفتارەکانی مرۆڤەوە هەیە، هەروەها پەیوەندیشی هەیە بەو گۆرانکاریانەکە لەکۆمەڵدا روودەدا، دەکرێت پێناسەی دەسەڵات بکەین بەکورتی و بەم شێوەی خوارەوە:

دەسەڵات شێوەیەکە لەشێوەکانی هێز کەتواناو چالاکیەکانی تاکەکان بەرێوە دەبات و ئاراستەی دەکات بەرەو جێ بەجێ کردنی ئامانجەتایبەت و گشتیەکان. (٥٣)

مەبەستمان لەدەسەڵات دیارە دەسەڵاتی سیاسیە زیاتر کە سەرکردایەتیەکان بەکاری دەهێنن، ئەم جۆرە دەسەڵاتە سەرچاوەی هێزە و ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت: رەوایی، سەرچاوەمرۆییەکان، لێهاتویی و زانست، فاکتەرە نەبینراوەکان (بایۆلۆجی – سایکۆلۆجی)، سەرچاوە مادییەکان، تاوان و سزاکان. (٥٤)

لێرەدا چەند هۆکارێك هەیە کە دەبێتە هۆی ئارەزووی مانەوەی سەرکردەکان لە دەسەڵاتگرتن بەدەست: (٥٥)

١. سوود وەرگرتن لەو (ئیمتیازاتانەی) بەهۆی دۆخەکە پەیدابووە وەك (دام و دەزگا کارگێرییەکان – پارە – ئەرشیف و زانیارییەکان)،

کەمەڵناسەی کتێب

ئەمانە هەموویان ئامرازن بەدەستی سەرکردە بەکاریان دەهێنێ، بەتایبەتی سەرکردەی حزبە سیاسیەکان.

٢. سوود وەرگرتن لەو زانیاری و پەیوەندییانەی لای سەرکردە کۆدەبنەوە، بەکاریان دەهێنێ وەك پێویست بۆ بەرژەوەندییەکانی.

٣. ناوبانگ :

ناکارەکانی دەسەلات و رابەرایەتی کردن، لەم خالانە کورت دەکەینەوە:

١) دەسەلات پەیوەستیەکی بەیتنی هەیە بەکەسی سەرکردە.

٢) هێزی سەرکردە ملکەچی هیچ چاودێرێك نیە. (٥٦)

٣) سەرچاوەی دەسەلاتی سەرکردە پشتگیری کردنی گەلە.

٤) سەرکردە بڕیار دەدات، هەلس و کەوت دەکات، هەروەك بۆ خۆی توانای یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کۆمەلی هەبێ.

٥) سەرکردەی بەسام و تەلیسماوی تایبەتمەندی کۆمەلگەی بزێوە، واتا کۆمەلگەی بەرهەم هێن کە لەباری ئەم سەرکردایەتیەیە، ئەم سەرکردەیە کۆمەلێکی خوێن گەرم بەرجەستە دەکات بۆ کێشەیەکی هاوبەش.

هەولێرنامەی کتێب

**سەرکردەی ئەفسانەیی چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە :**

١- سیما ئەفسانەییەکانی ئەو سەرکردە بەئیلهامە لەدووکاری بەیەك بەستراو دەردەکەوێت :

أ) جۆری گەیشتنی بەدەسەلات .

ب) خەیاڵی جەماوەر کە جۆرە پیرۆزییەك و ئەفسانەییەك دەخاتە سەر کەسایەتیەوە .

٢- سەرکردە لێرەدا وەك هەلبژێردراو تەماشا ناکرێت، و بەس، بەڵکو ئەو چاوەروانکراوەیە کەلەماوەی بزووتنەوەیەکی نهێنی یان ئاشکرا دەردەکەوێت لەناو جەماوەر گەشە دەکات و دەگاتە قۆناغی لوتکەی دەسەلات.

٣- پاش دەسەلات بەدەستگرتن پێویستە رۆڵی لەرادە بەدەر بێنێتەدی لەبەردەم پێرەوکارانی.

**سەرکردە لەرژێمە دیموکراسیەکان دەکرێت دەسەڵاتەکانی بەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە :** ( ٥٧ )

١) دانانی رێبازو بەرنامەی بنچینەیی سیاسەتی گشتی، لەهەردوو بواری دەرەکی و ناوخۆدا.

٢) لەسەردەمی ئاشتیدا چوارچێوەیەك بۆ سیاسەتی سەربازی دیاری دەکات.

٣) رێك و پێك کردنی نێوان دەزگا جۆراو جۆرەکانی دەوڵەت.

٤) رابەرایەتی کردنی زرۆینە لەپەرلەمان.

٥) مامەڵە و هەڵس و کەوت لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی جۆراو جۆر لەچین و توێژوگروپی بەرژەوەندییەکان هەروەها ئاگادار بوون لەبیرو رایان.

٦) بەشـــداری گفتوگۆکـــان بکـــات بەســـەر کـــەتوویی چ لەکۆبوونـــەوەکانی پەرلەمان بێت یان حکومەت و کێشەکان روون بکاتەوە.

- **دووەم// دیموکراسیەت :**

پێشتر بیرو بۆ چوون دەربارەی بوونی توانا لەجێ بەجێکردنی کاروبارەکان بریتی بوونە لەباری بەدەس هێنانی هێز، هێزیش شەرعیەت وراستی بۆ سەرکردە بەدەس دێنێت.

هەروەك زانراویشە کەسەرکردایەتی بریتیە لە بەدەس هێنان و بەکار هێنانی هێزو دەسەلات.

ئەم بیروڕایانە دەربارەی سەرکردایەتی بەرادەیەکی گەورە کارتێکردنیان دەبێ لەسەر گواستنەوەی بیرو بۆ چوون و بڕیاردان هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ هەڵوێستێکی تر. (٥٨)

لەسیستمی دیموکراسی واپێویست دەکات کەهاوڵاتیان خاوەن ئاستێك بن لەزیرەکی سیاسی و شارەزایی، سیمای هاوکاری کردنی کۆمەڵایەتیان بەسەردا زاڵ بێت، جڵەوی نەفس گرتنیان هەبێت، هەروەها بەکار هێنانی ژیری لەدۆزینەوەی چارە سەری و پەرە پێدانی دام و دەزگای سیاسی گونجاو بەرەو سیستمێك کەئامانجی ئازادی و بەرپرسیاریەتی بێت. (٥٩)

بۆیە ئەو کەسەی لەهەوڵی گەیشتن بێت بۆ پێگەی سەرکردایەتی پێویستە ئەو ماف و توانایانە بسەلمێنێ هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاریان دەهێنێت بۆ هاندان و روژاندن، ئامرازەکان پەسند کراوبن لەلایەن کۆمەڵەوە.

بەهێزترین سەرچاوەی دەسەڵات لەسیستمی دیموکراسیدا ئەم ئاکارانە دەگرێتە خۆی:

پێویست دەکات سەرکردە توانای رونکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵی هەبێت، رێبازی سیاسی خۆی بەووشەی سادەو بەهێز بەرچاو بخات، بەشداری لەململانێی هەڵبژاردنەکان بکات و توانای سەرکەوتنی هەبێت، خەسلەتەکانی کارگێری سەرکەوتووی هەبێ بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان و حکومەت.

لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەرفەتەکان بۆ سەرکردایەتی بەپلەیەکی گەورە دووجابۆتەوە، کاتێك تاکەکان تێگەیشتنیان بۆ بوونی سەرکردایەتی وەك پێداویستیەکی سایکۆلۆجی راست بێت.

کۆمەڵگەی دیموکراسی دەرفەت پێشکەش دەکات بۆ ئەو تاکانەی دەتوانن راست و رەوایی خۆیان لەبواری دەسەڵات و هێز دەربخەن.

لەسیستمی دیموکراسی، سەرکردایەتی سیاسی پێگەیەکی گرینگە، کەدەرفەتی بۆ خۆشکراوە، یەك لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە دیموکراسیەکان بوونی کۆمەڵەو دامەزراوەی جۆراو جۆری ناو دەوڵەتەکە هاوڵاتیانی تیادا کۆبوونەتەوەو دەرفەتی سەرکردایەتی کردنیان هێناوە تەپێش.

هەموو سەرکردەیەك و لەسەر هەر ئاستێکدا بێت لەکۆمەڵگەی دیموکراسی جێگای داوا لێکردنە کە بەردەوام بایەخ بدات بەمافو ئارەزووی تاکەکانی و بیسەلمێنی.

سەرکردایەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراسی وەك راستیەك، دەبێ ببێتە پەیوەندییەکی کەسایەتی گیانی جیاکارو ببێتە ئامرازی هاوکاریکردن.

- 9 -

# پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی سیاسی و سەرکردایەتی سەربازی

دەکرێت جیاوازی نێوان سەرکردایەتی سیاسی و سەرکردایەتی سەربازی بەم خاڵانەی خوارەوە روون بکەینەوە:

سەرکردەی سەربازی بەئاسانی دەتوانێت رابەرایەتی هێزەکەی بکات لەکاتێکدا رابەری سیاسی پێویستی بەبەکار هێنانی شێوازەکانی رازی کردن و پشتگیریکردن هەیە. (٦٠)

هەردوولا پێویست دەکات بیروڕای هاوسەنگی باشیان هەبێ، دەبێت هەردوو سەرکرد بەبەهرە ئەوە بزانن چ کاتێك پێویستی بەشێلگیری و ئازایەتی هەیە، هەروەها لەچ کاتێکدا پێویستی بەوریای دەبێ.

هەردوولا پێویستە توانای هەڵسەنگاندنی گرینگی راستەقینەی هەڵوێست و روداوەباش وخراپەکانیان هەبێت، کە بەرەو روویان دەبێتەوە، پێویست دەکات هۆی ئەوە بزانن کە ئازایەتی و هێزی بیرکردنەوە زۆر گرینگە بۆیان.

سەرکردە سەربازییە سەرکەوتووەکان بەردەوام دڵنیابوون لەوەی کە ئامانجەکانیان جێ بەجێ دەبن، ئەم دڵنیا بوونەیان لە تواناکانیانەوە سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەی تێروانینیان بۆ هەرکێشەیەك بەشێوەیەکی ساکار دەبێت و دۆزینەوەی راستی کاروبارەکان هەمووی پێویستن بۆ سەرکەوتنی ئەو رەگەزانەی کە دبێ کاروبارەکەی لەسەر بنیات بنرێت، پاشان بریاردان لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێکردنی ئەو کاروبارە راستیانە.

هەواڵنامەی کتێب

سەرکردە سەربازییەکان ڕێگا نادەن بەوەی کە یاسە دوورو درێژەکان، کاروبارە ڕاستیەکانی سەرکەوتنیان لێ چەواشە بکات، ئەو سەرکردانە متمانەیان بەخودی خۆیان بۆ تە هۆی یەخشینی هێز بەسەربازەکانیان، وایان تێبگەیەنن کە لەدوژمن بەهێزترن هەر ئەوەش و یستی سەرکەوتنیان تیادا دروست دەکات.

ئەو هێزو توانایەناکرێت پەیدابێت تەنها لەئەنجامی بەیەك گەیشتنەوەی کەسی سەرکردە بەسەر بازەکانی نەبێت بەلام سەرکردە سیاسیەکان لەجیهاندا و بەتایبەتی لەولاتانی دیموکراسی خواز ئەم لایەنانە وەك پێویست بەکار ناهێنن. بەپێچەوانە لەولاتانی سیستمی تاك حزبی زیاتر بەکاری دێنن. سەرکردەی سەربازی متمانە ناکاتە سەر دەزگاکان بۆ پەیدا کردنی هێزو دەسەلات کەپێویستی پێی دەبێ، ئەو دەزانێت کە لە دڵ و دەروونی سەربازانی هێزێکی وێژدانی گەورە هەیە پەنگی خواردۆتەوە و پێویست دەکات دەرگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لێی دەرپەرێت بەشێوەیەکی لەبارو دروست و ببێتە کارێك بۆ وروژاندنی دڵی سەربازانی و بزواندنی بیرو خەیاڵیان.

جیاوازییەکی تر لەنێوان سەرکردەی سیاسی و سەرکردەی سەربازی ئەویش بریتیە لەوەی سەرکردەی سیاسی بێنەو بەرەو (مناورە) بەکار دەهێنێت بۆ دڵنیا بوون لەو کارەی کەدەیکات و پەسند دەبێت لای لایەنگرانی، پلانەکانی سەرکردەی سیاسی لەرووی سەربازییەوە زۆر ئاڵۆز دیارە، ئەو ڕاهاتووە لەسەر بنەمای کاری ساکارو بریارو جێ بەجێکردن.

ڕەنگە هەردوولا لەبۆ چوونیان ڕاست بن، هەریەکە لەبواری کاری تایبەتی خۆی، بەلام ئارەزووی سەرکردەی سیاسی بە دوورکەوتنەوە لە بڕیاری یەکلاکەرەوە یاخود دواخستنی لەهەموو کارێك زیاتر جێگای ناڕەزایی

سەربازانە، بەلای سەرکردەی سەربازی هەڵوێستی سەرکردەی سیاسی بەم جۆرە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزی و لەدەستدانی ساکاری کە هۆکارێکی گرینگە لەهونەری سەربازی.

کارێکی بەڵگەنەویستە کەسیاسی هەندێ لایەنی چاکەی لە سەرباز زیاترە لەبەر ئەوەی سیاسی بەردەوام لەکار کردندایە لەکاتی ئاشتیدا بوارەکانی کارکردنی پیشەکەی کەمترە. ئەگەر بەکاریشی هێنا ئەوا بەشێوەیەکی رووالەتی دەیکات، راستیشە کە دەوترێت سەربازان بەکەم بایەخ و گاڵتە پێکردن تەماشای کۆسپ و کێشەکانی سەرکردەی سیاسی دەکەن لەکاتی ئاشتیدا.

سەربازان بێزار دەبن لەسستی سەرکردەی سیاسی بەتایبەتی لەکاتی وەرگرتنی بڕیارو هەندێ ڕێو شوێن کە بەگرینگ تەماشا دەکرێت، بەلام سەرکردەی سەربازی ئەوە لەبیر دەکات کە سەرکردەی سیاسی پێویستە رای گشتی ئامادە بکات و چاوەڕوانی نارەزاییەکان بێت و بیر لەکەم و کورتی و کێشەکان بکاتەوە.

سەرکردەی سەربازی سیمایەکی گەورەی هەیە زیاتر لەسەرکردەی سیاسی، ئەویش ئەوەیە داوای لێناکرێت بیروراو هۆیەکانی کارەکەی بۆ رای گشتی بوون بکاتەوە.

زەحمەتە سەرکردەی سەربازی بەئاسانی تێبگات کەچی لەکێشەو کەم و کورتی و داواکاریەکان لەدەوروبەری سەرکردەی سیاسی هەیە لەجیهانی ئەمرۆدا.

## - 10 -

# پەیوەندی نێوان کارگێری و سەرکردایەتی

زاراوەی کارگێری (Management) پێناسەکەی بەم جۆرە هاتووە:
کارگێری لەسەر بنەمای ئامانج، سیستمێکە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسووکەوتی فەرمانبەر کە بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی خووڵاوەیی هەڵدەستێ بە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکان بۆ تاوتوێ کردنی ئەرکی هەر کامیان و رێککەوتن لەگەڵ هەر فەرمانبەرێك بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی بۆ ماوەیەکی داهاتوو تاوتوێ کردنی مافی فەرمانبەرەکان لەبەرامبەر بەدی هێنانی ئامانجەکان. (٦١)
کارگێری لقی جۆراو جۆری لێ دەبێتەوە وەك کارگێری کۆمەڵایەتی کەمەبەستی شیکردنەوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و بەجێهێنانیەتی لەماوەی کاری بەکۆمەڵ کە ئامانجی زاڵبوونە بەسەر ئەو کێشانەی بەرەو رووی کۆمەڵگە دەبنەوە، کارگێری کردارێکی هاوکارییە داکۆکی لەسەر خوڵقاندنی گیانی تێگەیشتن و هاوکاری و بەکار هێنانی کاری بەکۆمەڵ دەکات.
لەهەر دەزگاو دامەزراوەیەکی مرۆیی کارمەندانی وەك سەرچاوەیەکی سەرکردایەتی تەماشای بەڕێوەبەرەکەیان دەکەن، هەروەها زانستی کارگێڕی وای بۆ دەچێت کە بەڕێوەبەری کارگێری بەچەندین کارو ئەرك هەڵدەسێت، وەك پلاندانان، رێکخستن، چاودێری و ئاراستە کردن و رابەرایەتی کارمەندان. (٦٢)

دەکرێت بەڕێوەبەرێك توانای ڕاپەڕاندنی ڕۆڵی سەرکردایەتی نەبێت بەهۆی لەدەستدانی کۆڵەکەکانی کەسایەتی و ڕەفتاری کە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەچالاکی کارتێکردنی بەسەر لایەنگران.

لەراستیدا کردار ئەوەی سەلماندووە کەسەرنەکەوتنی بەشێکی زۆری بەڕێوەبەرەکان وەك سەرکردە هەروەها ململانێی نێوان بەڕێوەبەرو کارمەندان و ملکەچ نەکردنی کارمەندان بۆ بەڕێوەبەرەکەیان ورازی نەبوونیان پێی و جێ بەجێ نەکردنی کارمەندان بۆ بریارو ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەر، نموونەی ئەوەن کە بەشێك لەبەڕێوەبەرەکان خسلەت و ئاکاری سەرکردایەتیان نەبووە.

بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی بەدەست بێنێت لەناو دەزگاکەی خۆی، دەبێت ئەم مەرجانەی تیادا بەدی بێت. (٦٣)

١. درك کردن بەگرینگی ئەرکەکە.
٢. لەخۆبوردەیی (دوور کەوتنەوە لەخۆهەلکێشان)
٣. لێهاتوویی و پسپۆری.
٤. بڕیاری دروست لەسەر کێشەکان.
٥. هێزو توانای جەستەیی.
٦. ڕەفتارو ڕەوشتی بەرز.

بەپێچەوانە ڕەنگە سەرکردە ڕۆڵی بەڕێوەبەری هەبێت یان نەبێ، سەرکردە ئەگەر لەپێگەیەکی کارگێری بوو دەسەلات ڕێگای سەرپەرشتی کردنی ژمارەیەکی کارمەندانی پێدا بێت ئەوا دەکرێت ڕۆڵی بەڕێوەبەرو سەرکردە ببنە یەك و کۆیان بکاتەوە.

هەمەکتابەکتێب

بەکورتی ئەگەر سەرکردە هەبوو واباشترە ئەرکێکی کارگێری پێ بسپێردرێ هەروەها ئەگەر بەڕێوەبەرێك پەیدابوو واباشترە لەسەر رۆلی سەرکردایەتی رابهێنرێت بۆ ئەوەی سەرکردە ببێتە بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەر ببێتە سەرکردە.

## پەیوەندی نێوان کارگێری و سەرکردایەتی : (٦٤)

سەرکردایەتی کارگێری پێویستە سێ رەگەزی تیادا بەدی بێت:

١. خاوەن کارامەیی پێویست بێت بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی رێکخراوەکە.
٢. کۆمەڵێك لەکارمەندان خاوەن لێهاتوویی پێویست بن بۆ ئەرکەکانی ئۆرگانەکە.
٣. لەهەڵوێستێکی دیاریکراودا ئەندامانی رێکخراو ئەو کارو بارانەی خراوەتە ئەستۆیان جێ بەجێی بکەن.

# جیاوازییەکانی نێوان سەرکردەو بەڕێوەبەر

| بەڕێوەبەر | سەرکردە |
| --- | --- |
| ١- بەڕێوەبەرە بەپێی بڕیارێکی فەرمی دیاری دەکرێت و دەسەڵاتەکانی پێ دەدرێت. | ١- مەرج نیە سەرکردە بەبڕیاری فەرمی دابنرێت. |
| ٢- بەڕێوەبەر زیاتر بایەخ بەلایەنی جێ بەجێکردن دەدات. | ٢- ئەرکەکانی سەرکردە لایەنەکانی تر دەگرێتەوە کەپەیوەندی بەئامانجەکانی کۆمەلەکەی هەیە. |
| ٣- بەڕێوەبەر خەریکی کارە هەنووکەییەکان دەبێ و لەسەر ئاستی کورت خایەن. | ٣- سەرکردە بایەخ دەدات بەگۆڕانکاری و پەرەپێدان لەسەرئاستی درێژ خایەن. |
| ٤- دەسەڵاتی بەڕێوەبەر لە پلە فەرمیەکەیەتی. | ٤- دەسەڵاتی سەرکردە لەپێگەو پلەی ناکۆمەڵەکەیەتی |
| ٥- کار بۆ بەردەوامبوونی کارو بارەکان دەکات. | ٥- سەرکردە داهێنەرو نوێکارە لە هەرکارێك پێی هەڵسێ |
| ٦- هەوڵی جێ بەجێکردنی سیستم دەدات. | ٦- گوێ بەمەترسیەکان نادات |
| ٧- پێرەوی ئەقل دەکات زیارت لەهەست و سۆز | ٧- لەیەك کاتدا پشت بەسۆزو ئەقل دەبەستێت |

# بەشی دووەم

## سەرکردە بەناو بانگەکان

هەواڵنامەی کتێب

## سەرکردە بەناو بانگەکان

لەم چەند لاپەرەیەدا باس لەژیانی دەستەیەك سەرکردەی بەناوبانگ دەکەین، هەریەکە ناوبانگی سنوری ولاتی خۆی بەزاندووە و کارو رەفتارەکانی کاریگەریان بەسەر زۆر لایەن و کۆمەڵی تردا بەر چاو دەکەوێت، سەرکردە، هەڵوێستە، کارتێکردنە، کۆمەڵە بەهاو ئاکارێکە.

لەبەشی یەکەمی ئەم نووسینە چەند بابەتێك وەك توێژینەوە لەسەر سەرکردە باس کراوە، کەبیرورای بەشێك لەشارەزایانی ئەم بوارەیە، ئەو سەرکردانەی لێرەدا بەسەرهاتی ژیانیان بەکروتی باس دەکرێت هەل و مەرجی ژیانیان لەگەڵ یەکتر لەزۆر رووەوە جیاوازە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان و کەلتوری هەر کۆمەلگەیەکیان سیماو تایبەتمەندی خۆی هەی.

ئەم سەرکردانە هەریەکە لەولاتێك و لەسەردەمێکدا ژیاون، هەر یەکە بۆماوەیەك رابەرایەتی کۆمەلیان کردوە، رەنگە بەشێکیان ناوبانگی یەکتریان زانی بێت یان هەندێك چاویان بەیەك کەوتبێ، بەڵام هەریەکە شێوازو هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەبووە، هیچیان هەلگری هەموو رەفتارو خەسڵەتە سەرکردایە تیەکەی یەکتریان نەبوە، بێ گومان لەنێوان هەموو یاندا خەسڵەت و ئاکاری هاوبەشیش هەبووە.

ئەو ماوە مێژووییەی ئەم سەرکردانە لەیەك جودا دەکاتەوە لە (٨٠٠) ساڵ زیاترە لەجەنگیزخانەوە تا دەگاتە نیلسون ماندیلا.

لەو ماوە دورو درێژە دا گۆرانکاریەکان لەهەموو بوارەکانی ژیان زۆر قوڵ و کاریگەربووە، بۆیە بێگومان رەفتارو بیرو بۆچوون و چەمکەکان گۆراون، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆران لەسیماو ئاکارەکانی هەریەکە لەو سەرکردانە کەبەپێی هەل و مەرج و تواناکانی خۆیان کاریان کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

# جەنگیزخان (٦٥)

جەنگیزخان لەساڵی (١١٦٢)ز لەوڵاتی مەغول لەدایك بووە باوکی سەرۆك هۆزێکی شوانکارە بووە.

لەتەمەنی (١٣) ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە، لەم تەمەنە منالیەدا ئەم کورە خۆی بینیەوە کە پێویستە لەپێناوی سەروەری و مانەوەدا خەبات بکات و بەدرێژایی تەمەنی تووشی چەندین هەڵوێستی دژوارو بارو دۆخی نالەبار بۆتەوە لەزۆربەیان سەرکەوتنی تیادا بەدەس هێناوەو شارەزاییەکی باشی پێ بەخشیوە.

لەتەمەنی چل ساڵیدا بەردەوام لەزنجیرە شەڕو پێکدادانددا بووە لەنێوان هۆزەکەی و هۆزەکانی تر، سەرکەوتنی بەردەوامی بەدەست هێناوە، ئەگەر چی ئەم شەڕانە بەوردی بەتۆمار کراوی بەردەس ناکەون، لەم شەڕانەدا باش فێری پیشەکەی بووە، لێهاتوویی و شارەزایی گەورەی پەیدا کردووە کە پاشان بەکاری هێناوەو پێی دەرکەوتوەو ئەستێرەی بەناوبانگ بووە.

ساڵی (١٢١٣)ز لە تەمەنی (٥١) ساڵیدا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست (٦٦) هێناوە ئەویش روخاندنی ئیمپراتوریەتی چین بوو، خەڵکی چین شێوازی بەرگری جێگیریان بەکار هێناوەو دوور کەوتوونەتەوە لەجولەو لێهاتوویی لەمەیدانی شەردا هەموو متمانەیان لەسەر دیواری چینی مەزن بووە، بەڵام هێزەکانی جەنگیزخان لەسێ لاوە توانیویانە لەم دیوارە تێپەڕ بن و پاشان هێرشیان بڵاوە پێ بکەن لەوڵاتی فراوانی چیندا.

پاش ئەم سەرکەوتنە لەماوەی شەش ساڵی داهاتوودا جەنگیزخان خەریکی ڕێکخستنەوەی سوپای مەغول بووە، وە لەئەنجامی تێکەڵ بوونی زانیاری چین و توندو تیژی سوپای مەغول، دامەزراوەیەکی جەنگی دروست کرد کەوێنەی لەمێژوودا پێشتر نەبووە.

ناوی لەم هێزدنا (ڕەوی زێرین) ئەم لەشکرە بریتی بوو لەهێزی سوارە چەکەکانی دەستیان پێك هاتبوو لە (رم، شیر، مەنجەنیق)، ئەم لەشکرە بەچڕی ئاگری بەکار دەهێنا بەر لەهەر هێرشێك، بەڵام جوڵاندن و گواستنەوەی ئەم لەشکرە لەئاستێکی بەرزو پلەیەکی زۆر گەورە بوو تارادەیەك کە جێگای باوەر نەبێت.

یەك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنە گەورەکانی جەنگیزخان و لەشکرەکەی شێوازەکانی هەوالگری بوو، مەغولەکان بەر لەهەر هێرشێك زانیاری تەواویان بەدەس دەکەوت لەڕێگای نۆکەرەکانیان، بەکاریان دەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی پرو پاگەندەو روخاندنی و ڕەی دوژمنەکانیان وەك (ڕەتڵی پێنجەم) هاوکار دەبوون بۆ لەشکری مەغول لەکاتی هێرش و شەڕدا، مەغولەکان ئەم لایەنەیان سەرکەوتوانە بەکار هێناوو سوودیان لێ وەرگرت.

لەو شێوازانەی لەشکری جەنگیزخان بەکاری دەهێنا بۆ تۆقاندن و ورە بەردانی دوژمنەکانیان لەکاتی هێرش بردنیان و گەمارۆدانی شارەکان، بریتی بوو لەبڵاوکردنەوەی جۆرەها پروپاگەندەی ترس و دڵەراوکێ و بێ ئومێدی پەیدا کردن لەکاتی بەرگری کردن، کەهەمووی بەمەبەستی رووخاندنی توانای دوژمنەکان و بەرگری کردنیان بووە، دیارە ئەمە جۆرێکە لە جەنگی دەروونی.

بەبیروڕای مێژوونووسان جەنگیزخان لەکاتی هێرش بردنی لەشکرەکەی بۆ سەر وڵاتی چین بەرپرسیارە لەکوشتنی زیاتر لە (هەژدە ملیۆن) کەس، بۆیە ترس بۆتە هۆکارێکی گەورە لەتێشکانی بەرگری کردن لەرووی لەشکری مەغول.

بێ گومان مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کەجەنگیزخان لەهەموو سەرکردە سەربازیەکانی درندە تر بووە، بەڵام دەکرێت بووترێت ئەو درندایەتیەی ژیرییەکی تێدابووە کەئەویش ترساندنی دوژمنەکانی و ورە بەردانیان بووە لەکاتی شەڕدا، لەهەمان کاتدا بۆ هاندان و خوێن گەرم کردنی هێزە درەکانی خۆی بووە، بۆیە دەبێت خەسڵەتی درندایەتی بخرێتە سەر خەسڵەتەکانی تری ئەم سەرکردەیە.

توێژینەوە لەو جەنگانەی جەنگیزخان سەرکردایەتی کردووە ئەوە دەردەخات کەناوبراو هەمان زانیاری هەبووە لەسەر بنەماکانی جەنگ کە ئەمڕۆ پیادە دەکرێت لەجەنگە باوەکان، وەك:

(هێرش کردنی لەپڕ، لێهاتوویی، جولەکردن، کۆمەڵ بوون، ئاسایش، کاری بەگژدا چوون، بایەخدان بەورە بەرزکردنەوە).

سەرەرای ئەم بنەمایانە جەنگیزخان هەوڵی دەدا بەردەوام بێت لەتوندی و سووربوون لەسەر بەدی هێنانی ئامانجەکەی، لەگەڵ هەوڵی ئەوەدا بووەکە هەر ئامانجێك جێگای ویست بێت لەرووی ستراتیژەوە دەکرێت جێ بەجێ بکرێت بەخۆسازدانی ئەو هێزانەی لەبەردەستدان.

جەنگیزخان بەهیچ جۆرێك تێوەگلانی پەسند نەدەکرت ئەگەر درکی بەوە بکردایە کە ئەو شەڕە لەتوانای سوپاکەی نیەو رەنگە تووشی شکست بێت.

هەوراسامی کتێب

جەنگیزخان سەرکردەیەك بوو لەجۆرێکی مەزن هەڵمەتە سەربازییەکانی نموونەی هونەری جەنگ بوون، ئەو وڵاتانەی داگیری کردن لەوڵاتی هیندستانەوە تا پۆڵەندا بوو لەرۆژ ئاوادا.

جەنگیزخان لەساڵی (١٢٢٧)ز کۆچی دوایی کرد، سەرکردەکانی دووای خۆی بەردەوام بوون لەسەر هێرشەکانیان تا وڵاتی روسیا و پایتەختەکەی شاری (مۆسکۆ)یان داگیرکرد، پاشان لەساڵی (١٤٤١)ز پەلاماری وڵاتانی (پولەنداو مەجەریان)دا.

هەواڵنامەی کتێب

# ناپلیون بونابرت (٦٧)

لەشاری ئەجاکسیونی دورگەی کرس لەبەرواری ١٧٦٩/٨/١٥ز لەدایك بووە، دایکی – خاتولیسیا- لەدادگای شاردا پیشەی پارێزەر بووە، باوکی (شارل بونابرت) پارێزەری دادگابووە، نابلیون کەتەمەنی گەورەبوو لەیەکێك لە قوتابخانە سەربازیەکانی فرنسا خراوەتە بەخوێندن.

ناپلیون دەربارەی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە کە :

**"لەمنداڵیدا نەچووەتە ژێر باڵی هیچ کەسیکەوە، شەرانگێزو ئاژاوەچی بووەو لەکەس نەترساوە"**

ناپلیون منداڵێکی کەللە رەق بووە، دایکی خۆش دەویست، ئەو خێزانە بەقەناعەتەوە دەژیان و زۆر زەحمەت و کێشمەکێشمی ژیانیان نەدەکێشا، باوکی پیاوێکی میهرەبان بوو، سەرپەرشتی راستەقینەی منداڵەکانی کردووە..

دایکی ناپلیون لەژیانیدا بەپەرۆش و خاوەن ئیرادەو بەکارو هەیبەت بووە.

لەساڵی (١٧٧٤)ز ناپلیون لەگەڵ جوزیفی برای لەفرنسا لەئەکادیمیای (بری ین) بۆ خوێندن وەرگیراوە.

ناپلیون لەو تەمەنەدا زوو رقی هەڵدەساو درەنگ هێمن دەبووەو کەمتر تێکەڵاوی کەسانی تر دەبوو، گوێی بەکەس نەدەدا، پشتی بەخۆی بەستبوو لەخوێندا زۆر زیرەك بوو هەموو جۆرە زانستێکی دەخوێند وەك: مێژوو، جوگرافیا، ماتماتیك.

لەکۆتایی ساڵی (١٧٨٤)ز باوکی ناپلیون بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی کەوتە ئەستۆی.

لەساڵی (١٧٨٥)ز بەپلەی سەرهەنگ چووە ناوسوپای فرنساو بووە لێپرسراوی سەربازگەی شاری پاریس، ژیانی زۆر دژوار بووە، بەشێکی زۆری موچەکەی بۆ دایکی دەنارد و بەدەس کورتی دەژیا.

لە ١٧٩٢/٧/١٠ هێرش کرایە سەر کۆشکی (پاشا لویسی ١٦) وە لەلایەن شۆرشگێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا، تا ئەو کاتە کەس باسی ناپلیونی نەکرد بوو، ئەفسەرێکی نەناسراوبوو.

ناپلیون لەگەڵ کەس و کاری لەشاری تولون جێگیر بوون، لەو ماوەیەدا شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزی شۆڕشگێران و لاینگیرانی پاشا درێژەی هەبووە، ناپلیون لەشاری تولون بوو کەهێرش کرایە سەر شارەکە لەلایەن لاینگیرانی پاشاو بەپاڵپشتی هێزی دەریایی بەریتانیا، ئەم شەڕە رۆژێکی مێژووی بوو لەژیانی ناپلیون کە فەرماندەی هێزی تۆپخانە بوو لەشارەکە، پاڵپشتێکی بەهێزی کۆماری خوازانی کرد دژی سوپای بەریتانیا ئەگەر توپخانەکە نەبوایە ئەوا شارەکە داگیر دەکرا.

بەم شەڕە ناوبانگی ناپلیون دەرکەوت و بوو بەئەستێرە و لەلایەن سەرکردە گەورەکانی سوپای شۆڕش لەفەرەنسا ناسراو باسی ئازایەتیان دەکرد، بۆیە ناپلیون لە ١٧٩٤/١/١٤ پلەی سەربازی بەرزکرایەوە بۆ سەر لەشکر، لەو کاتەدا تەمەنی (٢٤) ساڵ دەبوو.

ناپلیون لە ١٧٩٤/٢/٢٧ دەسگیرکراو زیاتر لەدووازدە رۆژ زیندانی کرا بەگومانی پەیوەندی بەپیلانەکەی روپسپیرەوە .

لەشـوباتی (١٧٩٦) دانــرا بەفەرمانــدەی لەشــكری خــوارووی وڵات، هێرشــی سـەربازی كرايـە سـەر ئيتاليـا و نـاپليون سـەركردەی ئـەو لەشـكرە بـوو سـەركەوتنی گـەورەی بـەدەس هێنـا، مەبەسـت لـەم هێرشـە خافڵانـدنی نەمسابوو.

ناپليون پاش سەركەوتنەكانی لەئيتاليا نامەيەكی بـۆ سـەركردەكانی لـەپاريس نووسی و تيادا هاتبوو، "هەست دەكەم بۆ نابوت كردنی بـەريتانيا كـاتی ئـەوە هاتووە كە پێويستە دەس بەسەر ميسردا بگرين"

لـەم سـەر دەمـەدا كەشۆڕشـی فەرەنـسا هەڵگيرساو تـەختی پاشـايەتی رووخـا، دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەو سـەردەمەی ئـەوروپا لەهـەوڵی لـەناوبردنی شـۆڕش و گەڕانەوەی پاشايەتی بوون.

لـەمانگی ئايـاری سـاڵی (١٧٩٨)ز هێرشـی سـەر ميـسر دەسـتی پێكـرد و بەسـەر كەوتووی ميسر داگيركرا، ئەو جولانـەوە سـەربازيە بەسـەركردايەتی نـاپليون جێگـای سەرسـوڕمانی هـەمو سـەركردە سـەربازيەكانی ئـەو سـەردەمە بـوو بەتايبەتی ئەگەر تواناو قەبارەی هێزی لەشكری بەريتانيا بزانرێت لـەدەريای ناوەڕاست، هـەر بـەهۆی بـارودۆخی تێكـچوونی نـاو فەرەنـسا لەسـاڵی (١٧٩٩)ز ناپليون گەڕايەوە بۆ فەرەنسا، سـەركەوتنەكان و ناوبـانگی نـاپليون لەلايـەك و بـارودۆخی نالـەباری نـاو خـۆی فەرەنـسا لەلايـەكی تـرەوە ڕێگـای بـۆ ئـەوە خۆشكرد كە ناپليون بگاتە پلەی بەرزی دەسەڵات.

كە ناپليون گەيشتەوە فەرەنسا خەڵكی شاری پاريس بۆ ماوەی سێ شـەوو رۆژ بەگەرميـەوە لەشـوێنە گشتيەكان ئاهـەنگيان گێـڕا، لەهـەموو شـارێكی سـەر ڕێگـادا هـەر لەكـەنارەوە تاپـاريس كۆمـەڵانی خـەڵك و كاربەدەسـتان بـەرەو پێشوازی ئـەو كەسـە دەچـون كـە هێمـای سـەركەوتن بـوو، ئـەو كۆڵانـەی كـە

خانوەکەی (ناپلیون)ی تێدا بوو ناویان نابوو کۆڵانی سەرکەوتن لەو رۆژەوە ناپلیون بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بوو بەفەرمانرەوای رەهای گەلی فەرەنسا لەپێنج ساڵی یەکەمدا بە (کنسولی) یەکەم وە لە دەساڵی دووایشدا بوو بەئیمپراتۆر.

کارو هەنگاوەکان لەرۆژەکانی کنسولی یەکەم چاکسازی کردن بوو لەبواری کارگێری کە ببووە جێگای سەرنج ڕاکێشانی رۆشنبیرانی ناو خۆو دەرەوە، لەم بوارەدا چالاکیەکانی بازرگانی و پیشەسازی بەرەوپێش دەچێت و لەسەر سیستەمێکی لەباروڕۆشن بەڕێوەدەروات.

دەستوری نوێی فەرەنسا کە ناپلیون بووە کەسی یەکەمی دەسەڵات لە ١٧٩٩/١١/٢٥ خرایە بەردەم رای گشتی و زۆرینەی رەهای دەنگەکانی هێنا.

لە ١٨/نیسانی/١٨٠٤ پەرلەمان بڕیاری دانانی ناپلیۆنی بەئیمپراتیۆری فرنسا دەرکرد وە لەمانگی (ئەیلول)ی هەمان ساڵدا رێ و رەسمی تاج لەسەر دانانی ناپلیون لە کلێسای (نوتردام) بەڕێوە چوو.

لەرۆژانی شۆڕشی فەرەنساوە سێ هاوپەیمانیەتی لەنێوان زلهێزەکانی ئەوروپا پێك هات دژ بەفەرەنسا یەکەمیان ساڵی (١٧٩٢) وە دووەمیان ساڵی (١٨٠١) وەسێیەمیان ساڵی (١٨٠٤ – ١٨٠٥)، هەرسێکیان لەسەردەستی ناپلیون تێك شکێنرا.

ساڵی (١٨٠٧)ز سوپای فەرەنسا وڵاتی ئەسپانیای داگیر کرد، جوزێف برای ناپلیون بووە پاشای ئەو وڵاتە، ئەم کارە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش دژ بەفەرەنسا.

لە ١٢/تشرینی یەکەم/١٨٠٩ ناپلیون لەهەوڵێك بۆ کوشتنی لەلایەن گەنجێکی نەمساویەوە رزگاری بوو.

ناپلیون لەساڵانی (١٨١٠ – ١٨١١) گەیشتبووە لوتکەی بەهێزی و هەموو زلهێزەکانی ئەوروپا سەریان بۆ شۆڕ کردبوو.

ناپلیون لەشەڕەکانی خۆیدا پشتی بەدوو بنەما بەستبوو:

١. ناسینی کەسایەتی فەرماندەی سەربازی دوژمن.

٢. ئامادەباشی و سەنگی سوپای دوژمن لەرووی چۆنایەتیەوە.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨١٢) هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر وڵاتی روسیا دەستی پێکرد کە زیاتر لەنیو ملیۆن سەربازی فەرەنسی بەشداریان لێکرد، لەگەڵ هەموو ئەو زیانانەی کە بەسوپای فەرەنسا کەوت بەڵام ناپلیون لەشکرەکەی شاری موسکۆی پایتەختیان گرت بۆ ماوەیەك .

ئەم هێرشە بۆ سەر رووسیا دەکرێت بە سەرەتای کۆتایی هێنان دابنرێت بۆ دەسەڵاتداری ناپلیون لەفەرەنسا، ئەگەر ئەو دەرئەنجامانەی لەم شەڕو هێرشانەدا بزانین کەلێی کەوتووە، ئەوەندە بەسە بزانین لەو لەشکرە گەورەیە تەنها چەند هەزار کەسێکی لێ گەڕایەوە.

ساڵی ١٨١٤ شاری پاریس لەلایەن هاوپەیمانان داگیرکرا، لەمانگی نیسانی ١٨١٤ز، پەرلەمان بڕیاریدا بەوەرگرتنەوەی دەسەڵات لەناپلیون وەگەڕاندنەوەی دەسەڵاتداری وڵات بۆ بنەماڵەی پاشایەکانی فەرەنسا.

لەرۆژی ١/مارسی/١٨١٥ز ناپلیون وەك دیلێکی جەنگ گوازرایەوە بۆ دورگەی (ئەلب).

ناپلیون لەوماوەیەی کەلەدورگەی (ئەلب) دا دەژیا بەردەوام هەواڵەکانی ناو فەرەنسای پێدەگەیشت و ئاگاداری رووداوەکان بوو، یەك لەو هەواڵە گرینگانەی کە پێی گەیشت بەهۆی (مارا)ی وەزیری دەرەوەی بوو، هەواڵەکە بەم جۆرە بوو:

گەلی فەرەنسا لەژێر ستەمکاری بنەماڵەی (بۆربون) زۆر بێزارن و سوپا تەنها یەك كەس بەسەرکردەی خۆی دەزانێ ئەویش ناپلیونە، ئەم هواڵە كاریگەری خۆی هەبوو، ناپلیون بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ فەرنسا و بەئاسانی دەربازی بوو لەپاسەوانانی دەوری دورگەكە لەگەلەشكری دەریاوانی بەریتانی بون.

ناپلیون لەگەل ژمارەیەكی زۆركەمی پاسەوانەكانی خۆی گەیشتە سەرخاكی وڵات، گوند بەگوند و شاربەشار كەپێدا تێپەڕ دەبوو بەرەو پاریس خەلكی لەدەوری كۆدەبوونەوە، دەنگوباسی گەڕانەوەی ناپلیون بەپەلە گەیشتە پایتەخت و هەموو وڵاتانی تری ئەوروپا، لەپاریسی پایتەختەوە هێزێكیان نارد بۆ گرتنی، بەلام كاتێ هێزەكە بەرەو رووی ناپلیون بووەوە بوونە لایەنگیری ناپلیون، شەوی ٢٠/مارس/١٨١٥ گەیشتەوە پاریس، پاشاو كاربەدەستانی دەولەت بەشێكی زۆریان هەلاتبوون.

هاوپەیمانان بڕیاری كۆتایی هێنانی ناپلیونیان دابوو، لەزنجیرەیەك شەڕی تری نێوان سوپای فەرەنسا بەسەركردایەتی ناپلیون و سوپای هاوپەیمانان كە لەژمارە چەند هەندی سوپای فەرەنسا دەبوون و لەشكری ناپلیون لەدووا شەڕی گەورەدا (واترلۆ) شكاو جارێكی تر ناپلیون كەوتە دەستی لەشكری هاوپەیمانانا.

لەكەشتیەكی لەشكری بەریتانی ناپلیون گوازرایەوە بۆ دورگەی (سانت هیلین) كە زیاتر لە (٢٠٠) كم دوورە لەقارەی ئەفریقیا.

ناپلیون پاش نەخۆشیەكی چەند مانگی لەو دورگەیەدا لەرۆژی ١٥/ئەیلولی/١٨٢١ كۆچی دوایی كرد.

پێش مردنی لەوەسیەت نامەیەك نووسیبووی :

(هیوادارم تەرمەکەم لەلێواری رووباری (سین) لەناو گەلی فەرەنسا بنێژن، ئەو گەلەم زۆر خۆش دەویست.

چەند بیروبۆچوونێکی ناپلیون :

- سیاسەتی بالاّ ئەو هەستکردنە راست و رەوانەیە کەبەسەر شتەبالاّکاندا جێ بەجێ دەکرێت.
- سیاسەت یاریکردنە بەمرۆڤەکان.
- سیاسیەت چارەنووسە، چارەنوسیش جگە لەسیاسەت شتێکی دیکە نیە.
- سیاسەت هەموو دەوڵەتێك لەجوگرافیا کەیدایە.
- گرنگترین شێوازو کاری فەرمانڕەوایی دەوڵەت، کۆمەڵێکی زۆر لەیاساو سیستەم و دادوەرەکانە، هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەپۆلیس و ئاسایش، لەهەمووی گرینگتر پارەیەکی زۆرە.
- بێلایەنی بەو واتایە دێت کە دەوڵەت هەمان هێزو هەمان قورسایی و هەمان پێوەری هەبێت بەرامبەر دەوڵەتێکی دی، بەلاّم بێلایەنی سیاسی هیچ واتایەکی نییە، چونکە هەمیشە لایەك بەسەر یەکێکی دیدا سەردەکەوێت.
- من زاناکان و بیرمەندان و هونەرمەندان و گەورەکان بەبەنازو عیشوەکار لەقەلەم دەدەم، لەوکاتانەدا وا لەخۆیان دەدوێن سەرنجیان بلەرێ، بەلاّم چاکتر وایە نەبیانخوازی و نەبیان کەی بەوەزیر.

# لینین (٦٨)

فلادیمیر ئیلنیش ئلیانۆڤ، ناسراوبە (لینین) ساڵی ١٨٧٠ لەشاری سمبرسك لەدایك بووە، باوکی کاربەدەستێکی میری بووە، ساڵی (١٨٩١)ز خوێندنی زانکۆی (سانت بترسبرگ)ی تەواوکرد لە بواری یاسادا.

لینین لەتەمەنی (٢٣) ساڵیدا ڕێبازی مارکسی پەسند کردووە، ساڵی (١٨٩٠)ز لەشاری بترسبرگ کۆمەڵەی (تێکۆشان لەپێناو ڕزگاری چینی کرێکاران)ی دامەزراند، ئەم ڕێکخستنە سەرەتای ڕاستە قینەی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستە لەروسیادا.

لینین بەهۆی بەشداری کردنی لەپیلانی دژ بەقەیسەر لەگەڵ براکەی لە کانوو یەکەمی (١٨٩٥) زیندانی کران، براکەی لەسێدارە دراو بەخۆشی بۆ ماوەی چوار ساڵ خرایە زیندان، پاشان دوور خرایەوە بۆ ناوچەی سیبریا کە سێ ساڵی تیادا بەسەربرد، هەروەها لەم سەردەمەدا ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی شۆڕشگێڕ پێکهێناوە.

لینین لەو ماوەیەدا پەڕاوێکی نووسی لەژێر ناوی (پەرەپێدانی سەرمایەداری لەروسیا)، لەساڵی (١٩٠٠) ز ئازاد کراو یەکسەر روسیای بەجێ هێشت و ڕۆیشتە ئەوروپای ڕۆژئاوا لەوێ ماوەی (١٧) ساڵ مایەوەو بانگەوازی شۆڕشی بڵاودەکردەوە.

لینین ئەندامی پارتی سوسیالستی دیموکراسی کرێکاران بوو ، پارتەکە تووشی دوو بەرەکی هات، لینین لەگەڵ بەرەی (بەلشەفێك) بووەو بۆتە ڕابەریان.

بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی باشترین دەرفەت بوو بەدەس لینینەوە بەهۆی بارخراپی سەربازی و ئابوری روسیا کە بە تەواوی تێك چوو بوو، دەنگی ناڕەزایی و بێزاری تادەهات بەرز دەبووەوە دژی رژێمی قەیسەر.

ئەم بارودۆخە رێگای خۆش کرد بۆ شۆڕشی سالّی (١٩١٧)ز و روخاندنی رژێمی قەیسەر، لینین لەوکاتەدا لەدەرەوەی روسیادا بوو، هەر بەبیستنی سەرکەوتنی شۆڕش و روخاندنی رژێمی قەیسەر یەکسەر گەڕایەوە بۆ ڕوسیا، ناوبراو زۆر بەمەندی و هێمنیەوە دەیڕوانیە پارتە دیموکراسیەکان، هەر چەندە حکومەتێکی کاتیان پێك هێنا بەلاّم هێزێکی ئەو تۆیان نەبووە کە بتوانن خۆیان رابگرن، بارێکی ناهەموار دروست بوو دەرفەرتی گونجاوی رەخساند بۆ پارتی کۆمۆنیستی کەسەر هەلّبدات و بەژمارەیەکی کەمەوە بتوانێت دەسەلاّت بەدەس بگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە لینین هانی بەلشەفیەکانی دەدا بۆ روخاندنی دەولّەتی کاتی و دامەزرندنی دەولّەتی کۆمۆنیستی لەجێگایدا، ناارامی وپەشێوەیەك روویدا لینین ناچار بوو خۆی بشارێتەوە بۆماوەیەك، بەلاّم بەلێهاتووی و توانای خۆی و هاورێیانی توانیان بەبزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە لەسالّی (١٩١٧) کۆتایی بەحکومەتی کاتی بهێنێت و سەرکەوتن بەدەست بێنن.

لینین وەك سەرۆك دەولّەتێك چەندی توند ڕەو بوو لەچەسپاندنی رژێمەکەی ئەوەندە سەهەندو توند بووە، هەرگیز وچانی بەخۆی نەدەدا لەکارکردندا.

لەسەرەتادا کەوتە گۆڕانکاری ئابوری دەولّەت بۆ ئابوری سوسیالستی سەرانسەر، پاشان بانگەوازی هەرەوەزی زەوی ئاشکرا کرد لەولاّتدا.

لەسالّی ١٩٢٢ دا دووچاری نەخۆشیەکی کتوپڕوترسناك هات، هەر پێوەی دەنالاّند تا لەسالّی ١٩٢٤ کەبووە هۆی مردنی، هەر بەو نەخۆشیەوە ئارامی

لەخۆی بڕی بوو کاری دەکرد بەبێ ئەوەی بەتەنگ تەندورستی خۆیەوە بێت، پاش مردنی لاشەکەی مۆمیا کرا بۆ یادگاری تاهەمیشە لەبەر چاو بێت لەگۆڕەپانی سوور لەمۆسکۆ.

لینین بەکەسێکی کارا ناو دەبرێت لەدامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستی لەیەکێتی سۆڤیەت ئەو بیرو باوەڕەی کارل مارکسی کردە هەوێنی کارەسیاسیەکانی و خستیەگڕ لەکاروباری ولاتدا.

هەر لەساڵی ١٩١٧ وە کۆمۆنیزمی پەرەی سەندو سەرتاسەری گێشوەری ئەروپاو جیهانی گرتەوە.

لینین سەرەڕای ئەوەی کە پێشەوایەکی سیاسی هەڵکەوتوو بوو پەراوەکانیشی زۆر کاریگەرو هاندەر بوون ئەو نوسراوانەی خۆی نزیکەی (٥٥) نوسراو دەبێت، لەوانە: (اليسارية مرض الشيوعية الطفولي – مالعمل – خطوة الى الامام خطوتان الى الوراء – المادية والنقدية التجريبية).

لینین زۆر بایەخی دەدا بە تەکتیکی شۆڕش، هەمیشە حەزی لەشێوازی شۆڕشگێرانە دەکرد باوەڕی بەوە هەبوو کە دەسەڵاتی پرولیتاریا دەبێت هەر سەرکەوتوو بێت.

بە شێوەیەکی گشتی لینینی پێشەوا بەدامەزرێنەری کومونیستی دادەنرێت لەیەکێتی سۆڤیەت، بەپێرەوکەری بیروباوەڕەکانی مارکس دادەنرێت تۆژینەوەی زۆر گرینگی خستە سەر تیۆری مارکەسیت دەربارەی مونوپۆلکردن و ئیستعمار و حزب و نەتەوەو هاوپەیمانیەتی نێوان کرێکاران و جوتیاران.

لینین دامەزرێنەری فەلسەفەی لینیزمە کە رێبازێکی تایبەتی فەلسفەی مارکسیزمە لینین رۆڵێکی گرینگی بینی لەپەرەپێدانی تیۆری مارکسیەت

لەماوەی دۆزینـەوەی یاسـانوێیەکان، بەراسـتی ئەمـە وایکـرد کـە پێگەیـەکی بەرچاوی هەبێت شان بەشانی مارکس.

بۆ نموونە لەدۆزینەوەکانی لینین لەم بوارەدا:

دارشتنی یاسای شێوازی پەرەپێدانی کۆمەڵەی یەکەم لەبەرهەم هێنان:

" بەرهـەم هێنـانی ئامرازەکـانی بەرهـەم هـێن" هەروەهاپێویـستی ئـەوەی لـە کۆمەڵـەی دووەمـی بەرهـەم هێنـان " (بەرهـەم هێنـانی کەرەسـتەکانی بـەکار هێنان) بەرزتر بێت.

دۆزینەوەی تیۆری ئیمپریالیزم لەگەڵ سەرچاوەی یاسای پەرەپێدانی جیاوازی سەرمایەداری، لینین گەیشتە باوەڕی سەرکەوتنی شۆڕش لەیەك و لاتدا.

لیـنین هـەر بـەخۆی تیـۆری حزبـی پرۆلیتـاری و بنـەما رێکخراوەییـەکانی دارشت.

هەواڵنامەی کتێب

# غـــانـــدی (٦٩)

غاندی رابەرێکی نیشتمانی وڵاتی هیندستانە، پلەوپایەکی بەرزی هەیە لەدڵ و دەروونی گەلی هیندستان و وەك باوکی هیندستان تەماشا دەکرێت، بەنازناوی (مەهاتما) ناسراوە کەبەواتای (خودی باڵا) دێت.

غاندی (موهندس کرمشاند) لەدایك بووی ساڵی (١٨٦٩)ز، خوێندنی یاسای تەواو کردووە لەنێوان ساڵانی (١٨٨٨ – ١٨٩١)ز لەشاری لندن، پاشان گەڕاوەتەوە وڵاتی (ئەفریقیای باشور) پیشەی پارێزەر بووە، بەهۆی جیاوازی رەگەزییەوە لەو وڵاتەدا لەنێوان سپی پێست و رەش پێستەکان، رۆڵی غاندی وەك پارێزەرێك لەمافی ئەفریقیەکان بەرزبۆتەوە تارادەی ئەوەی بۆ تە سەرکردەیەکی ئەو بزووتنەوەیە.

لەساڵی (١٩١٤)ز لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم غاندی گەڕاوەتەوە بۆ هیندستان و وەك فەرمانبەرێك کاری کردووە لەو حکومەتەی کە بەریتانیا دروستی کردبوو لەوڵاتەکەی.

بەهۆی رووداوی کوشتارەکەی (ئەمرتسار)ی بەناوبانگ هەڵوێستی دژی حکومەتی بەریتانیا وەرگرت بەشداری بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەی کردوو بووە رابەری حزبی (کۆنگرەی هیندی) کەرابەرایەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستی ئیستعماری دەکرد، لەوماوەیەدا چەند جارێك تووشی گرتن هاتووەو لەبەندیخانەکان ماوەتەوە.

غاندی شێوازی خەباتەکەی زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئەو شێوازانەی کە زۆربەی گەلان لەسەری راهاتوون، ئەوی غاندی پیادەی دەکرد پێی دەوترا (یاخی بوونی شارستانی).

ئەم شێوازە لەخەبات وتێکۆشان نەك هەر هەست و دەروونی گەلی هیندستانی وروژاند بەڵکو هەستی رای گشتی جیهانی راکێشاو ئاگاداری کردەوە لەو دۆخەی گەلی هیندستانی تیادا دەژیا.

بەهۆی لێهاتووی وپێگەی بەرزی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، غاندی توانی گیانی بەرگری دژ بەداگیرکەر دروست بکات و ریزەکانی گەلی هیند یەك بخات و لەهەر هەڵوێستێکدا جەماوەر بەشەپۆل پشتگیری بکات.

پاش جەنگی جیهانی دووەم و لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی بەسەر بارودۆخی جیهاندا هات، بەریتانیا ناچار بوو دان بەسەر بەخۆیی وڵاتی هیندستان و پاکستان بنێت و ئەو دوو گەلە دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام گیانی توندرەوی بەدرێژایی تەمەن دوور بووە لەغاندی، لەناو خەڵکانێك لەهێندوپاکستان کە بواری بۆ رەخسابوو کە یەك لەو کارەساتانەی لێی کەتەوە تیرۆرکردنی غاندی بوو ساڵی ١٩٤٧ز، لەو سەردەمەی غاندی لەوڵاتی ئەفریقیای باشووردا دەژیا پەیمانگایەکی دروست کردبوو ناوی لێ نابوو (کێڵگەی تولستۆی) بەناوی نووسەری بەناوبانگی روسیا (تولستۆی) ئەرکی ئەو پەیمانگایە راهێنان بوو لەسەر شێوازی خەباتی دوور لەتوندو تیژی (اللاعنف) بۆیە کاتێ گەرایەوە هیندستان ژمارەیەکی زۆری لەو جۆرە پەیمانگایانە دروست کرد بۆ راهێنان لەسەر هەمان شێوازی خەبات کەبەخۆی باوەڕی پێی هەبووەو پێڕەوی دەکرد.

هەولنامەی پێکرد

ئـەم پەیمانگایــە ناویــان لێنرابــوو (ئەشــرەم)، لەناویانــدا خــەڵکانی هــەموو ئاینــەکانت دەبینــی، هنــدوس، جــوو، ئیــسلام، ســیخ، مــەجوس، مەســیحیەکان کەهەموو وەك برا بەیەکــەوە دەژیــان و هەریەکــە ریــۆرەسمی ئاینەکــەی خــۆی پیادە دەکرد.

هەموو رۆژێك سەر لەبەیانی و ئێواران نێوژکردن لەو شوێنە دەستی پێدەکرد و گوێت لەخوێندنەوەی قورئانی موسلمانان و رێنماییەکانی هندوس و کتێبی سیخەکان و ئینجیلی مەسیحیەکان و کتێبی بوزیەکان دەبوو.

ئــەو (ئەشــرەمە) نیــشانەیەك بــوو بــۆ یەکتیــەکی بــچووکی نێــوان گــەلانی هیندستان کەئاواتی غاندی بوو هەروەها شێوازێك بوو لەشێوازەکانی راهێنـان بۆ دوور کەوتنەوە لەتوندو تیژی کەغاندی هەولی بۆ دەدا.

## چەند نموونەیەك لەنووسینەکانی غاندی:

(ئەگــەر مــرۆڤ توانــای نــەبوو بەرهەڵــستی توندــو تیــژی و زۆرداری بکــات لــە رێگــای دوور کەوتنــەوە لەتونــدو تیــژی بەشــێوازێکی ناســراو بەئازایــەتی و نەترسی، ئەوا پێویــستە بەرهەڵــستی بکــات بەشــێوازی تونــد ئەگــەر پێویــستی کرد).

(جــەورو زۆرداری بەیەکــەوە ناکرێــت چاوپۆشــی لێ بکرێــت، هــەروەها دەس درێژی لەهەموو شێوەو وێنەکانی پێویستە بەرهەڵستی لێ بکرێت)

(بەدرێژایی پەنجاو پێنج ساڵ ناتوندوتیژیم بەکار هێنـاوە بەهــەموو ئەگــەرو وردەکاریــەکانی کەبــەوردەکاری توێژینــەوە زانــستیەکان دەچــێت، هــەروەها بەجێم هێناوە بەسەر هەموو لایەنێك لەلایەنەکانی ژیان و ئــەوی پەیوەنــدی بەکاروباری ماڵەوە هەبێت، یــان شــێوازەکانی ژیــان وەك: ئــابوری سیاســەت، وە

لەهەموو ئەو بوارانەدا یەك جارم نەبینی کەشێوازی (ناتوندوتیژی) تیادا سەرکەوتو نەبێت، بەلاّم کاتێ تێشکانم تێدا بەدی دەکرد ئەوا هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ کەم و کورتیەکی لای خۆم).

غاندی ساڵی ١٩٤٧ز کەتیرۆر کرا یەکێك لەمەزنترین پیاوی سەر رووی جیهان بوو لەگەل ئەوەشدا سەرمایەکەی لەبزنێکی شیردارو جل و بەرگە ساکارەکەی کەلەبەریدا بوو تێپەری نەدەکرد، کاسبی دەکرد بۆ ئەوەی بژیت بەدەستی خۆی چنینی دەکرد و دەیفرۆشت بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیانی غاندی بەم کارەی گەورەترین نموونەی دژایەتیکردنی بەرچاو خست بەرامبەر بەو جۆرە ژیانەی کە دەسەلاّتدارانی لەسەر راهاتبوون.

غاندی لەتەمەنی (٣٤) ساڵیەوە لەسیکسەوە دوور کەوتبووە وە بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەو ئاسۆو ئاواتە گەورانەی کەتێی دەڕوانی و هەموو هەست و دەروون و مێشکی داگیر کردبوو.

خواردنی شیرو ماست و میوە بوو، دوور بووە لەگۆشت خواردن و خۆ تێرکردن بە رابواردن و خۆشیەکانی ژیان.

سەرەرای ئەو شێوە ژیانە ساکارەی غاندی بەلاّم لەرووی هزروە جۆرێکی تر بوو بەتەواوی، بیرو بۆ چوونی سەردەمیانە بوو، دژایەتیەکی گوندی داگیر کاری و ئیمپریالزمی دەکرد.

غاندی لەبیروراکانی و شێوازی خەباتی زۆر کاریگەری رێنماییەکانی مسیحیەت و تولستوی لەسەر بووە.

هەولێرنامەی کتێب

# هتلەر (٧٠)

هتلەر لەرۆژی ١٨٨٩/٤/٢٠ز لەگوندی (برونو) لەوڵاتی نەمسا لەدایك بووە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتور فرنسوا جوزیف .

لەساڵی ١٩٠٢ باوکی کۆچی دوایی کرد، دایکی بەتەنیا ئەرکی بەخێو کردنی گرتۆتە ئەستۆ.

هتلەر لەقوتابخانەی گوندە بچوکەکەیدا کەسێکی نادیارو نەناس نەبووە بەلکو یەکێك بوو لەقوتابیە زیرەکەکان بەڵام کەللە رەق و سەرکێش بوو، بووەتە سەرۆك گروپ لەناو قوتابخانەکەی و دەستی بەسەر کاروبارەکاندا گرتبوو.

تیمێکی چەکداری بەداروبەرد پێکهێنا بوو بەسەر دووبەشدا دابەشی کردبوون وەك دوو سوپا.

لەساڵی ١٩٠٧ هاتۆتە شاری ڤینیا پایتەختی نەمسا لەوێ کەسی نەناسیوە، ژیانی بەکرێکاری و دەست کورتی و تارادەی سوالکردن بەڕێوە بردووە، لەم شارەدا ئاشنایەتی لەگەڵ هاورێیەکی پەیدا کرد ئەویش (رودۆلف هانیش) بوو کە زۆر هاوکاری کردووە بۆ هەڵسوراندنی ژیانی.

هیتلەر کەم تێکەڵاوی خەڵکی دەبوو دوور بوو لەهاورێیەتی، ژیانی کرێکاریش دژوارو قورس بوو، هیتلەر ئەوەندی پێی کرا بەرگەی گرت و شانی دایە بەری لەکاتی پشوودان گوێی لەچیرۆك و گفتوگۆکانی کرێکاران دەگرت کە هەمووی

هێرش بردن بوو بۆ سەر سەرمایەدارن، ئەو کرێکارانە زۆربەیان سەر بەلایەنە سوسیالستەکان بوون بروایان بەئازادی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکان بوو.

داوایان لەهتلەر کرد پەیوەندی بەسەندیکای کرێکاران بکات، بەڵام ئەو رەتی کردەوە بۆیە قینیان لێی هەلگرت.

هیتلر لەو ماوەیەدا تووشی کێشەو بەسەرهاتی سەیر دەبوو، هەر ئەوەندەی کارێکی دەدۆزییەوەو دەیویست لەو بوارە بیرورای خۆی دەربڕێ کەبەراست و دروستی دەزانی، ئەم هەلس و کەوت و قسانەی دەبووە هۆی دەرکردنی لە سەرکار.

هتلەر ئەو ماوەیەی لە پایتەختی نەمسا بوو دەستی کردووە بەخوێندنەوەی زۆر لەو نوسینانەی کە لەگەڵ بیرو بۆ چوونی تەبا بوون، خوێندنەوەکانی بەزۆری دەربارەی هزری سوسیالست بوون هەرکتێبێکی لەم لاو ئەولادا لەو بارەوە بەدەست بکەوتایە بەپرۆشەوە دەیخوێندەوە، بەهۆی خوێندنەوەکانی هتلەر گەیشتبووە ئەو باوەرەی کەهزری سوسیالست هزرێکی لاوازە بەکەڵکی نەوەی ئەڵمان نایێت.

هتلەر چاوەکانی بەرووی دووبابەتی مەترسیدار کرانەوە کە بۆ رۆژانی داهاتوو کاریگەریان بەسەریدا هەبووە.

یەکێکیان درك کردن بوو بەوەی کە ئیمپراتۆریەتی نەمساوی لەهەرەس و روخاندن نزیك بۆتەوە.

دووەمیان کێشەی جولەکەکان وژیانیان بووە.

هتلەر یەکێك بوو لەو کەسانەی کەزۆرترین رقی لەکۆمۆنیزم و رێبازەکەی دەبۆوە و لەسیتسمی پەرلمانی توورەو بێزار بوو بەهەرەشەیەکی دەزانی بۆ

هاتنەسەرەسەڵاتی کۆمۆنیزم و مارکسیزم، تاکی بلیمەت و لێهاتووی لاپەسەندو جێگای باوەربووە.

هتلەر لەتەمەنی (٢٣)ساڵیدا گەڕایەوە بۆ ئەلمانیا و لەشاری میونیخ نیشتەجێ بوو، کاریگەرترین رووداو لەو سەردەمەدا لەژیانی هتلەر تیرۆرکردنی شازادەی نەمسا (فرانسوا فردیناند) بوو بەدەستی لاوێکی سربیەوە.

بەهۆی ئەم رووداوە بەشداری خۆپیشاندانی کرد بۆ یەکەم جار لەژیانی، لەساڵی ١٩١٤ز جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا هتلەر بوو بەسەرباز لەسوپای (پاڤاریا) وچووە بەرەی جەنگ بە ورەیەکی بەرزەوەو دوو جار بریندار بوو و میدالیای ئازایەتی وەرگرتوە.

بەکۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی (١٩١٨) و تێشکانی ئەلمانیا، هتلەر بریارێدا بەشداری ژیانی سیاسی بکات لەوڵاتەکەی .

تێشکانی ئەلمانیا و سەپاندنی قەرەبۆی قورس بەسەریدا بووە هۆی تێک چوونی بارو دۆخی ناوخۆی ئەلماناو شلەژانی لەهەموو بوارێکی سیاسی و ئابوری وکۆمەلایەتیەوە لەم ماوەیەداو لەوبارو دۆخەدا.

ململانێیەکی توند لەنێوان سوسیالست و کۆمۆنیزمەکان سەری هەڵدا، هتلەر پەیتاپەیتا بەشداری کۆڕوکۆبوونەوەکانی دەکرد، لێهاتوویی هتلەر لەرووی وتار خوێندنەوە پەرەی سەندو بووە وتاربێژێکی بەتوانا، سەربازان بەزۆری لەدەوری کۆدەبوونەوە، بیری لەدروست کردنی حزبێك دەکردەوە لەژێر ناوی پارتی سوسیالستی شۆرشگێر.

هتلەر لەو ماوەیەدا پەیوەندی بەگروپێکی بچووکەوە کرد بەناوی پارتی کرێکاران و بووە بەرپرسی راگەیاندنی ئەو پارتە، ئەم گروپە لەسەرتادا

لەگەڵ هتلەر ژمارەیان بریتی بوو لە(٥) کەس، پاشان بەهەوڵ و کۆششی و لێهاتووی هتلە لەبواری وتار خوێندنەوە لەکۆرو کۆبوونەوەکان ژمارەی ئەو گروپە بچووکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٠ز گەیشتە (٥) هەزار کەس .

پاشان هەر ئەم گروپە بچووکە بووە حزبی هلتەر لەژێر ناوی (پارتی نیشتمانی سوسیالست) و بەرنامەی پارتەکەو کتێبەکەی هتلەر (تیکۆشانم) بۆتە رێنیشاندەر کەلەسەری برۆن.

هتلەر بۆ پارێزگاری پارتەکەی تیمی هێرش بەری لەلاوانی پێك هێنا، بڕیاریدا بەپێك هێنانی دوو رێکخراوی نیمچە سەربازی کە هەردووکیان لەلاوان پێکهاتبوون (رێکخراوی لاوانی کراس بۆر) و (رێکخراوی لاوانی کراس رەش).

ساڵی ١٩٢٣ز هتلەر لەشاری میونیخ بڕیاری بزووتنەوەیەکی ناشتی خوازانەیدا دژ بەحکومەتی ئەو شارە کەملکەچی حکومەتی ناوەندی نابێت لەبەرلین.

بزووتنەوەکە بەخۆپیشاندانێکی گەورە دەستی پێکرد و لەئاکامدا بووە هۆی بەرپابوونی تەقەکردن و بریندار بوونی کۆمەڵێك خەڵك و هەڵگیرساندنی ئاژاوەیەکی گەورە، هتلەر گیراو شەش مانگ زیندانی کرا، لەم ماوەیەدا ناوبانگی پەرەی سەند خەڵکی دەهاتن بۆ سەردانی یەك لەو سەرکردانەی پشتگیریان کرد و سەردانی دەکرد (جەنەڕال لودندۆرڤ) بوو.

هتلەر بۆ گەیشتن بەدەسەلات لەبواری کاری سیاسیدا هەولی داوە:

١. باوەر بەگەلی ئەلمانیا بێنێت کەلە جەنگی جیهانی یەکەم دۆڕاو بوو تەنها لەبەردوو هۆ ئەوانەش: بوونی جولەکەو پیلانەکانیان.

٢. سوودی لەو بارە ئابوریە خراپەو بێکاریە وەرگرت بۆ گەشەپێدانی بیروباوەرو رێبازە سیاسیەکەی.

لە ١٩٣٣/١/٣٠ هتلەر گەیشتە دەسەلات، لەو ماوەیەدا کتێبی "تیکۆشانی من"ی نووسیوە ناوەرۆکی ئەم کتێبە تێکەلاوییەکە لەبیروباوەڕو پرۆگرامی حزبەکەی هتلەر، کە کاکلەی ئایدیۆلۆژیای فاشیزمی تیادا بەدی دەکرێت، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم سەری هەلدا لەولاتی ئەلمانیا، دەکرێ بوترێت بەرجەستەترین کەسایەتیەکانی ئەو بیروباوەڕە (ئادولف هتلەر) بوو.

کارێکی سروشتی بوو بیر لەرزگارکردنی ئەلمانیا بکاتەوە کەلەو هەمو مەرج و کۆتانەی بەسەریدا سەپێنراوە لەکۆنگرەی ئاشتی.

سەرەتا بریاری هەلوەشاندنەوەی ئەو رێککەو تنەیدا بۆ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەك لەلایەن دەولەتەکانی ئەوروپاوە رووبدات، دەستی کرد بە بەهێز کردنی سوپای ئەلمانیا و بنیات نانەوەی پیشەسازییە قورسەکان و سوود وەرگرتن لەزیرەکی وتوانا نەتەوایەتیەکان لەپێناو دروست کردنی ئامرازەگەورەکانی جەنگ.

پاشان پەیتا پەیتا دەستی کرد بەدەس بەسەر ئەو ناوچانە بگرێتەوە کەلەئەلمانیادا براوەو خرابوونە سەر دەولەتەکانی دراوسێ وەك چیك و نەمساو پولەندا.

ئاگری جەنگی دووەم سەری هەڵدا بەهۆی هێرش بردنی سوپای هتلەر بۆ سەر وڵاتی پولەندا لەیلولی ساڵی ١٩٣٢ز

هەنگاوەکانی هتلەر سەرسورمان و ترسێکی گەورەی دروست کرد لای دەوڵەتانی ئەورپای رۆژئاوا و بگرە تا (یەکێیتی سوڤیەت) لەو سەردەمە بۆیە هەموو لایەك دەستیان کرد بەخۆ ئامادەکردن لەهەر دوو بواری سەربازی و ئابوری کەلەئەلمانیاوە دوواکەو تووتربوون.

لەرۆژی ١٩٣٩/٩/٣ هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا بڕیاری جەنگیان راگەیاند دژ بەئەلمانیا.

کردارە جەنگیەکان تادەهات بەرەو گەرمتر دەچوو سوپای ئەلمانیا وڵاتانی ئەوروپای یەك لەدوای یەك داگیر دەکرد تاگەیشتە فەرەنسا لەئەیاری ساڵی ١٩٤٠.

لەو جەنگەدا ولاتانی وەك ئیتالیا و یابان ببوونە هاوپەیمانی ئەلمانیا، لەهەمان کاتدا بەرەیەکی فراوان لەدەوڵەتان دژ بەئەلمانیا دروست بوون وەك بەریتانیا، فەرەنسا، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و پاشان روسیا (یەکێتی سوڤیەت).

سوپای ئەلمانیا بەبڕیارێکی هتلەر هێرشی کردە سەرخاکی یەکێتی سوڤیەت لەبەهاری ١٩٤١ ئەم هێرشە سەرەتای شکستی و تێشکان بوو بۆ ئەلمانیا لەگەڵ بەهاری ساڵی ١٩٤٤ تەرازووی جەنگ سەنگی گۆراو ئەلمانیا کەوتە باری بەرگری و شکست هێنان.

لەم ماوەیەدا چەندین هەوڵی تیرۆر کردنی هتلەر درا لەلایەن چەند گروپ و ئەفسەرێکی ئەلمان بەڵام هیچیان سەریان نەگرت.

شکستی گەورەی سوپای ئەلمانیا لەخاکی روسیاوە دەستی پێکرد، پاشان لەشکری هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی (جنرال ئەیزنهاوەر) وڵاتی فەرەنسایان

رزگار کرد وەلە خوارەوەش ئیتالیا کەوتە بەر هێرشی هێزی هاوپەیمانان و موسولینی سەرۆکی ئیتالیا لەپال هیتلەر خۆی شاردەوە، بەدرێژە پێدانی شەر لەبەهاری ساڵی ١٩٤٥ سوپای هاوپەیمانان گەیشتە خاکی ئەڵمانیاو لەرۆژی ١٩٤٥/٤/٣٠ هتلەر و دۆستەکەی (ئیفابراون) لەناوبارەگای خۆی کۆتاییان بەژیانیان هێنا.

## لەوەسفی هتلەردا جنراڵ بلامیرگ دەڵێت :

هێزێکی موگناتیسی بەهێزی تێدایە زۆر دژوارە لەکاتی قسەکرندا بتوانیت قسەی پێ ببڕیت، چونکە ڕێگای ئەوەت پێ نادات لەبەر ئەوەی بێ راوەستان و بەهێزو توند قسە دەکات.

ئێمە لەبەر دەم دیاردەیەکی مەترسیدارین ئەوەیش ئەو کەسەی کەدەستی بەسەر رایخی سێ و ئەڵمانیای رابردوودا گرتبوو پیاوێکی لەوێنە دەگمەنی تەنیا بوو.

هەندێ جار خەونی دەزراو هەندێ جاریش نائارامی دایدەگرت و زۆربەی کاتیش بارگرژبوو، نەخێزانی هەبوو نەهاوسەر نەرۆڵەو نەناسیار.

لەرێگای خوێن و رایەڵەی ناسیاریەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا نەدەگرت.

هەولێرنامەی کتێب

# ماوتسی تونگ (٧١)

ماوتسی تونگ لەساڵی ١٨٩٣ز لەخێزانێکی جوتیاری لەناوچەی (هونان) لەدایك بووە، باپیری ماو خاوەن زەوی و زارو دەست ڕۆیشتوو بووە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەژیان بەخێزانەوە.

ماو لەمنداڵیدا بەپێچەوانەی براکانی خاوەن جەستەیەکی لاوازو بیرکردنەوەیەکی سست بووە، ئەم دیاردەیە بووە بەهۆی دڵەراوکێ لای باوکی لەبەر ئەوەی ماو توانای کارکردنی نەبووە لەناوکێڵگەدا بۆ هاوکاری خێزانەکەی بۆیە زیاتر خەریکی خوێندنەوە بووە، بەڵام:

ڕاستە ماو لەڕووی تێگەیشتن سست بووە، بەڵام خاوەن ئەقلانیەتێکی دروست بوە.

لەتەمەنی هەشت ساڵیدا فێری چەند سەد پیتێکی خوێندنەوەی چینی بووە وەتێگەیشتنی فراوانی پەیدا کرد لەبواری ئەدەبوو مێژووی چین.

باپیری زۆری خۆش دەویست ئەگەر چی لێشی دەترسا کاتێ فەرمانڕەوای ناوچەکەیان کۆچی دوایی کرد ماو پارچە هەڵبەستێکی ماتەمینی لەم بارەوە نووسی و بەباپیری ڕەوانەی کرد بۆ خێزانی فەرماندار.

ساڵی (١٩٠٢) باپیری ماو کۆچی دوای کرد هیچی بەمیرات بۆ کوڕەکەی بەجێ نەهێشت، ئەوە بووە هۆی بێزاری و هەراسانی باوکی ماو، بۆیە تووڕەیی خۆی هەمووی بەماودا هەڵرشت و بڕیاریدا ماو بنێرێت بۆ کرێکاری لەناو کێڵگەدا لەکاتێکدا تەمەنی دە ساڵ دەبوو، کار کردنی ناو کێڵگەی کشتوکاڵی زۆر

زەحمەت بوو رۆژانی کارکردن درێژ بوو هێزو توانای لەبەر نەهێشت بەڵام خۆی راگرت و بەردەوام بوو تانەکەوێتە بەر شەرمەزاری و گاڵتە پێکردنی براکانی.

ماو لەساڵی ١٩٠٧ز خوێندنی ئامادەیی دەست پێکرد و لەدوایدا بووە هاورێی تەمەنی لیوشاوشی.

زستانی ساڵی ١٩١٠ – ١٩١١ زۆر سەخت بو لەهەرێمی هونان بۆیە بەرهەمی برنج بەردەوام بەرەو کەمی دەهات ئەوە بووە هۆی برسێتی و بێ ئومێدی جوتیاران لەگەڵ پەیدابوونی ناڕەزایی دژی دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە.

ماو لەم بارودۆخە تەمەنی (١٧)ساڵ بوو کۆمەڵێکی بچووکی پێك هێناو پەلاماری بارەگای فەرمانڕەوای ناوچەکەیاندا، بەڵام زۆرینەی جوتیاران پشتیان لەماو کردو لەجیاتی ئەوە کەوتنە تاڵان کردنی خواردەمەنی دەوڵەمەندەکان هەروەها فەرماندار بەهێزەوە پەلاماریانیدا، ناچار ئەو گروپە بچووکەی ماو هەڵاتن.

ساڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا ١٩١٧ هێشتا ماوتسی تونگ و لیو شاوشی هەر دووك هاورێی خوێندن بوون، وە زۆر جار لەخوێندنگا هەڵدەهاتن ماو توانی فەرماندارى هەرێمەکە رازی بکات کە پشتگیری رێبازی ئەو شۆڕشە بکات، فەرماندار تووشی گرتن و کوشتن هات، ئەم کارە بوو بەهۆی ناڕەزاییەکی گەورەی دانشتوان لەماو بەڵام ئەو هەر بێ ئومێد نەبوو بەڵکو دەسووڕاو دەگەڕا بەپان و بەرینی وڵات بۆ پەیداکردنی لاینگیر.

ساڵی ١٩٢٠ کاتێ لەزانکۆ بوو بەهۆی پەیوەندی بەهێزی نێوان ماوتسی و مامۆستای ئابوری (تشن) کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەری، ماو بڕیاریدا

کتێبخانەی ...

ببێت بە کۆمونیست، مامۆستا داوای کرد لەماو بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی (هونان) و ببێتە بەرپرسی یەکەمی حزبی کۆمونیست.
لە٦/١٥/سالّی ١٩٢١ یەکەم ژمارەی رۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆیان کەوتە شەقامەکان، ماو بەخۆی و هاوسەرەکەی بلاّویان دەکردەوە.
ماو باوەڕێکی بەهێزی هەبوو بەوەی کە شارستانیەکانی ئاسیای کۆن و بە تایبەتی شارستانیەتی ولاّتی چین پێویستە گەلان پشتی پێ ببەستن لە خەباتی بەردەوامیان لەپێناوی (ژیاننەوەی نەتەوایەتی).
لەراستیدا ماو لە سەرەتادا هەلگری بیروباوەڕێکی نیشتمانی توندرەو بوو، بەرهەڵستی سوسیالّستی و مارکسیزمی دەکرد لەبەر ئەوەی ئەم بیرو باوەرانە هاوردەن هەروەها باوەڕی نەدەکرد کرێکارانی چین توانای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەیان هەبێت لەبەر ئەوەی ولاّتی چین و لاّتێکی پیشەسازی نیە و کرێکاران ژمارەیان کەمەو بێ توانان.
لەمانگی تموزی ١٩٢١ پارتی کومۆنیستی چین یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست لەشاری (شەنگەهای) ماوتسی تونگ نوێنەری هەرێمی هونان بوو.
رووداوەکان بەدوای یەکداهاتن بەهۆی کارتێکردنی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان سەرەتا ماو لەهەوڵی ئەوەدا بوو لەگەڵ پارتی (کومنتانگ) کار بکات، ئەم پارتە کە دکتۆر (سن یات سن) دامەزرێنەری بوو پاشان (شان کای شك) سەرکردایەتی کرد، ماو ئومێدی ئەوە بوو لەگەڵ ئەم پارتە هاوکاری بکات دژی داگیرکاری (یابان) و ئەو بارو دۆخە نالەبارە، بەلاّم نێوانیان تێك چوو، شان کای شك ترسی لەوە هەبوو کە ماو رۆڵی گەورەتر بێت و مەترسی هەبێت بەسەر جێگای خۆی و حزبەکەی بۆیە بڕیاری لێدانی و لەناو بردنی ماو حزبەکەیدا لەچەند رووداوێك ماو تووشی گرتن هات بەلاّم توانی خۆی

دەرباز بکات هەرچەندە هاوسەرەکەی لەسێدارە درا، ماو لەگەڵ (شوئین لای) هێزێکی بچووکیان پێك هێناو پەنایان بردە بەرچیاکانی ناوچەی (کیا جسی) کە نزیکەی حەوت ساڵی تیادا مانەوە.

ساڵی ١٩٢٤شان کای شك سوپایەکی بێ شوماری ئامادەکردو رەوانەی کرد بۆ لەناو بردنی ماوتسی تونگ و لەشکرە بچوکەکەی کەژمارەیان نزیکەی (٧٠) هەزار کەس دەبوو، لێرەدا ماو بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی ئاقلانەی دەرکرد بەکشانەوەی هێزەکەی بەرەو باکوری وڵات لەناوچەندین مەترسی و باری دژوارو هەل و مەرجی نالەبار.

سوپای شان کای شك بەو ژمارە زۆرەوە کەچەندین شارەزای بیانی لەیابان و ئەمەریکا لەگەڵدابوو هێزەکەی ماویان پێ لەناو نەچوو، ئەو هێزە بچووکەی ماوتسی تونگ سەرکردایەتی ئەکرد ماوەی دەهەزار کیلۆمەتری بڕی بەپێ لەچیاو دۆڵ و رووبارو تا گەیشتە شوێنی مەبەست، کاتێ ئەم هێزە گەیشتە جێگای پێویست ژمارەی یەك لەسەر سێی پێشووی مابوو، ئەم هەنگاوە ئازایە ناوی لێنرا (رێ پێوانی گەورە) لەو ناوچانەی کە تیایدا مانەوە بڕیاری پێك هێنانی کۆمارێکی بچووکی سوسیالستیان دا لەسەر شێوەی (سوفیەتی).

جارێکی تر شان کای شك هەوڵی لەناو بردنی ئەم کۆمارە بچووکەیدا، بەڵام ماوتسی تونگ زیرەکانەو خێرا وەك وەڵامدانەوەیەك داوای پێك هێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کرد لەسەر بەرنامەی رزگاری نیشتمانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای یابانی داگیرکەر، شان کای شك ناچار بوو بەم بەرنامەیە رازی بێت لەبەر رای گشتی و کەرت نەبوونی حزبەکەی.

ئەم پەیمانەی نێوان هەر دوولا تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم درێژەی کێشاو لەشکری یابان شکاو لەوڵاتی چین کشایەوە، لەم دۆخەدا هەردوولا

ماوتسی تونگ شان کای شك بەرەو رووی یەکتر بوونەوە، شەرێکی خوێناوی درێژەی کێشا تاساڵی ١٩٤٩ کۆتایی هات بەسەرکەوتنی ماوتسی تونگ و دروست بوونی کۆماری چینی میللی و ماوتسی تونگ بوو بەیەکەم سەرۆکی ئەو وڵاتە.

یەك لەو کێشانەی بەرەو رووی ئەم کۆمارە لاوە هات ناکۆکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (یەکێتی سوڤیەت)ی ئەو سەرنەمەبوو بەهۆی جیاوازی لەبیروڕای سیاسی و ئایدیۆلۆژی نێوان هەردوولا.

لەڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ماوتسی تونگ، ئەو رووداوانەی ناویان لێنرا (شۆڕشی رۆشنبیری).

ئەم رووداوە کە بەشۆڕش ناوی هات بریتیە لەبزووتنەوەیەکی میللی بەدەس پێشکەری و رێنمایی کردنی ماوتسی تونگ جێ بەجێکراو لەلایەن گەنجانی ناو پارتی کومونیستی چین (پاسەوانانی سوور) بەئەنجام گەیشت و دەستی پێکرد لەبکینی پایتەخت و هەموو ناوچەکانی چینی گرتەوە.

سەرەتا لەهاوینی ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٦٥ لەزۆر بواردا ماوتسی تونگ نامەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو لایەنە نالەبارانە کردووە کەلەنا. ـ ـزبی کۆمۆنیست و دام و دەزگا حکومیەکان تەشەنەی کرد.

ئەم بزووتنەوەیە لەهاوینی ١٩٦٦ سەری هەڵداو مۆرکی رەخنەگرانەی وەرگرت لە بەرپرسە گەورەکانی حزب و شێوەی بەڕێوەبردنیان بۆ کاروبارەکان، پاشان شێوەیەکی رەسمی وەرگرت وەك سیاسەتێکی حزب لە ٨/ئابی/١٩٦٦ بەرنامەکەی لە (١٦) خاڵ پێك هاتبوو، ئامانجی سەرەکی دارشتنەوەی قۆناغێکی نوێی شۆڕشی سوسیالستی و بەرز راگرتنی باری ئایدیۆلۆژی

پرولیتاری بوو بۆ زاڵ بوون بەسەر پاشماوەکانی هزری بورژوازی و گۆرانکاری لە بیروراکان بەرامبەر کۆمەڵگا بەگشتی.

ئەم بزووتنەوەیە هەوڵی گۆرانکاریدا لەچەمکە کۆنەکان و بنەما هزرییەکان (خوێندن – ئەدەب – هونەر) کە بگونجێت لەگەڵ بنەمای ئابوری سوسیالستی، ئەم بزووتنەوەیەکاری بۆ رزگار کردنی جەماوەری فراواندا و رووناکبیر کردنیان کردوە ماو لەساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کرد پاش ئەوەی دەوڵەتێکی سەردەمیانەی نوێی بەهێزو یەکگرتووی دامەزراندن لەسەر خاکی چین.

ماوتسی تونگ چەندین نووسینی گرینگی هەیە لەبواری پەرەپێدانی هزری مارکسی بەپێی هەل و مەرجی وڵاتەکەی.

رەنگە لەمێژوودا کەسایەتیەکی شۆرشگێر بەم جۆرە زۆر کەم بێت کە گەیشتە لوتکەی سەرکەوتن بەم هەناسە درێژەو لەسەر خۆییەو بەم رادەیە لەئارام گرتن و خۆراگری لەخەباتدا.

ماو بە درێژایی ژیانی لەهەست و مێشکیدا دوو بیرۆکە هەبووە :

١. بەدی هێنانی سەر بەخۆیی وڵاتی چین و رزگار کردنی لەدەسەڵاتی بێگانە.
٢. بەهێز کردنی چین بەرێگای سیستەمی سوسیالستی تاببێتە هێزێکی جیهانی.

هەواڵنامەی کتێب

# قازی محمد (٧٢)

قازی محمد کوڕی قازی علی کوری میرزا قاسم لەساڵی ١٩١٠ ز لەشاری مەهاباد هاتۆتە دونیاوە، لە ١٩٤٧/٣/٢١ بەدەستی دەسەڵاتدارانی رژێمی ئێران لەشاری مەهاباد لەمەیدانی چوارچرا لەسێدارە درا.

خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی روسی و ئینگلیزی و فارسی زانیوە.

کراوە بەسەرۆکی دەزگای پەروەردەو خوێندن لەشاری مەهاباد ساڵی ١٩٣٨ کەقازی علی باوکی کۆچی دوایی کرد ئەرکی سەرشانی زیادی کردوەو کرا بە قازی شاری مەهاباد.

قازی محمد لەپاش دامەزراندنی (حزبی خۆیبون) ساڵی ١٩٢٧ز بە هاوکاری ئیحسان نوری پاشا لەکوردستانی باکور پەیوەندی بەم حزبەوەو راپەرینەکەی ئارارات هەبووە.

قازی محمد لەبنەماڵەیەکی ئایینی بەناوبانگ بووە هەر لەلاویەتیەوە لەگەڵ رۆشنبیراندا کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی بیری رزگاریخوازی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵی سیاسی بەنهێنی.

ناوبراو پیاوێکی پێشکەوتوو دڵپاك بووە زۆر بەتوندی بەرهەڵستی عەشیرەتگەری کردووە بەو بۆنەوە زۆر جار دەرەبەگەکان دوژمنایەتیان کردووە، چونکە بەردەوام لایەنی رەنجبەران و جوتیارانی بەرنەداوە.

لەکاتێکدا کۆمەڵەی (ژ.ك) ژمارەی ئەندامانی لە (٢٠) کەسێك تێپەریان نەدەکرد پەیوەندییان کردووە بەقازی محمد ئەویش بەنیازێکی راستەوە چووە ریزی تێکۆشان لەگەڵیاندا و پاش ماوەیەك زۆر لەئەندامانی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی لەناوچەی تربلاوبوونەتەوە.

لەساڵی (١٩٤٣) گۆڤاری (نیشتمان)یان دەرکرد کەهەموو مانگێك بەنامەو وێژەو مێژووی رابردووی کوردی تیادا بڵاو دەکرایەوە.

قازی محمد لەهەلس و کەوتی زۆر بێ فیزو سادە بووە گتفوگۆی هێمن و شیرین بووە، ئەندامانی سەرکردایەتی (ژ.ك) بڕیاریاندا کەقازی محمد ببێت بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە هەر چەندە دامەزرێنەر نەبوو.

لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ قازی محمد لەگەڵ چەند بەرپرسێکی تر دەعوەت کران بۆ شاری (باکۆ) پایتەختی ئازەربایجان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆك جعفر باقرۆف.

**پاش گەڕانەوەی لەو سەردانەدا لەکۆبوونەوەیەکی فراوان بڕیاردرا لەسەر گۆڕانی ناوی گۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم بنەمایانە پیادە بکات:**

١) پێویستە پارتی دیموکرات هەوڵ بدات بۆ پتەو کردنی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ دانشتوانی ئازەربایجان و مەسیحیەکان.

٢) هەموو توانایەك تەرخان بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و پارێزگاری کردنی باری ئابوری و تەندروستی.

٣) پێش خستنی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە، هێنانی کارگەو پێداویستیەکانی تر.

٤) زەوی وزار دابەش بکرێت بەسەر جوتیاران.

٥) لەسەر هەموو کوردەکانی ئێران پێویستە ئامادەبن بۆ تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکرات لەکوردستان.
٦) زمانی کوردی بەرەسمی بێت.
٧) هەڵبژاردنی ئەنجومەن بۆ هەرێم و ناوچەکان.

لەرۆژی ١٩٤٥/١٢/١٦ لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی جەماوەری لەمەیدانی چوارچرا ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە بۆ یەکەم جار لەجێگای ئاڵای رژێمی ئێران.

لەرۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەری کە زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس پێکهاتبوو دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان راگەیەنرا بە سەرۆکایەتی قازی محمد.

پاش ئەوەی قازی محمد بەسەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا لەرۆژی ١٩٤٦/٢/١١ بە راوێژکردن حکومەتی پێکهێنا کەلە (١٤) وەزیرپێك هاتبوو، لەو ماوە کورتەی حوکمرانی بەسەرۆکایەتی قازی محمد بەرێوە چوو، ئەم کارو بارانە جێ بەجێ کرا:

١) پەرەپێدان لەبواری پەروەردەو زانیاری لەهەموو ناوچەکەدا.
٢) دروست کردنی چاپخانەیەك بۆ چاپ کردنی کتێب و گۆڤارو رۆژنامە لەناویاندا رۆژنامەی کوردستان.
٣) رێکخستنی سوپای میللی بۆ پاراستنی وڵات.
٤) دانانی حوکمی خۆیی و هەڵسوراندنی کاروبار بەهۆی فەرمانبەرانی کوردەوە.
٥) کردنەوەی نەخۆشخانەو دەرمانگا لەزرۆ شوێن.
٦) ئێستگەیەکی نوێ کرایەوە لەمەهاباد.

٧) پێك هێنانی ڕێكخراوە جەماوەرییەكان وەك ژنان و لاوان.

٨) دانانی لیژنەیەك بۆ چارەسەركردنی كێشەی زەوی وزار و دابەشكردنی بەسەر جوتیاران.

٩) پتەو كردنی پەیوەندی لەنێوان كۆماری كوردستان و كۆماری ئازەر بایجان.

١٠) ڕێككەوتن بۆ ئاڵ و گۆڕكردنی بازرگانی لەگەڵ یەكێتی سوڤیەت .

١١) باوەر هێنان بەئازادییە دیموكراسیەكان وەك ئازادی بیروباوەڕو ئایین و زمان.

١٢) هاوكاری كردن لەگەڵ كۆماری ئازەربایجان بەتایبەتی لەگەڵ سوپاو ڕێكخراوەكانی هەردوو كۆمار.

بەكۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و گۆڕانكارییەكان لەسیاسەتی نێو دەوڵەتی و بەهۆی پشت لێكردنی یەكێتی سوڤیەت لەكۆمارەكانی مەهابادو ئازەربایجان ڕێگا بەسوپای ئێران درا كە هێرشی بۆ سەر ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی حكومەتی كوردستان دەست پێ بكات و پاش زنجیرەیەك شەرو پێكدادان لەرۆژی ١٩٤٦/١٢/١٥ سوپای رژێمی ئیران گەیشتە شاری مەهاباد، ئەگەر چی بەشێكی زۆری كار بەدەستانی ئەو كۆمارە بۆ رزگار كردن خۆیان شاریان بەجێ هێشت بەلام قازی محمد بریاری مانەوەی دا كەتا دووا هەناسە گەلی بەجێ نەهێلێت بۆیە بەخۆی بەخێرهاتنی لەسوپای ئێران كرد.

لەرۆژی ١٧/كانونی دووەم واتا پاش دوو رۆژ لەگەیشتنی سوپا بۆ شاری مەهاباد دەست كرا بەگرتنی بەرپرسان و دوواتریش قازی محمدو سەیفی قازی و چەند كە سانێكی تر زیندانی كران.

لەو کتێبەی بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە و لەلایەن ئەکرەم قەرەداغی کراوەتە کوردی لەژێر ناوی (کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد) بەم شێوە دەربارەی قازی محمد دەدوێت:

ئەو کەسانەی بەختیان هەبوو دیدەنی قازی محمدیان کردبوو، سەریان لە کەسایەتیەکەی سوور مابوو، بەئاسانی لەو راستیە گەیشتبوون کە بۆ چی ئەم پیاوە لەهەموو شوێنێك بووبوە سمبولی نەتەوەیی کورد.

پیاوێکی بالا کورت لەسەرەتای تەمەنی پەنجا ساڵیدا بوو، پاڵتۆیەکی سەربازی کۆنی لەبەر دابوو ریشێکی تەنك و دەم و چاوێکی زاهدی مەیلەو زەرد باو بەهۆی نەخۆشیەکی گەدەییەوە، جگەرە ناکێشێت، دەنگی ئاوازێکی هێمنی تێدایە، دەنگێکی خۆشی هەبوو، کەهەموو وشەیەك پێش دەربڕینی دانی پیادەنا، جولانەوەو بزاوتی لەکاتی گتفوگۆدا زۆر بەتەواوی نیشانەی لەخۆدڵنیا بوونی دەنواند، جوان پەرست و هەموو گەلانی دنیای خۆشدەویست گەلێك زمانی دەزانی لەناویاندا روسی و هەندێك ئینگلیزی لەسەر مێزەکەی کتێبی رێزمانی زمانەکان و چیرۆك و کارە ئەدەبیەکانی بەزمانی بێگانەکان دانرابوون...وادەردەکەوێت وەك پیاوێك بێت بروایەکی پتەوی هەبێت و ئازایەتیەکی دەگمەن و گیانی لەخۆ بوردون و قوربانی دانی تێدابێت.

بەلام ئەو گیانە کە دەوڵەمەند کرا بێت بەئەقلێکی فراوان و هاوچەرخەوە لەکاتی بوونی گێشەیەك بەلای کەمەوە داواکانی هاوچەرخ بوون.

قازی محمد لەوەلامی ئەو پرسیارەی کە بۆ چی لەگەڵ خوالێخۆش بوو مەلامستەفا بارزانی نەرۆیشت، دەڵێت :

مەلا مستەفا چەند جار پەیامی بۆ ناردم کە پێشمەرگەکانی بۆ ئازادی من بنێری، بەڵام من بۆ خۆم قەبولم نەکرد، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئاوەها مەرگێك قسمەتی من بووبێ جێگای شانازیە، من بەڵێنم بەنەتەوەکەم دابوو کە قەت بەجێیان ناهێڵم ژیانم لەگەڵ ئەوان بووەو مردنیشم بۆ ئەوان دەبێ، من باش دەزانم گەر بێتو مەهاباد جێ بهێڵم ئێوە تۆڵەی من بەکوشتنی خەڵکی مەهاباد دەسێننەوە، بۆیە لەبەر ئەوەی لەرێگای رزگاری نەتەوەکەمدا دەکوژرێم و هەروەها شەرمەزاری خواو نیشتمان نابم، خۆم بەبەختەوەر دەزانم.

لەبوارێکی تردا قازی محمد دەڵێت :

من دەکوژرێم بەڵام دڵنیابن هەموو رۆڵەکانی داهاتووی کوردستان هەر کام دەبنە قازی محمدێك و هەریەك ئەبێ بەئالا هەڵگری ئەم حەقیقەتەی کەناوی کوردستانە..

هەورامانی کتێب

# جمال عبدالناصر (٧٣).

لەشاری (اسکندریە) ساڵی (١٩١٨) لەدایك بووە، باوکی فەرمانبەرێکی بچووکی حکومەت بوو لەشاری ئەسیوت.
ساڵی ١٩٣٧ لەکۆلیژی سەربازی وەرگیراوە و پاش بوونی بەئەفسەر کۆلیژی ئەرکانیشی تەواو کردووە.
بەشداری لەجەنگی فەلەستین کردووە ساڵی ١٩٤٨ لەوێدا لەناوچەی فالوجا کە یەکە سەربازیەکەی تووشی گەمارۆدان هاتووە.
هەر لەو ماوەیەدا گەندەڵی و خیانەتکاری ناو دام و دەزگاکانی حکومەت و سوپا سەرنجی راکێشاوەو بیروڕای بۆ شۆڕش و گۆڕانکاری چووە.
بۆیە هەر لەو سەردەمەدا کەتۆتە پەیوەندی کرد بەئەفسەرە ئازادیخوازەکان و گروپی ئەفسەرانی ئازادیخوازی لەناو سوپا پێك هێناوە بەئامانجی شۆڕش و رزگارکردنی میسر لەکۆنەپەرستی.
لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٢ گروپی ئەفسەرانی ئازادیخواز بەسەر کردایەتی جمال عبدالناصر پلان و نەخشەکانیان دارِشت بوو، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخەکەیان کردبوو ئەگەرچی پەیکەرێکی رێکخستنی بەتواناو بەهێزیان نەبوو.
ئەم گروپە سەرکردایەتیەکەی پێك هاتبوو لە (١٢) ئەندام پاش ئەوان گروپی دووەم بریتی بوون لە (٥٠) ئەندام و گروپی سێیەم نزیکەی دوو هەزار کەسی

بەخۆگرتبوو، هەموو لایەنگیری ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەیان دەکرد لەهەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم.
پەیکەری ئەم ڕێکخراوە لەسەربازانی ئازادیخواز بەپلەی سەربازی جۆراو جۆر پێك هاتبوون کە بەزۆری لەپلەبچوکەکان بوون و تەمەنیان لە (٣٥) ساڵ تێ نەدەپەڕی و خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ڕوون نەبوون و ڕادەی ڕۆشنبیریان نزم بوو بیرو بۆچوونی جۆراو جۆری ئایینی ونیشتمانی لەنێوانیاندا ململانێی دەکرد.
لەشەوی ٢٢/تموز/١٩٥٢ هەواڵێکی بەپەلەو پرمەترسی گەیشتە جمال ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لەوەی کە سەرکردایەتی سوپای میسر لەکۆبوونەوەیەکی نائاسایدان بۆ تێکدانی بەرنامەی ئەفسەرانی ئازادیخوازو پەلەکردن بەدەس وەشاندن و گرتنیان، بۆیە لەهەنگاوێکی بەپەلەو لەسەر بڕیاری جمال نزیەکی (٩٠) کەس لەئەفسەران پەلاماری دام و دەزگا سەربازی و بارەگای سەرکردایەتی گشتی سوپای میسرو یەکە سەربازیەکانی ناوپایتەخت و دام و دەزگا حکومیەکان و ئیزگەو ناوەندەکانی گەیاندنیاندا و دەستیان بەسەر داگرت.
جەماوەر هەواڵی ئەم ڕاپەرینەی بەدڵخۆشیەوە وەرگرت و پێش وازیان لێکرد بەمە ڕژێم لەمیسر گۆڕاوو پاشای میسر ناچارکرا واز لەدەسەڵات بهێنێ میسر بووە وڵاتێکی کۆماری و ئەفسەری پلە بەرز محمد نجیب بووە سەرۆك کۆمار.
لەماوەی ساڵانی نێوان ١٩٥٢ تا ١٩٥٤ جمال عبدالناصر لەهەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی و دەسەڵاتەکەی بوو هەنگاو بەهەنگاو، لەمانگی حوزەیرانی ١٩٥٣ بووە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ پاشان لەساڵی ١٩٥٤ بووە سەرۆك وەزیران، هەر لەو ماوەیەدا بڕیاری لادانی محمد نجیب یاندا

لەسەرۆك كۆماری و خۆی بووە سەرۆك كۆمار لەو ماوەیەدا چەندین بڕیار درا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕژێمی نوێ وەك داخستنی هەموو ڕۆژنامە بێلایەنەكان و بەرهەڵستكاران وەراگرتنی كاری هەموو حزبە سیاسیەكان و چەند سەرۆكێكیانی زیندانی كرد وە سەدان ئەفسەری خانەنشین كرد.

ژیانی جمال و پێكهاتەی هزری و دەروونیەكانی كاریگەری دووری هەبووە بەسەر چالاكیە سیاسیەكانی چ لەناو خۆی میسر و یان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب، جمال لەناو كۆمەڵگایەكی چینایەتی دوواكەتوو كەمۆركی ئایینی و ململانێی سیاسی و چەوساندنەوەی چینایەتی بەسەردا زاڵ بووە ژیاوە، جمال لەسەردەمی منداڵیدا بەجۆرێكی شلەژاوی ژیاوە، پاش ئەوەی دایكی كۆچی دوایی كرد كە هێشتا لەتەمەنی هەشت ساڵیدا بوو،

لەچەند قوتابخانەیەكی ئایینی و بچووكی تر خوێندنی بەسەر بردووە، لەخوێندنگای (النهضة) ئەستێرەی بەدەركەوتووە كاتێ بەشداری ڕێپێوان و خۆپیشاندانی دەكرد و وتاری دەخوێندنەوە لەو بۆنانەدا، لەنامەكانی بۆ خێزان و كەس و كاری باسی لەخوشەویستی وڵاتەكەی دەكات لەزۆر بۆنەدا بەدڵ تەنگیەوە دەپرسێ، كێ دەتوانێت وڵات بنیات بنێتەوە دوور لەداگیركاری تاگەلی میسر مافەكانی خۆی بەدی بێنێت.

ئەم جۆرە تێروانینە زاڵ بوو بەسەر هەست و دەروونی و پاڵی نا بەرەو كۆلیژی سەربازی و پێك هێنانی ڕێكخستنێكی شۆرشگێرانەو هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ڕزگاركردنی وڵات، هەر هەمان تێروانین بوو پاڵی نا بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی سیاسی جیهانی عەرەبی بكات.

جمال لەسەرەتای دەسەڵات بەدەس گرتن كەسێكی شەرمن و دوورە پەرێز بووە، بێ دەنگ و كەم بەشداری گفتوگۆكانی دەكرد.

لەرووداوە سیاسیە گرینگەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری جمال عبدالناصر ساڵی ١٩٥٤ تووشی تەقەلێکردن هات بەمەبەستی کوشتنی لەلایەن کۆمەڵی (ئیخوان المسلمین) ئەم هەوڵە بیانوی دایە دەست جمال بۆ لێدانی بزووتنەوەی (ئیخوان المسلمین) و زیندانی کردنی سەدان ئەندامانی ساڵی ١٩٥٥ رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەکۆنگرەی دەوڵەتە بێ لایەنەکان کەلە شاری باندونگی ئەندۆنوسیدا بەسترا.

لە ١٩٥٦/٧/٢٦ بریاری خۆماڵی کردنی (نۆکەندی سویس)ی دەرکرد بەهۆی پەشیمان بوونەوەی بەریتانیاو ئەمەریکا لە هاوکاری کردنی میسر بۆ دروست کردنی (بەستی عالی) سەر رووباری نیل.

ئەم بریارەی جمال بووە هۆی هێرشی سێ قۆلی بۆ سەر میسر لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ لەلایەن لەشکری بەریتانیاو فەرنساو ئیسرائیل، جەماوەری عەرەبی و رای گشتی پشتگیری جمالیان کردو لەژێر فشاری نێودەوڵەتی سوپای بێگانە کشایەوەو میسر سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

یەکەم پرۆژەی دەستوری نوێی دەرکردو راپرسی لەسەر کرا لەلایەن گەلەوەو لەو راپرسیە بریاری دانانی جمال عبدالناصر درا وەك سەرۆك کۆماری میسر لەساڵی ١٩٥٧، هەروەها یەکەم ئەنجومەنی نێونەران پێك هات لەپاش شۆرشی ساڵی ١٩٥٢.

لەشوباتی ١٩٥٨ یەکەم کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پێکهات لەنێوان هەردو وڵاتی میسر و سوریا، لەنێوان میسرو یەمەن یەکێتیەکی فیدرالی پێکهات، هەروەها لە ١٩٦٣/٤/١٧ یەکگرتن لەنێوان میسرو سوریاو عێراق ئیمزاکرا.

لەم ساڵانەدا جمال عبدالناصر هەموو تواناکانی میسرو خۆی بەکاهێنا لەپێناوی چەسپاندنی بیروباوەری ناسیونالیستی عەرەبی، لەم بوارەدا رادیۆی

(صوت العرب) و دەزگایەکی فراوانی رۆژنامەکان و ئامرازەکانی راگەیاندن و تۆرەکانی هەوالگری بەکار هێنران، و تارەکانی بەردەوام وەك مۆسیقا لێدەدرانەوە.

لەپاش شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ عێراق، لەگەرمەو خۆشی ئەو رووداوە جمال لەوتارێکیدا ئەم جۆرە ئاخاوت :

" لەکۆتاییدا نەتەوەی عەرەب رزگار بوو لەکۆتەکانی، جەماوەری عەرەب باوەری بەخۆی هاتەوەو دڵنیابوو لەنیشتمانەکەی و دەبێت ئاڵای ئازادی بەسەر عەمان و بەیروتدا بەرز بێتەوە"

جمال بەردەوام لەسەر هەمان رێباز، هێزی سەربازی رەوانەی وڵاتی (یەمەن) دەکرد بۆ پشتگیری حکومەتی کۆماری دژ بەرژێمی پاشایەتی کۆنەپەرست کە عەرەبی سعودی پشتگیری دەکرد، لەم بوارەدا لەشکری میسر تووشی زەلکاوێك هاتبوو ئاسان نەبوو دەرباز بوونی.

لەمانگی تموزی ١٩٦١ حکومەتی جمال کۆمەڵە بریارێکی دەرکرد کە مۆرکی سوسیالستی پێوە دیاربوو تیادا زەوی زاری دابەشکرد بەسەر جوتیاران و رادەی بەرزی مولکداری کشتوکاڵی بە (١٠٠) فەدان دیاریکرد کەبەدەس دەرەبەگ بمێنێت، دام و دەزگا گەورەکانی خۆماڵی کرد لەهەموو ئەنجومەنە هەلبژێراوەکان نیوەی کورسیەکانی بۆ نیونەرانی کرێکارو جوتیاران تەرخان کرد، لەگەڵ بەشداری کردن لەئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیاکان.

لەساڵی ١٩٦٢ لەکۆنگرەی نیشتمانی هێزەکانی کار، پەیمانێك بریاری لەسەر درا لەوپەیمانەدا پابەندی بەرێبازی شۆرشگێرانە ئاشکرا کرا لەسەر بنەمای سوسیالستی زانستی و ناسیونالیستی عەرەبی.

هەر لەم کۆنگرەیە بڕیاردرا لەسەر سیستەمی (الاتحاد الاشتراکی العربی) کە جێگای (الاتحاد القومی)ی ساڵی ١٩٥٧ وە ئەنجومەنی رزگاری خوازی ساڵی ١٩٥٢ گرتەوە.
لەبواری دەرەوە پشتگیری شۆرش و راپەرینە جەماوەریە عەرەبیەکانی راگەیاند پشتگیری شۆرشی جەزائیر و یەمەنی کرد بەهەموو توانایەك.
لە ٦/٥/ ١٩٦٧ جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل هەڵگیرسا، شەرەکە لە سێ بەرەدا بوو لە (٩)ی حوزەیران و پاش چوار رۆژی شەڕ جمال عبدالناصر لەوتارێکدا دانی بەتێشکانی هێزەکانی دانا لەو جەنگەدا، ئەم شکستە سەربازیە شکستێکی گەورەی عەرەب بوو بەتایبەتی بۆ کەسایەتی بەناوبانگی ئەوسەردەمەی جمال عبدالناصر، بۆیە بڕیاری دا واز لەبەرپرسیاریەتی بهێنێت و دەسەلەکار بکێشێتەوە، بەلام پاش خۆپیشاندانە جەماوەرییە فراوانەکان، لەبریارەکەی خۆی پەشیمان بۆوە.
ساڵی ١٩٦٩ تووشی نەخۆشی دڵ هات و لەئێوارەی ١٩٧٠/٩/٢٦ کۆچی دوایی کرد، لەرۆژی ناشتنی تەرمەکەی جەماوەر بەملیۆن رژانە سەر شەقامەکان و بەدوای تەرمەکەی دەرۆیشتن.
جمال عبدالناصر کەسایەتیەکەی خاوەن ئاکارو سیمایەکی زۆر ئاڵۆز بوو زیاتر لایەنی گۆشەگیری هەبوو، نهێنیەکانی دەشاردەوە، برادەری نەبوو بەپێی پێناسەی برادەری، زیاتر هاوڕێی (عبدالحکیم عامر)بوو کە کۆتاییەکی غەمگینی هەبوو، زۆر دژی بێگانە بوو.
بەرنامەی کاری رۆژانەی وەك هەر هاوڵاتیەکی میسری ساکار، خواردنی پاقلەی کوڵاو بوو لەگەڵ ماست، رۆژانە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دەخوێندەوە، سەرەنجی راپۆرتەکانی دەداو سەرەڕای ئارەزووی کوێگرتن لەمۆسیقا.

جمال خێزانەکەی لەخانوویيەکی ساکاردا دەژیا لەقاهیرە، خاوەن خێزانێکی گونجاو رێك و پێك بوو.
حەزی لەکۆکردنەوەی (مل پێچ) و (وێنە) دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

# یاسر عرفات (٧٤)

محمد عبدالرؤف عرفات لە ٢٤/ ٨/١٩٢٩ لەدایك بووە، شوێنی لەدایك بوونی دیار نیە، خوێندنی لەوڵاتی میسر تەواو کردووە دەرچووی زانکۆی قاهیرەیە لە بواری ئەندازیاری ساڵی ١٩٥١.
ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ هەلگیرساندنی شۆڕشی عبدالقادر حوسینی، یاسر عرفات پەیوەندی بە شانە نهێنیەکانەوە هەبوو، لێهاتووی پیشانداوە لەگەیاندنی چەك بەتێکۆشەران.
لەنێوان ساڵانی (١٩٥١ – ١٩٥٧)ز بووە بەسەرۆکی یەکێتی قوتابیانی فەلەستین لە قاهیرە و لەهەمان کاتدا لەسوپای میسر وەك ئەفسەری یەدەگ کاری کردووە.
لەساڵی ١٩٥٧ تا ساڵی ١٩٦٥ بەکاری ئەندازیاری خەریك بووە لەوڵاتی کوێت.
لەو فەلەستینیانەی یاسر عرفات پەیوەندی لەگەڵیاندا پەیدا کردبوو هەموو ئەندامانی گروپی سیاسی جۆراوجۆری باوی ئەو سەردەمەبوون لەخاوەن بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی و ئیسلامی..تا نەتەوەپەرستانی عەرەب.
بەمەبەستی یەك خستنی هەوڵ و خەباتیان، یاسر عرفات بۆ هەموو ئەو لایەنانە بیرورایەکی زۆر ساکاری دەربڕی ئەویش بریتی بوو لەوەی کە فەلەستینیەکان خاوەن پێناسەیەکی تایبەت و سەربەخۆن و جیاکار لەوەی کەعەرەبن، ئەم بیروباوەڕە چەسپا لەهەست و مێشکی هەمووان و بووە هۆی دامەزراندنی رێکخراوێك بەناوی (بزووتنەوەی رزگاری خوازی فەلەستین)

(فتح) لەساڵی ١٩٥٦، ئەم هەنگاوە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشێك بوو لەناو فەلەستینیەكان.
ئەم ڕێكخراوە وەك هەر ڕێكخراوێكی تری فەلەستینی لەدەرەوەی خاكی فەلەستین دروست بوو چەكی دەستی تەنها ووشەو وتار بوو كەداوای ڕزگاری فەلەستین و چەك هەڵگرتنی دەكرد و بانگەوازی بۆ هەموو عەرەب ئەوە بوو كە پشتگیری ئەم خەباتە بكەن.
(فتح) لەوە گەیشت كە ئەو شێوازە لەخەبات بێ ئاكامە، بانگەوازەكەی گۆڕانی بەسەردا هات و جیاوازییەكی تێدا بەدی دەكرا ئەویش داواكردن بوو لە فەلەستینیە كۆچ كردووەكان كە بگەڕێنەوە بۆ سەرخاكی فەلەستین لەبەر ئەوەی ئەركی سەرشانی ئەوان بۆ ڕزگاركردنی وڵاتەكەیان لەپێشترە تاجەماوەی عەرەب لەوڵاتانی تر.
ساڵی ١٩٥٩ ڕێكخراوی (فتح) یەكەم ژمارەی گۆڤاری (فەلەستین)ی دەركرد ئەم گۆڤارە ناسرا بەوەی كە هێرشی دەكردە سەر ئەو ڕژێمە عەرەبیانەی دووا دەكەون لەیارمەتیدانی گەلی فەلەستین.
ساڵی (١٩٦١) ڕێكخراوی (فتح) دركی بەوە كرد كە گۆڕانكاریەكی گشتگیر پێویستە بكرێت لەسەر هەموو پەیكەرە ڕێكخراوەییەكانی ئاشكراو نهێنی بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن لەهەر قۆناغێك بەپێی پێداویستیەكانی گۆڕانكاری، ئەم ڕێكخراوە لەو ڕاستیە تێگەیشت كە دووره لەخاكی فەلەستین و ئەو جەماوەرەی لەژێر خێوەتەكان دەژین بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو گەنجە ئاوارە بووانە هەموو لە ڕیزەكانی خۆی كۆبكاتەوە كە تووشی بێ ئومێدی هاتوون لەهەست و بیریان.

ڕێکخـراوی (فـتح) کەیاسـر عرفـات رابەرایـەتی دەکـرد سـوودی لـەناوبانگی وەرگـرت بـۆ پەیـدا کردنـی چـەك و پـارە لەرژێمـە عەرەبیـەکان و هـەروەها پشتیوانی و هاوکاری کردنی جەماوەری عەرەب.

سـاڵی ١٩٦٧ ڕێکخـراوی (فـتح) ورێکخـراوە تێکۆشـەرەکانی تـری فەلەسـتینی باوەڕیـان وابـوو کـە رزگـارکردنی خـاکی فەلەسـتین تـەنها لـە ڕێگـای سـوپای وڵاتانی عەرەب و پشتگیری سیاسیەوە دەبێت.

بەڵام کاتێ جەنگی ساڵی ١٩٦٧ هەڵگیرسا لەنێوان ئیسرائیل و لاتانی عەرەب کە زیاتر لەسەد هەزار فەلەستینی تر دەربەدەرو ئاوارە بوون و بەشێکی فراوانی فەلەسـتین ئیـسرائیل داگیری کـرد ئـەو بیروبۆچوونانەیان وەك خـەون هاتـە پێش چاو و تێگەیشتن کە سوپا عەرەبیەکان ڕێگا چارە نیە بەڵکو ڕێگا چارە تـەنها ڕێکخستنی تێکۆشـان و بەرەنگاربوونەوەیـە لـەڕێگای پـشتگیری کردنـی خـەباتی فەلەسـتینیەکان و کردنـەوەی سـنور بۆیـان بـۆ جـێ بـەجێکردنی ئامانجەکانیان بەهۆی کرداری خۆبەختکردن.

لەو سەردەمەوە بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٦٨ ڕۆڵی یاسر عرفـات زیـاتر بـەر چاو ئاشکرا تر دەبوو.

پـاش ئـەم ڕووداوانـە ڕێکخـراوی (فـتح) پێگـەی بـەهێزتر دەبـوو لای سـەرکردەکانی عـەرەب، شـا حـسین و جمـال عبدالناصـر پێـشوازیان لەسـەرکردەکانی (فـتح) دەکـرد و پـشتگیریان بـۆ هـەموو ڕێکخراوەکـانی تـری فەلەستین دەردەبڕی .

ساڵی ١٩٧٤ ڕێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستینی بووە تەنها نوێنەری شـەرعی گـەلی فەلەسـتینی، یاسـر عرفـات لەبازنـەی (فـتح)وە وەك پاڵـەوانێك و سومبلێکی کێشەی فەلەستین لەسەر ئاستی جیهانی ناسرا.

پاش جەنگی ساڵی ١٩٧٣ دەوڵەتە عەرەبییەکان دانیان نا بەشەرعیەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وەك تەنها نوێنەری گەلی فەلەستین، یاسر عرفات گەیشتە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان و لەوێدا وتارێکی بەناوبانگی خوێندەوە کەتیایدا بەدەنگی بڵند ووتی:

" هاتوومە چڵی زەیتون و چەکی تێکۆشەرێکم هەلگرتووە بۆتان، ڕێگا مەدەن چڵە زەیتونەکەم لەدەس بکەوێت"

نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکیان دەرکرد دانیاننا بەوەی کە : گەلی فەلەستینی لایەنێکی بنچینەییە لەدروست بوونی ئاشتیەکی ڕاستەقینەی گشتگیر و بەردەوام لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوە ڕاست".

ساڵی (١٩٧٥) ناکۆکیەکانی نێوان لوبنان و فەلەستینیەکان تەقیەوەو بووە هۆی دەس تێوەردانی سەرۆکی سوریا (حافظ الاسد) هەروەها پاش دەس پێشکەرییەکەی سەرۆك (انور السادات) بەرامبەر ئیسرائیل، یاسر عرفات کەوتە هەوڵی پێك هێنانی بەرەیەك بەناوی بەرەی (الصمود والتصدی) کە بۆ دژایەتی بڕیارەکەی سادات و هەلگیرساندنی جەنگ دژ بەئسرائیل لەباشوری لوبنانەوە پاشان هێرش کردنەکەی سەر بەیروت ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ئیسرائیلەوە دروست بوو.

ساڵی ١٩٨٧ قۆناغێکی نوێ لەشۆڕشی فەلەستینی دەستی پێکرد کە بریتی بوو لە پەلامار دانی سوپای ئیسرائیل و بەکارهێنانی شێوازی بەرهەڵستی کردن بە (بەرد) ئەم جولانەوەیە ناوی لێنرا (شۆڕشی بەرد) کە زۆربەی شارەکانی فەلەستینی گرتەوەو سەرنجی جیهانی زیاتر بەرەو کێشەی فەلەستین ڕاکێشا.

یاسر عەرەفات بەرپرسی یەکەمی سەرەکیە لەبوژاندنەوەی گیانی نیشتمانی فەلەستین بەلێهاتوویی خۆی توانی یەکگرتوویی لەنێوان بەشەکانی گەلی

فەلەستین دروست بکات و پێناسە وونبووەکەی بۆ دەربهێنێ و هانی گیانی شکۆیی و گەورەیی لاپەیدا بکات.

یاسر عەرەفات بەوریایی و ئازایەتی خۆی لەماوەی چەندین ساڵ کە بەبێنەوبەرد ناسرابوو توانی بەرامبەر بەهەوڵەکانی سەرۆک جمال عبدالناصر و حافظ اسد و شا حسین بوەستێت و ڕێگای نەدا هیچ سەرکردەیەکی عەرەب ویستی خۆی بەسەر فەلەستنیەکان بسەپێنێ و هەروەها رازی نەبوو بەوەی ڕێگا بەئەمریکاو ئەوروپا و ئیسرائیل بدات مامەڵەیان لەگەڵدا بکات وەك پەناهەندەو ئاوارە.

کێشەی فەلەستین بەهۆی یاسر عرفات بووە گرێ ناکۆکیەکانی نەك تەنها لەگەڵ ئیسرائیل بەڵکو چوونە ناو جیهانی عەرەبی و تێگەیشتن لەکێشەو ناکۆکیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و جیهاندا.

ساڵی ١٩٩٤ ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان مۆرکرا بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەسەڵاتداری فەلەستین لەسەر ناوچەی ڕۆژ ئاواو کەرتی غەزە دامەزراو یاسر عرفات بەسەرۆك هەلبژێردرا.

لە ٢٠٠٤/١١/١١ یاسر عرفات پاش نەخۆشیەکی چەند مانگی لەوڵاتی فرنسا کۆچی دوایی کرد.

# نیلسون ماندێلا (٧٥)

لەشاری ترانسکی ئەفریقیای باشور ١٩١٨/٧/١٨ لەدایك بووە، باوکی یەك لەسەرۆك خێڵەکان بووە، ماندێلا یاسای خوێندوە لەکۆلیجی فۆرت هێر لە ساڵی ١٩٤٢ تەواوی کردووە.

جۆتە ناوریزەکانی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا ( ANC ) لەساڵی ١٩٦٤ و لە دژی سیاسەتی ئاپارتید (Apartheid) خەباتیان کردووە، کە لەلایەن سپی پێستەکان بەکار هێنراوە.

پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا رێگای کارکردنی ئاشکرای لێ قەدەغەکراوە ماندێلا لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ پێش نیاری بۆ سەرکردایەتی حزبەکەی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی شێوازی شۆڕشگێرانە بگرنە بەر دژ بەسیاسەتی سپی پێستەکانی وڵاتەکەیان، بەڵام پێش نیارەکەی پەسند نەکراوە.

بۆیە لەگەڵ چەند هاورێیەکی رێکخراوێکی نهێنیان دروست کرد لەژێر ناوی ( ئومخونتو وی سیزوی ئەمکا) کەبە مانای (رمی نەتەوە) دێت و بەکورتکراوی پێیان ئەوت رێکخراوی (ئەمکا)، کاری ئەم رێکخراوە بریتی بوو لەبەکارهێنانی شێوازی توندو تیژی و بەرەنگار بوونەوەی هەڵس و کەوتەکانی رەگەز پەرستانی ئەفریقیای باشوور.

ماندیلا لەساڵی ١٩٦٢ دەسگیرکرا بەتاوانی هەوڵدان بۆ روخاندنی رژێمی رەگەز پەرستی لەئەفریقیای باشور پاش دادگایی کردن بڕیاری زیندانی کردنی بۆ ماوەی پێنج ساڵ درا.

لەساڵی ١٩٦٣ چەند کادیرێکی رێکخراوی ئەمکا دەسگیرکران و درانە دادگا، لێرەدا ماندێلا جارێکی تر تووشی دادگایی کردن هات لەگەڵ ئەم دەستە کادیرە و بۆ ماوەی هەتاهەتایی بڕیاری زیندانیان دەرکرد.

ماندیلا پێش دەسگیر کردنی یەکەم جار لەساڵی ١٩٦٢ بەنوێنەرایەتی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لەشاری (ئەدیس ئەبابا) بەشداری کۆنگرەی بزافی نەتەوەیی رزگاری ئەفریقیای رۆژهەڵات و ناوەڕاست و رۆژئاوای کرد.

لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٨٠ هەڵمەتێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهانی سازکرا بۆ ئازاد کردنی ماندێلا هەروەها لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان راپۆرت و بابەتی تایبەت بڵاوکرایەوەو زیاتر لەیەك ملیۆن ئیمزا کۆکرایەوە بۆ زرگارکردنی لەزیندانی.

هەر لەهەمان ساڵدا خەڵاتی سەرۆکی هیند (نەهرۆ)ی بەرکەوت دەربارەی مافەکانی مرۆڤ.

لەو سەردەمەدا چەندین بزافی سیاسی بەهێز لەوڵاتی ئەفریقیای باشور سەریان هەڵدابوو. ئەو بزافانە پەیوەندییان بەحزبی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی هەبووە لەوانە بەرەی دیموکراتی یەکگرتوو کەماندیلا یان بە سەرۆك هەلبژاردووە، ئەم بەرەیە بۆ ئەوە دامەزرا تانارەزاییەکان رێك بخات دژ بەدەستووری نەژاد پەرستی نوێی ساڵی ١٩٨٣ و هەلبژاردنی پەرلەمانی سێیەم ساڵی ١٩٨٤.

زۆری نەخایاند بەرە بووە ڕێکخراوێکی بەهێزو زیاتر لەشەش سەد ڕێکخراوی دژ بەنەژاد پەرستی هاتە ژێر باڵی وەك سەندیکاکانی کرێکاران و کۆمەڵە میللیەکان و یەکێتیەکان و خوێندکاران و کەنیسەکان.

لەم مایەوەدا حزبی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی گەشەیەکی میللی نوێی بەخۆیەوە بینی بەپێی بیروبۆچوونەکان دەرکەوت ناودارترین و بەکارترین ڕێکخراوی سیاسیە لەناو هەموو ئەفریقیەکان ئەگەر چی ئەوە چارەکە سەدەیەکە کاری سیاسی لێ قەدەغەکراوە.

بەهۆی گۆڕانکارییەکان چ لە ئەنجامی ناڕەزایی وفشارە دەرەکیەکان بێت یان هۆشیاری و گەشە سەندنی ڕێکخراوە سیاسیەکانی پێست ڕەشەکان بێت، لەناو وڵاتی ئەفریقیای باشور ساڵی ١٩٩٠ گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیاسەتی ئەم حکومەتە ڕوویدا بەهاتنی دوکلیرك بۆ سەرۆکایەتی حکومەت.

سەرەتا پەیوەندی و گفتوگۆکان بەشێوەی نارەسمی لەگەڵ لایەنە پێست ڕەشەکان هەنگاوی نا ئەکتەری سەرەکی ئەم پەیوەندییانە ماندیلا بوو کە هەر لەزیندانەوە یەکەم کۆبوونەوەی ڕەسمی دەستەی کاری نهێنی لەمانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨ لە یانەیەکی گەورەی ئەفسەران لەنزیك زیندانی (پوللسموز) سازکرا، دانیشتنەکان بەسوود بوون، لەساڵی ١٩٨٨ ماندێلا لەزیندان ئاگادار کرایەوە کەسەرۆك (بۆتا) دەیەوێت چاوی پێ بکەوێت.

حکومەت باری نائاسایی بەسەر وڵاتدا سەپاندبوو، پاڵەپەستۆی نێو نەتەوەیی هەر بەرەو زیاد بوون دەچوو، چەندین کۆمپانیای جیهانی پرۆژەکانی کێشاوەیەوە کۆنگریسی ئەمریکا بڕیاری ئابلوقەی گشتی دژ بەئەفریقیای باشور دەرکرد.

لەرۆژی ٢/شوبات/١٩٩٠ لەسەر سەکۆی پەرلمان بۆ یەکەم جار (دوکلیرك)، سەرۆکی حکومەتی ئەفریقیای باشور لەوتاری ئاسایی خۆی بۆ کردنەوەی پەرلمان، هەنگاوی یەکەمی هەڵوەشاندنەوەی رژێمی نەژاد پەرستی و دەروازەی وڵاتێکی دیموکراسی بۆ ئەفریقیای باشور راگەیاند.

لەرۆژی ١١/شوبات/١٩٩٠ ماندێلا ئازاد کرا پاش ماوەی بیست و حەوت ساڵ زیندانی.

یەکەم کاری ماندێلا کۆبوونەوە بوو لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا پاش دوو هەفتە کۆبوونەوە بەسترا لەگەڵ لیژنەی جێ بەجێکردنی گشتی حزب لەو دیدارە چەند سەرۆکێکی وڵاتانی ئەفریفیا ئامادە بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا ماندێلا بەجێگری سەرۆکی حزب هەڵبژێردراو (الفرید انزو)ی سکرتێری گشتی بوو بە سەرۆك و جێگرەکەی (اولیفەر تامبو) بوو.

پاش ساڵ و نیوێك لەدانوستانی لابەلا لە ٢٠/تشرینی دووەم/١٩٩١ دانوستانی راستەقینە لەژێر ناوی (لەپێناوی دیموکراسی ئەفریقیای باشوور)دا دەستی پێکرد، ئەم دانوستانە هەموو لایەکی کۆکردەوە، ناوەکەی بەئینگلیزی کورت کراوە بۆ ( Codesa) کودیسا.

کۆنگرە یەکەم سەکۆی دانوستانی رسمی نێوان حکومەت و پارتی کۆنگرەو حزبە سیاسیەکانی تر بوو لە ئەفریقیای باشوور بەبەشداربوونی نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمەڵەی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی رێکخراوی یەکگرتووی ئەفریقیاو وڵاتانی کۆمونویلس.

پاش گفتوگۆیەکی زۆرو دوورو درێژ کەپر بوو لە رووداو و تەگەرەو ململانێ بریار درا لەسەر پێك هێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی بۆ ماوەی

(٥)سالْ پاش ئەم پێنج ساڵە ببێتە حکومەتێکی زۆرینە، هەروەها رێککەوتن لەسەر ئەوەی لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٣ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت و دەستورێکی نویٚ بۆ وڵات دابنرێت.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٤ هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام درا، لەو هەلبژاردنە پارتی گۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا بەرێژەی (٦٢٪) کە نیلسون ماندێلا رابەرایەتی دەکرد، بەمە زۆرینەی کورسیەکانی ناو پەرلەمان بووە بەشی ئەم پارتە.

سەرکردەی لێهاتووتێکۆشەر (ماندیلا) بووە سەرۆکی ووڵات، لەهەلبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ دیسان زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە (پابۆجیکی) کە جێگری ماندێلا بو بووە سەرۆکی وڵات تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤.

هەولێرنامەی کتێب

## کورتەیەك لەبیرەوەریەکانی ماندیلا بەنووسینی خۆی :

- دەربارەی چالاکی حزبایەتی نهێنی :

گرینگترین شت لەکاری نهێنی ئەوەیە بتوانی لەپێش چاوان دوور کەویتەوە، مرۆڤ دەتوانیٚ خۆی وانیشان بدات دوور لەدیتن بێت و زوو هەستی پیٚ نەکرێت، سەرکردە کۆشش دەکات کە لەبەر چاوان دیاربێت، بەلاّم خەلکی راونراو بەپێچەوانەوەیە.

لەمانگەکانی یەکەمی راونانمدا لەلایەن پۆلیسەوە رۆژنامەکان زۆر بایەخیان بەچالاکیەکانمدا راپۆرتەکانیان لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکانیان بەدرێژی باسی جولەو شوێنەکانی منیان دەکرد...نازناوی گوڵە رەشەکەی بەهاریان لێنام.

- لەبوارێکی تردا نووسیویەتی :

من وا ئەم ڕێگایەم هەڵبژارد نەخۆم تەسلیم دەکەم و نەخوارووی ئەفریقیاش جێ دەهێڵم، ئازادی تەنها بەزەحمەت و قوربانی و دژایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوە دەست دەکەوێت، خەبات ژیانمە و لەکۆڕی خەبات بەردەوام دەبم بۆ ئازادی هەتا مردن.

- لەسەر ڕەفتاری دووژمنان نووسیویەتی :

دەستەیەك لەپیاوانی عەشیرەتی (بتمبو) ساڵی ۱۹۸۰ هاتنە سەردانم لەزیندان دیارە حکومەت کەبواری دابوون بێنە لام بۆ ئەوە بووە کارم تێبکەن و بەلای کاروباری هۆزەکان ڕام کێشن و لەخەباتی ڕزگاری خوازی دوورم بخاتەوە.

حکومەت کاری بۆ ئەوە دەکرد، تا جەماوەی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی کەم و لاواز بکات، ئەوەش بەبایەخدان بەسەرکردە باوە عەشایریەکان.

- دەربارەی ژیانی ناو زیندان نوسیویەتی:

لەمارسی ۱۹۸۲ گوازرامەوە زیندانی (پوللسمور)ی ئاسایش کە لەزیندانە پلە یەکەکانە، لەنزیك کیپ تاوان، ئێمە هەژدە ساڵ لەناو یاتاغی خراپ و لەسەر زەوی ڕەق بەڕێوەمان دەبرد.

ژوورەکە (لەم زنیدانە) لەچاو ژووری زیندانی دوورگەی (ڕووبین) زۆرێك بوو لەئوتێلی پێنج ئەستێرە دەچوو.

- لەبوارێکی تردا نووسیویەتی :

ئازایەتی و خۆڕاگری لەو پیاوانە فێر بووم، زۆر پیاوو ژنم دەبینی بۆ هەلوێستەکەی گیانی خستە مەترسی، پیاوانی زۆرم بینی ئازارو ئەشکەنجەدران بەڵام ورەیان بەرنەدا و هێزو بەرگرییان بێ وێنە بوو، من فێر بووم کە ئازایەتی لەنەترسان پەیدا نابێ بەڵکو لەسەر کەوتن بەسەریدا دروست دەبێت.

# پەراوێزو سەرچاوەکان


١) کۆمەڵناسی حزبە سیاسیەکان، روبرت میشیل، وەرگێران یاسین حاجی زادە، ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە/٢٥٥.

٢) المعجم الحدیث للتحلیل السیاسي، وەرگێران/سمیر عبدالرحمن الدار العربیة للموسوعات/بیروت، لاپەڕە/٢٤٠.

٣) وجوه القائد، منى خویص، چاپی١ ساڵی ٢٠٠٥ لاپەڕە/١١١.

٤) القائد بین السیاسة والسلطة والنفوذ – قصي محبوبة ط١/٢٠١٠ لاپەڕە ١٩.

٥) مجلة – دراسات الاجیال – چاپی ١ ساڵی ١٩٨٤، بغداد/ بابەتی نوسەر /وهیب مجید، یونس صالح.

٦) سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی – ئیدریس ابراهیم گەلاڵی ساڵی ٢٠٠٨/ دەزگای سەردەم، لاپەڕە (١٨) .

٧) وجوه القائد، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٤٠.

٨) وجوه القائد، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٤٠.

٩) السبیل الى القیادة – مونتگمری، وەرگێران – حسن مصطفى ساڵی ١٩٦٦ بیروت چاپی ١ لاپەڕە/١٤.

١٠) مجلة – دراسات الاجیال – سەرچاوەی پێشو – هەمان بابەت.

١١) مجلة – دراسات الاجیال – سەرچاوەی پێشو – هەمان بابەت.

١٢) دلیل التدریب القیادي – هشام الطالب – چاپی ٢ ساڵی ٢٠٠٢، المعهد العالمي للفکر الاسلامی، واشنطن لاپەڕە/٥٢.


هەواڵنامەی کتێب

١٣) القائد بين السياسة والسلطة والنفوذ - سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٥.
١٤) موسوعة علم الاجتماع - د. احسان محمد الحسن - چاپی١ ساڵی ١٩٩٩ الدار العربية للموسوعات - لاپەڕە/٤٠٥.
١٥) وجوه القائد، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٢٢.
١٦) فن القيادة والتوجيه - اردوای تیر / وەرگێران - محمد عبدالفتاح دار النهضة العربيه - بيروت - ١٩٦٥، لاپەرە/٦.
١٧) التغيير الاجتماعي والثقافي - د. دلال محسن، دار وائل للنشر/ عمان، چاپی ١ ساڵی ٢٠٠٤ - لاپەڕە/٥٥.
١٨) كيف تكون قائداً أصلاً - روب جونى - حاريث جونز، وەرگێران /اسامه ابر - چاپی١ ساڵی ٢٠٠٧ لاپەرە/١٢٢ .
١٩) المدير الناجح - عبدالكريم راضي - دار مكتبه الهلال- چاپی ١ ساڵی ٢٠٠٠ لاپەرە /٧٠
٢٠) السلوك التنظيمي - د. احمد ماهر - الدار الجامعية الاسكندرية چاپی ١ ساڵی لاپەرە /٢٢٢ - ٢٢٣
٢١) نخبة القادة الاداريون - موكوبانديا، روبی شيل - وەرگێران الدار العربيه للعلوم - بيروت چاپی ساڵی ٢٠٠٥ لاپەرە /١١
٢٢) دليل التدريب القيادي - هشام الطالب - چاپی ٣ ساڵی ٢٠٠٢ ، المعهد العالمي للذكر الاسلامی واشنطن - لاپەرە/٦٥.
٢٣) مجلة - دراسات الاجيال -سەرچاوەی پێشوو.
٢٤) ركاربەریەكان وئامادەكردنی سەركردایەتیەكانی ئاینده - د. يحيى عبدالكريم - وەرگێران - محمد فاتح ٢٠٠٨ لاپەرە/٤٨.

٢٥) وجه القائدة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/ ٤١-٤٢.

٢٦) سەرکردە و لێکۆلینەوەی زانستی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٣٣.

٢٧) مجلة – دراسات الاجیال – سەرچاوەی پێشوو.

٢٨) السلوك التنظيمي – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/٣٢٢ – ٣٢٣.

٢٩) القائد بين السياسة والسلطة والنفوذ – سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٣١.

٣٠) القيادة اساسيات – ونظريات ومفاهيم، د. ماهير محمد ط١/٢٠٠٤ ص٣٢.

٣١) كيف تكون قائداً اصيلاً – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/٣٠.

٣٢) رکاریەکان و ئامادەکردنی سەرکردایەتیەکانی ئاینده سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/٢٠ – ٢١.

٣٣) وجوه القائد – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/١١٠.

٣٤) المدير الناجح – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٢٣٨

٣٥) مجلة – دراسات الاجیال – سەرچاوەی پێشو.

٣٦) السلوك التنظيمى – سەرچاوەی پێشوو لاپەرە/٢٠٠ – ٢٠١.

٣٧) المدير الناجح – سەرچاوەی پێشوو لاپەرە/١٠.

٣٨) السبيل الى القيادة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٣٠٠

٣٩) سەرکردەو لێکۆلینەوەی زانستی – سەرچاوەی پێشوو- لاپەرە/٣٣

٤٠) مجلة – دراسات الاجیال – سەرچاوەی پێشوو – هەمان بابەت.

٤١) السلوك التنظيمى – سەرچاوەی پێشو – لاپەرە/٣٢٢ – ٣٢٣

٤٢) سەرکردەو لێکۆلینەوەی زانستی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/٣٩

٤٣) القيادە : اساسيات ومفاهيم، سەرچاوەی پێشو، لاپەرە/٨٠

٤٤) فن القيادة والتوجيه – سەرچاوەی پێشوو – لاپەرە/١٣٥ – ١٦٠

٤٥) دليل التدريب القيادي – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٩٣

٤٦) فن القيادة والتوجه –سەرچاوەی پێشوو – ١٩ – ٢٧

٤٧) سحر القيادة – د. ابراهيم الفقى – چاپی١ ساڵی ٢٠٠٨ دمشق لاپەڕە/١٩

٤٨) دليل التدريب القيادة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٧٦.

٤٩) المدير الناجح – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە ٥١ – ٥٢

٥٠) سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/ ١٣٩ – ١٤٠

٥١) دروس في علم النفس – فارس على العامر – چاپی ١ ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە/٤٦

٥٢) سحر القيادة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٢٠

٥٣) موسوعة علم الاجتماع سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە٢٢٩.

٥٤) لەدیکتاتوریەوە بۆ دیموکراسی – وەرگێران – کارزان محمد، دەزگای چاپ و پەخشی حمدی – ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە/ ٤٧-٤٨

٥٥) علم الاجتماع السياسي، وەرگێران – د. محمد عرب – المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، چاپی ١ ساڵی ١٩٩٨ لاپەڕە ٤٠٤ – ٤٠٥

٥٦) وجوه القائد – سەرچاوەی پێشو – لاپەڕە/١١٨ – ١١٩

٥٧) نظم الحكم والسياسة في القرن العشرين – جوندولين كاتر- جون هيزر – وەرگێران/ماهو نسيم – القاهره /١٩٦٢ لاپەڕە/١٤٦

٥٨) فن القيادة والتوجيه – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٢٣٣

٥٩) نظم الحكم والسياسة في القرن العشرين – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە- ٢٨٨

٦٠) السبيل الى القيادة – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/٦٥-٦٨
٦١) فەرهەنگی کارگێڕی (شەهاب) – ئامادەکردنی شەهاب مصلح چاپی ١ ساڵی ٢٠١٠ هەولێر
٦٢) سەرکردەو لێکۆڵینەوەی زانستی – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/١٩
٦٣) المدیر الناجح – سەرچاوەی پێشوو – لاپەڕە/١٤٦.
٦٤) الادارة والاشراف . د. حسن خطاب – چاپی ١ ساڵی ١٩٩٧ بغداد – لاپەڕە (٩-١٠)
٦٥) المنجد في اللغه والاعلام – ساڵی ١٩٧٢ – دار المشرق ح بیروت.
٦٦) السبیل الى القیاده – سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٦.
٦٧) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.
- ناپلیون – وەرگێڕانی عمر رسول – چاپی١ ساڵی ٢٠٠٨ سلێمانی.
- مێژووی شۆڕشی فەرەنسا- وەرگێڕانی دلاوەر عبدالله – سلێمانی ساڵی ٢٠٠٦
- الموسوعة السياسية ، د. عبدالوهاب اكليالى – كامل زهيدى چاپی ١ ساڵی ١٩٧٤ بیروت.
- هونەری سیاسەت – ئامادەکردنی سەمەند زەنگەنە – چاپی١ سلێمانی ساڵی ٢٠٠٧
٦٨) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.
- کتێبی (١٠٠) وەرگێڕانی اسعد قەرەداغی چاپی٢ ساڵی ١٩٩٩ .
- الموسوعة السياسية – سەرچاوەی پێشوو.
- فەرهەنگی سیاسی – زاهید محمدی یاسین حاجی زادە – چاپی١ ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

- گۆڤاری – النهج – ژماره (٢٧) ساڵی ٢٠٠١ بابەتی نووسەر د. قدوری جمیل

٦٩) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- هۆلاو علمونی – سلامه موسی – چاپی٢ – ساڵی ١٩٦٥ لاپەڕە/٣٢
- گۆڤاری – الفکر المعاصر – ژماره (٣٦) ساڵی ١٩٦٨.
- المنجد في اللغه والاعلام – سەرچاوەی پێشوو
- المحررون – اعظم قادة القرن العشرين – عبدالقادر البريفكاني ط١/٢٠٠١

٧٠) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- الموسوعة السياسية –سەرچاوەی پێشو
- الحرب العالمية الثانية – رمضان لاوند – چاپی ٥ ساڵی/١٩٧٧
- نهێنیەکانی هتلر – وەرگێڕانی کارزان عزیز – چاپی١ ساڵی ٢٠٠٦، سلێمانی.

٧١) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- الموسوعة السياسية – سەرچاوەی پێشوو
- ماوتسی تونغ – حیاته – عصره – وەرگێڕانی حسین الحدب
- اليوم الاول في العالم – وەرگێڕانی هلال محمود – چاپی ١ ساڵی/١٩٧٥

٧٢) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- حکومەتی کوردستان – نەوشیروان مستەفا –چاپی٢ ساڵی ٢٠٠٦ سلێمانی
- گۆڤاری –رۆڤار – ژماره (٣٢) تایبەت بەقازی محمد.
- ڕۆژنامەی چاودێر – ژماره (١٣٣) لە ٢٠٠٧/٤/٢٣.

٧٣) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- الموسوعة السياسية – سەرچاوەی پێشوو
- الملفات السرية للحكام العرب – ساندرا مكى –چاپی\ سالی ٢٠٠٤ لاپەڕە/١٥

٧٤) بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- الموسوعة السياسية – سەرچاوەی پێشوو
- الملفات السرية للحكام العرب – سەرچاوەی پێشوو لاپەرە/١٤٣

٧٥) بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- گەشتە دوورەکەم لەپێناو ئازادیدا – نیلسون ماندیلا – وەرگێرانی شیرزاد هەینی – سالی ٢٠٠٥ چاپی\.
- فەرهەنگی رووداوەکانی کوردستان و ولاتانی جیهان
- على كندى – چاپی ١ سالی ٢٠٠٥ هەلێر – لاپەڕە/٣١٣
- المحررون – اعظم قادة القرن العشرين – عبدالقادر البريفكاني ط١/٢٠٠١

هەولامەی کتێب